خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5931) چوارشەممە 12ی شوبات 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

ڕاگەیەندراوی کۆبوونەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی عێراق دەکات

دوایین پێشهاتەکانیان لەسەر ئاستی ناوچەکە و عێراق تاوتوێ کرد



دوێنێ سێشەممە لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە محەممەد عەلی ئەلحەکیم وەزیری دەرەوەی عێراق و شاندێکی یاوەری کرد. لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسی و دوایین پێشهاتەکان لەسەر ئاستی ناوچەکە و عێراق تاوتوێ کرا و ڕۆشنایی خرایە سەر پرۆسەی سیاسیی عێراق و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکانی عێراق و بیرورا لەبارەی بابەتی ڕاسپاردنی سەرۆکوەزیرانی تازەی عێراق ئالۆگۆڕ کرا.
هەر لەو کۆبوونەوەیەدا جەخت لە جێبەجێکردنی داواکاریی خۆپێشاندەران و لەبەرچاوگرتنی داواکاریی هەموو پێکهاتەکانی عێراق کرایەوە. هەڕەشەی هزری تووندڕۆیی و ئەگەرەکانی بەهێزبوونەوەی داعش تەوەری تری ئەو دانیشتنە بوون.

ئەمەریکا هاوکارییەکانی بۆ هێزی پێشمەرگە ئاشکرا دەکات

لە پرچەککردن و هاوکاریکردنی 12 لیوای پێشمەرگە بەردەوام دەبێت

2

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی عێراق دەکات



فازڵ میرانی پێشوازیی لە سکرتاریەت و ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی لاوان کرد



وەکیلی میری ئێزدیان:

ئێزدییەکان دووبارە ڕووبەڕووی مەترسیی داعش دەبنەوە



وەکیلی میری ئێزدیان دەڵێت، گەڕانەوەی خێزان و کەسوکاری تیرۆریستانی داعش بۆ زوممار، مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر ناوچەکە، بە تایبەت بۆ شنگال. جەهودر عەلی بەگ، وەکیلی میری ئێزدیان، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: داعش خۆی مەترسییە و گەڕانەوەی خێزانەکانیشیان، مەترسییەکە گەورەتر دەکات و ئێزدییەکان بەرەوڕووی مەترسییەکی گەورە دەبنەوە لە شنگال. ناوبراو گوتیشی: بە دەست ئەو پاشماوانەی داعش، ئێزدییەکان هەموو ئازارێکیان چەشتووە، بۆیەش جێگیرکردنیان لە کەمپی زوممار، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هزری تووندڕۆیی لە ناوچەکە. وەکیلی میری ئێزدیان، داواش لە حکوومەتی هەرێم و عێراق دەکات، بە زووترین کات چارەسەرێک بۆ ئەم پرسە بدۆزنەوە، بۆ ئەوەی ئێزدییەکان دووبارە ژیانیان نەکەوێتە مەترسییەوە.

عارف ڕوشدی: ئەگەر سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراق مافی کورد دابین بکات هاوکاری دەبین



عارف ڕوشدی ڕاشیگەیاندووە: هاتنی سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان، کە بڕیارە سەردان بکات، کارێکی باشە و دەرگای هەرێمی کوردستان والآیە هەرکاتێک بێت، بەڵام ئێمە پێمان باشە سەرەتا خۆپێشاندەر ڕازی بکات، دواتر لەگەڵ لایەنەکان کۆ بێتەوە، چونکە تا ئێستا کوشتن هەیە و خەڵک دەستگیر دەکرێت و چوار مانگە خۆپێشاندان بەردەوامە، بۆیە ئەو 12 بەڵێنەی داویەتی، پێویستە جێبەجێیان بکات. ئەوکات سەردانی لایەنەکان بکات. باسی لەوەش کردووە: داواکاریی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: پرسی پێکهێنانی حکوومەتی عێراق ئالۆزە و تا ئێستا شیعە لەنێو خۆیاندا کێشەیان هەیە و ئەوەی ئەوان دیاری دەکەن بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران خەڵک پێی ڕازی نییە، بەڵام ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی محەممەد تۆفیق عەلاوی، دەبێتە سەرۆکوەزیران، بۆیە چاوەڕێ دەکەین حکوومەتی نوێ دروست بکات و زۆر دوا نەکەوێت و لە وادەی یاساییی خۆیدا بێت.

ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، هەرکاتێک سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراق بۆ گفتوگۆ لەگەڵ هەرێم لە بارەی پێکهێنانی حکوومەتی نوێ سەردانی هەرێم بکات، دەرگای هەرێم والآیە، بۆیە ئەگەر سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراق مافی کورد دابین بکات، هاوکاری دەبین .عارف ڕوشدی، ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە مالپەڕی کورد ئەوەیە دەستکەوتەکانی کورد پارێزراو بن و ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی پێشوو ئیمزا کراوە جێبەجێ بکرێت و بەپێی دەستووریش مافی کورد دابین بکرێت، ئەوکات ئێمە هاوکار دەبین بۆ ئەوەی حکوومەتی داهاتوو سەرکەوتوو بێت، چونکە ئەرکی ئەو قورسە لەم مانگەدا بتوانێت حکوومەت پێک بێنێت و ئەگەر نەیتوانی کەسێکی دیکە بۆ ئەو کارە ڕادەسپێردرێت.




بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر بۆ خەبات:

دابەشکردنی غازی ماڵان ناکرێتە کۆبۆن



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی عێراق دەکات

مەسرور بارزانی: پشتیوانیی لە حکوومەتێک دەکەین کە پابەند بێت بە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان



دوێنێ سێشەممە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە محەمەد عەلی ئەلحەکیم وەزیری دەرەوەی عێراق کرد.
لە دیدارەکەدا گفتوگۆ دەربارەی دواپێن پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە کرا. جەخت لە گرنگیی سەقامگیربوونی دۆخی عێراق و پێکهێنانی حکوومەتێکی گشتگیر کرایەوە کە جێی رەزامەندی زۆرینەی خەڵکی عێراق بێت و پەیوەندییەکی باشی لە گەڵ هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەبێت.
پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو . سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە ئێمە پشتیوانیی لە حکوومەتێک دەکەین کە پابەندبێت بە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان.

فازڵ میرانی پێشوازیی لە سکرتاریەت و ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی لاوان کرد

یەکێتیی لاوان هەمیشە لە ڕیزەکانی پێشەوەی خەباتدا بووە



دوێنێ سێشەممە لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پیرمام، بەڕێز، فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی، پێشوازیی لە سکرتاریەت و ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان کرد.
کۆبوونەوەکە بە یەک خولەک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و سەروەری شەهیدان بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە لە یاد، دەستپێکرد، کە ئەڤین هەرووری، ئەندامی ئەنجومەنی سکرتاریەتیی پارتی و بەرپرسی مەکتەبی ناوەندە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو، فازڵ میرانی وێڕای بە گەرمی بەخێرهێنانی شاندی میوان، پیرۆزبایی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی بە یەکێتیی لاوان پێشکەش کرد بە بۆنەی 67 ساڵەی دامەزراندنیان و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن.
لەم کۆبوونەوەیەدا، فازڵ میرانی ڕۆڵی گرنگی یەکێتیی لاوانی لە کاتی شۆڕشی چەکداری و کاری نهێنیی پارتایەتیدا بە بەرز و زۆر گرنگ لەقەڵەم دا و تەئکیدی کردەوە کە ڕۆڵی لاوان هەر لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و سەرهەڵدان و دوای سەرهەڵدانەوە ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەر و ئەکتیڤ بووەە و یەکێتیی لاوان هەمیشە لە ڕیزەکانی پێشەوەی خەباتدا بووە. میرانی دوپاتیشی کرد کە کاری ئێستای ئێمە و هەموو ڕێکخراوەکان ئەوەیە کە پارێزەری جوگرافیای خۆمان بین و بە هەموو شێوەیەک بیپارێزین لەبەر ئەوەی ئەگەر ئێمە جوگرافیای خۆمان نەبێت، ناتوانین باسی میژووی خۆمانیش بکەین و ئەمە ئەرکی هەر تاکێکە لەناو کوردستاندا.
هاوکات لە کۆبوونەوەکەدا فازڵ میرانی تیشکی خستە سەر ڕەوشی کوردستان، بەتایبەت ڕەوشی عێراقی تازە و ئاماژەی بەوە دا، کە عێراق پێویستی بە چارەسەری سیاسی هەیە، نەک چارەسەری نیشتمانی، ئەوەش بە ڕێگای ئاشتەوایی لە نێوان هێزە عێراقییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی عێراق وەک وڵات.
لە کۆتاییدا فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی، هیوای سەرکەوتنی بۆ یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان خواست و ئامادەیی پارتی نیشتمان دا بۆ هەر هاوکارییەک و پاڵپشتیکردنیان.

ئەمەریکا هاوکارییەکانی بۆ هێزی پێشمەرگە ئاشکرا دەکات

لە پرچەککردن و هاوکاریکردنی 12 لیوای پێشمەرگە بەردەوام دەبێت

وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا لە بودجەی ساڵی داهاتوودا داوای پەسەندکردنی 740 ملیار دۆلار لە کۆنگرێس دەکات. لەو بودجەیەدا بڕی زیاتر لە 47ملیۆن دۆلار بۆ هێزی پێشمەرگە تەرخان کراوە. پێنتاگۆن لە ڕەشنووسی بودجەی ساڵی 2021 ڕوونیکردووەتەوە، لە پرچەککردن و هاوکاریکردنی 12 لیوای پێشمەرگە بەردەوام دەبێت و لە خاڵێکی ڕەشنووسەکدا هاتووە، ئەگەر هاتوو بوودجەی پێویست پەسەند نەکرێت، کاریگەری لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر دەبێت.
لەلایەکی دیکەوە پێنتاگۆن داوای تەرخان کردنی بڕی 200 ملیۆن دۆلاری بۆ هاوکاریکردن و پرچەککردنی هێزەکانی سووریای دیموکرات "هەسەدە" کراوە. کۆی گشتی بودجەی پاراستن و بەرگریکردنی ئەمەریکا بۆ ساڵی داهاتوو بریتییە لە 740 ملیار دۆلار.
ئەو هاوکاریانەی ئەمەریکا پێشکەش بە پێشمەرگەی کردووە، 103 هاوەری جۆری M1151A و 30 هاوەری جۆری M1151 لەگەڵ 17 ئۆتۆمبێلی دیکەی سەربازیی لەخۆدەگرێت. هەروەها چەند ئامێرێکی ئاشکراکردنی مین، کەلوپەل سەربازیی و چەکی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت.

عێراق.. بەفر لە بەغدا و ژمارەیەک پارێزگای ناوەڕاست و باشوور باری



دەستەی کەشناسی عێراق بڵاویکردەوە کە بەهۆی دابەزینی پلەکانی گەرماوە بەفر لە شاری بەغدا و ژمارەیەک پارێزگای ناوەڕاست و باشوور باریووە. بەرەبەیانی دوێنێ سێشەممە بەفرباری شارەکانی بەغدا، بابل، کەربەلا، نەجەف و دیوانییەی گرتەوە کە ئەوەش یەکەمجارە دوای 12 ساڵ ئەوە ڕووەدات.
ئەوەش داوی ئەوە هات کە پلەکانی گەرما لە بەغدا و ژمارەیەک پارێزگای ناوەڕاست و باشووری عێراق زۆر دابەزین بە جۆرێک گەیشتووەتە سفری ژێر سەدی. لای خۆیەوە بەڕێوبەری بەشی چاودێریکردن لە دەستەی کەشناسی عێراق، سەیف شەعبان لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندووە، ئەو شەپۆلە سەرما و سۆلەی کە عێراقی گرتووەتەوە، ڕۆژی چوارشەممە (واتە ئەمڕۆ) کۆتایی دێت و کاریگەری نامێنێت.

پێنتاگۆن: 109 سەربازمان بەهۆی هێرشی ئێران بۆسەر بنکەی عێن ئەسەد تووشی لەرزینی مێشک بوون



وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا ڕایگەیاند، 109 سەرباز کە دەرکەوتووە تووشی لەرزینی مێشک بوون، خراونەتە ژێر چاودێری پزیشکی.
کۆتایی مانگی ڕابردوو ڕاگەیەندرا کە 64 سەرباز تووشی لەقینی مێشک بوون. دوای ئەوەی ئەمەریکا لە سێی کانوونی دووەمدا فەرماندەی فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسداران، قاسم سولەیمانی لە فڕۆکەخانەی بەغدا کوشت، ئێران هەشتی کانوونی دووەم هێرشی کردە سەر بنکەی سەربازی عێن ئەسەد و هەوڵیر کە هێزەکانی ئەمەریکای لێ جێگیرکراون.

خۆپیشاندان لەدژی پێکهێنانی حکوومەتی حەسەن دەیاب لە لوبنان دەستپێکرد



K24/دوێنێ سێشەممە خۆپیشاندەرانی لوبنان لە دژی دیاریکردنی کاندیدی سەرۆک وەزیرانی نوێی وڵاتەکەیان، چوونە بەردەم پەرلەمانی لوبنان و داوایانکرد، دەنگ بەکاندیدی سەرۆک وەزیران نەدرێت، کە لەلایەن سەرۆکی ئەو وڵاتەوە بۆ پێکهێنانی حکوومەت ڕاسپێردرابوو. بەگوێرەی هەواڵێکی سکای نیوزی عەرەبی، تا ئێستا زیاتر لە چوار خۆپیشاندەر لە نزیک پەرلەمانی ئەو وڵاتە برینداربوون و هێزێکی زۆری ئەمنی بۆ ڕێگری لە گەیشتنی خۆپیشاندەران بە پەرلەمانی ئەو وڵاتە لە شەقامەکانی دەوروبەری پەرلەمان بڵاوەی پێکراوە و ئاگری فرمێسک ڕێژ بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران بەکارهێنرا. ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانیش لە نێوان هێزە ئەمنیەکان و خۆپیشاندەران ڕوویداوە.
خۆپیشاندەران داوا دەکەن بگەن بە پەرلەمان و بەیانناممەیەک ڕادەستی پەرلەمان و دەسەلاتدارانی وڵات بکەن و پەیامی 118 ڕۆژی خۆپیشاندان بگەیەنن. ماوەی 118 ڕۆژە خۆپیشاندان و نارەزایەتی لە بەیروتی پایتەخی لوبنان بەڕێوەدەچێت و شەوی 21ی کانونی یەکەمی ئەمسال حەسان دیاب، وەک سەرۆک وەزیرانی نوێی حکومەتی هاوپەیمانی لەلایەن میشیل عەونی سەرۆکی لوبنان دیاریکرا، ئەو بڕیارەش خۆپیشاندەرانی لوبنان بە تەواوی ڕەتیدەکەنەوە.

بەناوی وەزارەتی وزە .. ڕەنگە دوو وەزارەتی عێراق یەکبخرێن

لە پەرلەمانی عێراقەوە پێشنیازێک بۆ لێکدان و تێکەڵکردنی هەردوو وەزارەتی نەوت و کارەبای وڵاتەکە، دەخرێتەڕوو. ئەمجەد عیقابی، ئەندامی لیژنەی نەوت و وزەی پەرلەمانی عێراق بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاندووە، پێشنیازەکە لەلایەن لیژنەکەیەوە کراوە، بۆ ئەوەی هەردوو وەزارەت لەژێر ناوی وەزارەتی وزە، یەکبخرێن. ئەمجەد عیقابی هۆکاری ئەو پێشنیازەی بۆ کەمکردنەوە و لەناوبردنی ئەو دووبارەیی نیوانیانە لەبارەی وزەی کارەباوە، کە عێراق بە دەست کەمیی ئەو وزەیە دەناڵێنێت. ئەو پەرلەمانتارە ئاماژەی بەوەش کردووە، کە ئەو پێشنیازە پێویستیی بە دارشتنی یاسایەکی تایبەت بە وەزارەتی وزە هەیە.

www.xebat.net
چوارشەممە 2020/2/12 ژمارە (5931)

ڕاگەیەندراوی کۆبوونەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق

پێویستە بە یەکهەڵوێستی مامەڵە لەگەڵ تەواوی پرسەکان بکرێت و هەنگاوی کردەیی بنرێت بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی

لە هەر گفتوگۆ و ڕێککەوتنێکدا مافەکانی هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە پێشینەی بنەما نەگۆڕەکانی هەمووان دەبێت



دوێنێ سێشەممە 2020/2/11 لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە هەولێر، بە سەرپەرشتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی بەڕێزان جێگرانی سەرۆک، کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی لایەنە سیاسییەکان، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ساز درا. لە کۆبوونەوەکەدا دۆخی عێراق و هەنگاوەکانی یەکخستنی هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان و فراکسیۆنەکان و دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێم بۆ چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهاتەکانی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق و کوردستان، هەروەها گفتوگۆ دەربارەی هەنگاوی کردەیی بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، تاوتوێ کران.

دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە و تێبینیی فراکسیۆنەکان لەسەر چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دامەزراوە فیدراڵییەکان لە بەغدا و باسکردنی نەخشەڕێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهاتەکان لە عێراق، هەمووان کۆک بوون کە پێویستە بە یەکهەڵوێستی مامەڵە لەگەڵ تەواوی پرسەکان بکرێت و هەنگاوی کردەیی بنرێت بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی و پەیڕەوێکی گشتگیری بۆ ئامادە بکرێت کە مایەی پەسەندی هەموو فراکسیۆنەکان بێت.

کۆبوونەوە بە گرنگییەوە دۆخ و پێشهاتەکانی عێراقی خستە بەر باس و جەختی لە پێویستیی گێڕانەوەی ئارامی و سەقامگیریی ئەمنی و سیاسی بۆ وڵات و بەکارنەهێنانی تونددوتیژی بەرامبەر بە خۆپیشاندەرانی سڤیل و بەدەنگەوەچوونی داوا ڕەواکانیان لە خزمەتگوزاری و ژیان و ئایندەیەکی باشتر کردەوە.

تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە هەنگاونان بۆ پێکهێنانی کابینەی داهاتووی حکوومەتی فیدراڵی بوو، لەمبارەیەوە ئامادەبوان کۆک بوون لەسەر ئەوەی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان و پاراستنی قەوارە دەستووری و سیاسییەکەی و مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بنەمای سەرەکیی هاوبەشی و بەشداریی لایەنە سیاسییەکان دەبێت، هەر هەنگاوێکیش بۆ گفتوگۆی پێکهێنانی کابینەی تازەی حکوومەت بە هەماهەنگی لەنێوان هەموو لایەنەکان و دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستاندا دەبێت بە شێوەیەک مافەکانی هەرێمی تێدا پارێزراو بێت و سەرجەم لایەنەکانیش بەشداریی کارایان لە دروستکردنی بڕیاری هاوبەشدا هەبێت.

کۆبوونەوە دڵنیایی دەداتە گەلی کوردستان بە سەرجەم پێکهاتەکانییەوە کە لە هەر گفتوگۆ و ڕێککەوتنێکدا، مافەکانی هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە پێشینەی بنەما نەگۆڕەکانی هەمووان دەبێت.

ئەمەریکا بەهۆی چینەوە لە عێراق نیگەرانە



واشنتن بەشداریکردنی عێراق لە دەستپێشخەری یەک پشتینە و یەک ڕێگای چینی، بە تەحەدایەک بۆ هەژموونی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانێت.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی واشنتن تایمزی ئەمەریکی، ئەو ڕێگە ئابووریەی چین، کە لەگەڵ عێراق و پاکستان و تەنانەت سووریاش دایدەمەزرێنێت، هەوڵەکانی وڵاتەکە زیاتر نیشان دەدات بەوەی دەیەوێت شوێنی ئەمەریکا وەک زلهێزی گەورەی جیهان بگرێت.

ئاماژە بەوەشکراوە، نیازی عێراق بۆ بەشداریکردن لەو دەستپێشخەرییەی چین، دەرخەری ئەوەیە، کە تاچەند چین توانیویەتی پێگە ئابووریەکەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێز بکات.

چین کە بە دووەم گەورە هاوبەشی بازرگانی عێراق هەژماردەکرێت، لە 2005ەوە تا ئێستا بە بڕی 24 ملیار دۆلار وەبەرهێنانی لە عێراق کردووە، کە زۆربەیان لە کەرتی وزەدایە.



بەغدا.. بەڕێوەبەری گشتی کەنالّی ئاسمانی ڕەشید کوژرا

بەڕێوەبەری گشتی کەنالّی ئاسمانی ڕەشید، نزار زەنون لە ڕۆژئاوای بەغدا لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراو تەقەی لێکراو بەهۆیەوە کوژرا. دوێنێ سێشەممە سەرچاوەیەک لە پۆلیسی بەغدا رایگەیاند کە بەڕێوەبەری گشتی کەنالّی ئاسمانی ڕەشید، نزار زەنون لە نزیک ماڵەکەی لە گەڕەکی زانکۆ ڕۆژئاوای بەغدا لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە تەقەی لێکراوە و بەهۆیەوە کوژراوە.

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشکرد کە دوای ئەنجامدانی هێرشەکە، چەکدارەکان بەڕەو شوێنێکی نادیار هەڵاتوون و لێکۆڵینەوە لەوبارەوە دەستی پێکراوە. هێشتا هیچ لایەنێک بەرپرسیاریەتی خۆی لە ئەنجامدانی هێرشەکە ڕانەگەیاندووە.

لەمیانی خۆپێشاندانەکانی بەغدا و شارەکانی باشوور لە چەند هەفتەی ڕابردوودا، ژمارەیەک ڕۆژنامەوان و چالاکوان لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە ڕفێندراون و کوژراون. کەنالّی ئاسمانی ڕەشید سەربە سەرۆکی گردبوونەوەی کۆماری عێراق ، سەعد عاسم جەنابییە و لە 2009ەوە دەستی بە پەخشکردن کردووە و بارەگا سەرەکییەکەی لە شاری بەغدایە و نووسینگەی لە ژمارەیەک وڵاتی عەرەبی هەیە. گردبوونەوەی کۆماری عێراق پارتێکی سەربەخۆیە و هیچ ئەندامی لە ئەنجوومەنی نوێنەران و حکوومەتدا نییە.

مەرالّ ئاکشەنەر سەرۆکی پارتی باش، ڕەخنەی توند لە حکوومەتی ئاکەپە و سەرکۆماری تورکیا دەگرێت، بەوەی لە ئیدلیب شکستی هێناوە و ڕۆژانە سەربازی تورکیا دەکوژرێت و دەشڵێت ئیدی ئەوەی پێویستە با بکرێت و ئارامان نەما. دوێنێ سێشەممە، مەرالّ ئاکشەنەر سەرۆکی پارتی باش لە تورکیا، لە وتارێکدا بۆ ئەندامانی گرووپی پارتەکەی لەناو پەرلەمانی تورکیا، هێرشی تونديی کردە سەر حکوومەت لەبارەی بارودۆخی ئیدلیب و کوژرانی سەربازانی تورکیا. ئاکشەنەر گوتیشی: ئێمە ناچارین بە بەڵێنەکانی حکوومەت باوەڕ بکەین، بەڵام لە ئیدلیب گەیشتووینەتە خاڵێک، کە ئیدی ناتوانرێت ڕاستییەکان بشاردرێنەوە. ڕووسیا و ئەمەریکا لە سووریا سیاسەتی خۆیان بە باشی ئەنجام دەدەن و تورکیایان گۆشەگیر کردووە، بۆیە دەبێ تورکیا ئەوەی لەسەریەتی بیکات و چیتر چاوەڕێ نەکات.

لە بەشێکی تری وتارەکەیدا، باسی لە کوژرانی سەربازی تورکیا لە ئیدلیب کرد و گوتی ڕۆژانە سەربازەکانمان بە کوژراوی لە ئیدلیب دەگەڕێنەوە، ئەمە پێمان دەڵێت کە حکوومەتمان لە سووریا شکستی هێناوە. جێی باسە پێشتر پارتی باش و جەهەپە بە ئاشکرا بە حکوومەتی ئاکەپەیان گوتووە، کە پێویستە تورکیا لە تەواوی خاکی سووریا بکشێتەوە و لەگەڵ بەشار ئەسەددا بکەوێتە گفتوگۆوە، ئێستاش هەمان داواکاریان لە حکوومەت هەیە.



بەهۆی ئەو شەپۆلی سەرماوسۆڵە و بەفربارینەی ناوچەکانی باکووری کوردستانی گرتووەتەوە، ڕێگای 645 گوند لە پارێزگاکانی وان، هەکاری، بەدلیس و موش داخراون.


ئەو شەپۆلی سەرماوسۆڵە و بەفربارینەی ناوچەکەی گرتووەتەوە، کاریگەری نەرێنی کردووەتە سەر ژیانی هاووڵاتیان.

گەورە شارەوانی وان لە باکووری کوردستان ڕایگەیاند، بەمەبەستی ڕێگای 294 ناوچەی نیشتەجێبوون لەو پارێزگایە داخراون.

هەروەها لە موشیش بەفر ڕێگای 125 گوند و لە بەدلیس ڕێگای 153 گوند و لە هەکاریش ڕێگای 17 گوند و 56 ئاوایی گرتووە.

بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی ناوچەکە هۆشداری داوە لە ئەگەری بەستن و دروستبوونی زۆقم لە ژمارەیەک لە شەقام و ڕێگاکان، هەروەها دروستبوونی تەمومژ.

تیمە پەیوەندیدارەکان بەردەوامن لە هەوڵەکانیان بۆ ڕامالینی بەفری کەڵەکەبووی سەرشەقامەکان و کردنەوەی ڕێگاکان بە ڕووی هاتوچۆدا.



جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لە بەرپرسی کاروباری سیاسیی کونسوڵخانەی ئەمەریکا کرد

دوێنێ سێشەممە 2020/2/11 هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازی لە ئەندرێو لێنتز بەرپرسی کاروباری سیاسیی کونسوڵخانەی گشتیی ئەمەریکا لە هەولێر کرد.
لە دیدارێکدا کە ژمارەیەک پەرلەمانتاران لە فراکسیۆنە جیاوازەکان ئامادەیبوون، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەوردی تیشکی خستەسەر دۆخی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و ئەو ئالۆزییانەی کە ڕوویان لە ناوەڕاست و خواروو‌ی عێراق کردووە.
سەبارەت یاسای چاکسازی کە لە پەرلەمانی کوردستان دەنگی بۆ درا، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان تیشکی خستە سەر یاساکە و ڕایگەیاند یاسای چاکسازی لە لایەن دەستەلاّت و ئۆپۆزسیۆن پشتگیری لێکراوە و ئەو پرۆسەیەش بەردەوام دەبێت و سەرجەم سێکتەرەکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، بە مەبەستی فەراهەمکردنی یەکسانی و دادپەروەری زیاتر لەنێوان سەرجەم کایەکانی نێو کۆمەڵگە. سەبارەت بە ئالۆزییەکانی ناوەڕاست و خواروو‌ی عێراقیش، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەوردی باسی لەو کێشانە کرد و نیگەرانییەکانی هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستانیشی لەمەڕ ئەو دۆخە نەخوازراوە خستەروو و ڕایگەیاند: پێویستە ئەو تووندوتیژییەی ڕووبەڕووی خۆپێشاندەران دەکرێت ڕابگیرێت و سەرجەم کێشە و گرفتەکانیش بە ڕێگەی ئاشتییانە و دیالۆگ چارەسەر بکرێن، باسیشی لە پێویستی مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان کرد کە لە ئێستادا مەترسییەکانی داعش زیاد بوونە و جموجۆڵەکایان ڕوویان لە فراوانی کردووە.
لە لایەن خۆیەوە ئەندرۆ لێنتز بەرپرسی کاروباری سیاسیی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر وێڕای خۆشحاڵی خۆی بەو سەردانە، هاوکات هەڵوێستی فەرمی ئەمەریکای گەیاند کە پشتیوانی هەر هەنگاوێکی چاکسازیین و بەردەوام دەبن لە پشتیوانی هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژ بە تیرۆردا.

عێراق.. ناکۆکییە سیاسییەکان زەمینە خۆش دەکات بۆ مانەوەی هێزە بیانییەکان

عادل خەمیس: ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بۆ دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە عێراق

عیسام فەیلی: لەسەر ئاستی سیاسی و مەیدانی فشار هەیە بۆ مانەوەی هێزە بیانییەکان لە عێراق



دەرکردنی هێزە بیانییەکان نین، بەڵام ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بۆ دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە وڵاتەکەمان.
عادل خەمیس گوتیشی: هێشتا چەکدارانی داعش لە بیابانی ڕۆژئاوا خۆیان حەشاردراوە و چالاکی ئەنجام دەدەن، بۆیە لەئێستادا، هێزە ئەمنییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو چەکدارانەی داعش لە ڕووی هەواڵگریی و لۆجستییەوە پێویستیان بە پاڵپشتی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژبە ڕێکخراوی داعش هەیە.

گوشار بۆ مانەوەی هێزە بیانییەکان لە عێراق هەیە

مامۆستای زانستی ڕامیاری لە زانکۆی موستەنسریە، عیسام فەیلی وای بۆ دەچێت کە لەسەر ئاستی سیاسی و مەیدانی فشار هەیە بۆ مانەوەی هێزە بیانییەکان لە عێراق. لەوبارەوە عیسام فەیلی گوتی: ئەرکی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو ئەوەیە، ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵبوەشێنتەوە و هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدات، بۆیە ناتوانێت بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە وڵات تاوتوێ بکات و جێبەجێی بکات. مامۆستای زانستی ڕامیاری لە زانکۆی موستەنسریە، عیسام فەیلی ئەوەشی گوت: هەموو لایەک دەزانێت کە پرسی دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە عێراق لەسەر ململانێی نێوان ئێران و ئەمەریکایە، چونکە ئێران دەیەوێت ئەمەریکا لە عێراق بوونی نەبێت و بەهەمان شێوە ئەمەریکا ڕایگەیاندووە کە عێراق ڕادەستی ئێران ناکات.
عیسام فەیلی باسی لەوەشکرد کە عێراق چەند ڕێککەوتنێکی لە بواری سەربازییدا لەگەڵ ئەمەریکادا وژاووکردووە و ملیارها دۆلاری لەوبارەوە خەرجکردووە، ئێستا ئاسان نییە ئەو ڕێککەوتنانە هەڵبوەشێندرێتەوە کە تەنها عێراق لێی زەرەرمەند دەبێت.
جێی باسە لە پێنجی مانگی ڕابردوودا، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە زۆرینەی دەنگ، دەنگی دا لەسەر بڕیارێک کە تیایدا داوا لە حکوومەتی عێراق دەکات کۆتایی بەمێنێت بە بوونی سەربازی ئەمەریکا لە عێراق.
دواتر حکوومەتی عێراق داوای لە ئەمەریکا کردبوو کە شاندێک بەمەبەستی گفتوگۆکردن سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ڕەوانەی بەغدا بکات، بەڵام ئەمەریکا ڕەتیکردەوە هیچ گفتوگۆیەک لەوبارەوە ساز بکات.
لەچوارچێوەی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژبە داعش نزیکەی پێنج هەزار سەربازی ئەمەریکا لە بنکە سەربازییەکان لە سەرتاسەری عێراق جێگیرکراون. ئەو بڕیارەش دوای ئەوە دەکرا کە لە سێی مانگی ڕابردوودا، فەرماندەی فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسداران، قاسم سولەیمانی لەگەڵ جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیس لە هێرشێکی ئاسمانی ئەمەریکادا فڕۆکەخانەی بەغدا کوژران.

محەمەد عەللاوی

10 وەزیری بۆ کابینەکەی دیاری کردووە

سەرکردەیەکی عێراقی باس لەوە دەکات، کە سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراو 10 وەزیری بۆ کابینەکەی، دیاری کردووە. بەها ئەعرەجی، جێگری پێشووی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا، ڕایگەیاندووە، زۆرینەی ئەو کەسانەی محەمەد عەللاوی دیاری کردوون، "دوورن لە سیاسەتەوە."
بەها ئەعرەجی هەروەها ڕایگەیاندووە، کە محەمەد عەللاوی 10 وەزیری کابینەکەی دیاری کردووە و لە هەوڵ دایە بۆ پڕکردنەوەی تەواوی کابینەکەی. ئەو سەرکردە عێراقییە گومانی خۆی لە دیاریکردنی تەواوی ئەندامانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق و پێشکەشکردنی بە پەرلەمان نیشان داوە، بەهۆی ئەوەی "زۆرینەی لایەنە سیاسییەکان بە شێوازی دیاریکردنی وەزیرەکان، ناڕازین."
شەوی شەممە 2020/2/1 سەرکۆماری عێراق، محەمەد تۆفیق عەللاوی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی کاتیی وڵاتەکەی ڕاسپارد، تاوەکو شوێنی عادل عەبدولمەهدی بگرێتەوە. عەللاوی لە یەکەم لێدوانیدا، داوای لە خۆپێشاندەران کرد بەردەوام بن لە خۆپێشاندانەکانیان و ڕایگەیاند، "ئەگەر نەتوانم داواکاریی خۆپێشاندەران بەجێبهێنم، شایستەی ئەو پۆستە نیم."
خۆپێشاندانەکان لە ڕۆژی 2019/10/1ـەوە لە بەغدا و زۆربەی شارەکانی عێراق دژی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ئاوی خواردنەوە و کارەبا و بێکاریی گەنجان، دەستیان پێکرد. بەهۆی خۆپێشاندانەکان و کەوتنەوەی تووندوتیژی تێیاندا، زیاتر لە 600 هاوواڵتی و کارمەندی ئەمنی گیانیان لەدەست داوە و زیاتر لە 20 هەزاری دیکەش بریندار بوون، جگە لە کەمئەندامبوونی 700 کەس و ژمارەکانیش بەردەوام لە بەرزبوونەوە دان.

ئەمەریکا بودجەی تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتەکانی ئێران تەرخان دەکات

کۆشکی سپی بودجەیەکی تایبەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستێوەردانە سەربازییەکانی ئێران لە وڵاتانی ناوچە تەرخان کردووە. وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە پرۆژە بودجەی پێشنیازکراوی ساڵی 2021 بودجەیەکی تایبەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران کردووە.
لەم بەرنووسەی بودجەیەدا زیاتر لە یەک ملیار و 195 ملیۆن دۆلار بۆ یارمەتیدانی هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەرخان کراوە و ئەم بوودجەیەش بۆ ئەوەیە بتوانن لەبەرانبەر هەڕەشەکانی ئێراندا خۆیان بپارێزن. بەپێی ئەم هەواڵە بەشێک لە بودجەکە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی سیاسەتەکانی ئێران لە ناوچەکەدا کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

ئیمارات.. ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا گەیشتە هەشت کەس

ئیمارات ڕایگەیاند کە حاڵەتێکی دیکەی تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکردووە و بەوەیش ژمارەی تووشبووان بەو ڤایرۆسە لەو وڵاتە، گەیشتە هەشت کەس. لەوبارەوە ئاژانسی هەواڵیی فەرمی ئیمارات باڵاویکردەوە، وەزارەتی تەندروستی ئیمارات ڕایگەیاندووە، هاوواڵتییەک کە هەڵگری ڕەگەزنامەی هیندستانە و لە ئیمارات نیشتەجێیە، تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا هاتووە.
ئاماژە بەوەشکراوە کە بەوەیش ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئیمارات بەرزبووەتەوە و گەیشتووەتە هەشت کەس. وەزارەتی تەندروستی ئیمارات ئەوەشی خستووەتەڕوو، لەو هەشت کەسەی کە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا هاتوون تەنها یەکێکیان لەژێر چاودێری وردی پزیشکی دایە و حەوتەکەی دیکە ڕەوشی تەندروستییان جێگیرە.

هەوڵەکانی حکوومەتی چین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەردەوامە

کونسوڵی چین لە هەولێر: کۆرۆنا هیچ ڕەگەزنامەیەکی نییە و بڵاوبوونەوەشی سنوور نازانێت

بڵاوبوونەوەی هەوکردنی سییەکان بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کۆتایی کانوونی یەکەمی 2019 لە شاری ووهان لە چین، بووە هۆی دروستبوونی هەڕەشەیەکی مەترسیدار لەسەر ژیان و تەندروستی گەلی چین و دواتریش بۆ وڵاتانی دیکە پەرەی سەند.
بەگوێرەی زانیارییەکانی نی ڕووچی کونسوڵی گشتیی چین لە هەولێر کە تایبەت بۆ خەباتی ناردووە، دەڵێ لە9ی شوباتەوە، ژمارەی گشتیی حاڵەتە پەسەندکراوەکان لە چیندا گەیشتووەتە 35982 حاڵەت و 908 کەسیش گیانیانلەدەستداوە. سەبارەت بە ڕێژەی چارەسەرکراوەکانیش گوتی 3281کەس کە چارەسەرکراون و لە نەخۆشخانەکان دەرکراون، هەروەها ئەو کەسانەی کە گومانیان لێ دەکرێت بەهۆی نزیکیان لە تووشبووانی ڤایرۆسەکە، دووچاری حاڵەتەکە بووبن، ژمارەیان 187518 کەسن و ئێستا خرانەتە ژێر چاودێری پزیشکی.
کونسوڵی چین لە هەولێر سەبارەت بە ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسەکە لە وڵاتەکەی دەڵێ: حکوومەتی چین گرنگییەکی زۆر بە ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی پەتاکە دەدات و ڕێوشوێن بۆ ئەم مەبەستە دەگرێتەبەر، کارمەندانی تەندروستی و زانایانیش شەو و ڕۆژ کار دەکەن بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان و پەرەپێدانی کۆتان و دۆزینەوەی دەرمانی کاریگەر بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکە و بەرەوپێشچوونی ڕۆژانە بەدەست دێت، ژمارەی ئەو نەخۆشانەی کە چاک دەبنەوە بەردەوام لە بەرزبوونەوە دایە هەر لە 30ی کانوونی دووەمەوە. لە هەمان کاتدا بە مەبەستی جێبەجێکردنی تەواوی ڕێوشوێنەکانی جیاکردنەوەی تەندروستی بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشەکە، حکوومەتی ناوەندی چین بڕیاری دەرکرد کە هەموو ڕێگایەکیان گرتۆتەبەر و جێهێشتنی خێزانەکانیان بۆ بەردەوامبوون لە تێکۆشانی ماندوونەناسانە ئەوەی لە هێڵی پێشەوەی جەنگدا بن.
سەبارەت بە هەڵوێستی وڵاتان و جۆری ڤایرۆسە و ڕووبەڕووبوونەوەی، کونسوڵی چین ڕاشیگەیاند: ڤایرۆسەکە هیچ ڕەگەزنامەیەکی نییە و بڵاوبوونەوەی هیچ سنوورێک نازانێت، جەنگان لەگەڵ پزیشکی چینی، پزیشکان، پەرستیاران و زانایان، هەموو ڕێگایەکیان گرتۆتەبەر و جێهێشتنی خێزانەکانیان بۆ بەردەوامبوون لە تێکۆشانی ماندوونەناسانە ئەوەی لە هێڵی پێشەوەی جەنگدا بن.
بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە نیگەرانییەکی هاوبەشی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە، لە چاوی ئەم پەتایەوە، ئادەمیزاد هەمان چارەنووسی هەیە، تەنها یەکگرتوویی و هەماهەنگی دەتوانێت بێبێتە هۆی دروستبوونی هێزێک بۆ پاراستنی ژیانی خەڵکی. چین لە پەیوەندی و هەماهەنگییەکی نزیک دابووە لەگەڵ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و شارەزایانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی گەشتێکی مەیدانیان بۆ ووهان کردووە، بەڕێوبەری گشتیی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دکتۆر تێدروس ئەدهانوم گیبریسوس سەردانی چینی کرد و تاوتوێی سنووردارکردن و کەمکردنەوەی پەتاکەی کرد لەگەڵ لایەنە چینییەکان، هەوڵەکانی چین بەرز دەنرخێنێت و باس لە بەشداری مەزنی چین لە جەنگان دژ بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ دەکات لە جیهاندا.

www.xebat.net
چوار شەممە 2020/2/12 ژمارە (5931)
خەبات

بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر بۆ خەبات: دابەشکردنی غازی ماڵان ناکرێتە کۆبۆن

لە مانگی 3 دا کێشەی نەبوونی غازی ماڵان کۆتایی دێت





خەبات/عەلی بانیشاری

بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە کە دابەشکردنی غاز بکرێتە کۆبۆن. ئەندازیار بەختیار عەبدوڵڵا پشدەری ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات تا کۆبۆن چاپ دەکرێت و دابەش دەکرێت چەند هەفتەیەکی دەوێت، ئەو کاتیش کێشەی غاز نامێنێت. دەشڵێت: لە مانگی 3 دا کێشەی نەبوونی غازی ماڵان کۆتایی دێت.

بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر بە (خەبات)ی ڕاگەیاند: تا 15 ڕۆژی دیکە کێشەی کەمی غازی ماڵان چارەسەر دەبێت. گوتیشی: لە سەنتەری شاری هەولێر دابەشکردنی غاز لە ڕێگەی بریکارە فەرمییەکان و بەپشتگیری ئەنجوومەنی گەڕەکەکان دەبێت و لە قەزا و ناحیەکانیش لە ڕێگەی یەکە ئیدارییەکانەوە دابەش دەکرێت. جەختی لەوەش کردووە نرخی بتلێک غازی ماڵان وەکو ڕابردوو بە 7500 دینار دابەش دەکرێت و زیاد نەکراوە.

بەختیار عەبدوڵڵا پشدەری دەشڵێت: نەبوونی غاز بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بۆشاییەکی گەورەی دروستکردووە و بەیەکجار ئەو هەڤسەنگاندنەی شەڕی نێوان سوپای سووریا و ئەو هێزانەی لەناو ئیدلیبن کە زۆرینەی هێزی تەحریر شامن کە تورکیا هاوکاری لۆجیستی و سەربازییان دەکات، وای کردووە کە تورکیا و ڕووسیا نێوانیان تێکبچێت و ئێستاش ڕووسیا ئاسمانی ئیدلیبی بە ڕووی تورکیادا داخستووە.

ڕۆژنامەی (حوریەت)ی تورکی بڵاوی کردووەتەوە، تورکیا لە ماوەی 2 هەفتەدا یەک هەزار و 100 بارهەڵگری چەکی بۆ ئیدلیب ناردووە، هەروەها پێنج هەزار سەربازیشی ناردووە، تا پشتگیری لەو هێزانە بکەن کە لەناو ئیدلیبن و دژی سوپای سووریا دەجەنگن، بەڵام سوپای سووریا بە هاوکاریی فڕۆکە جەنگییەکانی ڕووسیا توانیانە پێشڕەوییەکی باش بکەن. تورکیا ئێستا پێنج شاری سووریای لەژێر دەست سەرباز کوشتووە. ئەردۆگان گوتیشی، وەڵامی پێویستمان بۆ لایەنی سووری لە ئاستێکی باڵا نارداووە، ئەوەی شایەنی بوون لە ئیدلب، وەریان گرت، بەڵام ئەمە وەکو پێویست نییە و بەردەوام دەبێت.

هەروەها لە نوێترین زانیاریشدا ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ لە سووریا، ڕایگەیاند، هێزەکانی سووریا بە پشتیوانی هێزی ئاسمانی ڕووسیا لە ئیدلب بەردەوامن لە پێشڕەوییەکانیان و بە تەواوەتی شارێی ئیم 5یان کۆنترۆڵ کردۆتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەو پێشڕەوییانەدا هێزەکانی ڕژێمی سووریا شارۆچکەی عەنتەریبیان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئیدلب کۆنترۆڵکرد. ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤیش ڕایگەیاند: بۆ یەکەم جارە لەساڵی 2012ـەوە سوپای سووریا بەتەواوەتی کۆنترۆڵی ڕێگای خێرای نێوان حەلەب و دیمەشقی کردووە. ڕوانگەکە دەشڵێت: دوای ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن توانیبووی کۆنترۆڵی بەرەی ڕۆژئاوای حەلەب بکات، سوپای سووریا پاڵپشت بە ڕووسیاو ئێران توانیویەتی بەتەواوەتی کۆنترۆڵی ڕێگای خێرا بکات.

ڕووسیا، ڕۆژانی دووشەممە و سێشەممە 10 ناوچەی نیشتەجێبوونیان لە باشووری خۆرئاوای حەلەب کە دەکەوێتە نێو سنوورەکانی ناوچەی کەمکردنەوەی گرژییەکانی ئیدلب، کۆنترۆڵکردووە. هەریەک لە گوندەکانی زیربە، بەرقووم، کەماری، کەفرحەلەب، مەیزناز، قەناتیر، بەوابییە، قسێبە، جیبکاس و تولحییە کە دەکەونە دەوروبەری ڕێگای سەرەکیی M5 کە ناوەندی شارەکانی حەلەب و دیمەشق پێکەوە دەبەستێتەوە، کەوتنە دەست هێزەکانی سوپای سووریا.

هێزەکانی سوپای سووریا لە پێشڕەوییەکانیان لە باشووری خۆرئاواشەوە بەرەو گوندەوارەکانی باشوور بەردەوامن. هاوکات پێکدادان لەنێوان سوپای سووریاو گرووپە چەکدارەکانی بەناو ئۆپۆزسیۆن لە نلوچەکەدا دڕێژەی هەیە.

لە کاردانەوەیەکیشدا دوێنێ سێشەممە ئەردۆگانی سەرکۆماری تورکیا ڕایگەیاند، حکوومەتی سووریا باجێکی زۆر گەورە دەدات لەبەر ئەوەی هێرشی کردووەتە سەر هێزەکانی تورکیا لە ئیدلیب و بەهۆیەوە لەماوەی هەفتەیەک 13 سەربازی تورکیا بە دەستی سوپای سووریا لە ئیدلیب کوژراون، ئەگەر تورکیا ڕاستەوخۆش بچێتە ناو شەڕی ئیدلیب و شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ سوپای سووریا بکات، ئەگەر زۆرە ژمارەی سەربازە کوژراوەکانی زیاد بکات.

ڕەجەب تەییب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا، ڕەخنەی توند لە ڕووسیا دەگرێت و دەڵێت ڕێککەوتنی ئاستانەیان شکاندووە، بۆیە دەڵێت ئیدی تورکیا ناچارە هێز بەکار بهێنێت لە ئیدلیب و شەڕی سووریا بکات. مالپەڕی ڕۆیتەرزیش بڵاوی کردووەتەوە، ئەگەر بێت و ئیدلیب بکەوێت و سووریا توانی کۆنترۆڵی بکات، ئەوکات نۆرەی عەفرین دێت و دەبێت تورکیا لەوێش کۆتایی پێ بهێنرێت، بۆیە تورکیا هەموو هەوڵێک دەدات تا ئیدلیب نەکەوێت.



سوپای سووریا بە پشتیوانیی ئاسمانیی ڕووسیا و ئەو گرووپانەی لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن، لەمیانی دوو ڕۆژدا لە ناوچەی کەمکردنەوەی گرژییەکانی ئیدلب، 10 ناوچەی دیکەی نیشتەجێبوونیان لەدەستی گرووپە توندڕەوەکان ڕزگار کرد.

هێزەکانی سووریا بە پشتیوانیی ئاسمانیی

ئیدلب .. سوپای سووریا لە پێشڕەوییەکانی بەردەوامە

سوپای سووریا کۆنترۆڵی ڕێگای خێرای نێوان حەلەب و دیمەشقی کرد

حوریەتی تورکی: ڕووسیا ئاسمانی ئیدلیبی بە ڕووی تورکیا داخستووە

ڕۆیتەرز: لە دوای ئیدلیب نۆرە عەفرینە

سەختبوونی شەڕی نێوان سوپای سووریا و ئەو هێزانەی لەناو ئیدلیبن کە زۆرینەی هێزی تەحریر شامن کە تورکیا هاوکاری لۆجیستی و سەربازییان دەکات، وای کردووە کە تورکیا و ڕووسیا نێوانیان تێکبچێت و ئێستاش ڕووسیا ئاسمانی ئیدلیبی بە ڕووی تورکیادا داخستووە.

ڕۆژنامەی (حوریەت)ی تورکی بڵاوی کردووەتەوە، تورکیا لە ماوەی 2 هەفتەدا یەک هەزار و 100 بارهەڵگری چەکی بۆ ئیدلیب ناردووە، هەروەها پێنج هەزار سەربازیشی ناردووە، تا پشتگیری لەو هێزانە بکەن کە لەناو ئیدلیبن و دژی سوپای سووریا دەجەنگن، بەڵام سوپای سووریا بە هاوکاریی فڕۆکە جەنگییەکانی ڕووسیا توانیانە پێشڕەوییەکی باش بکەن. تورکیا ئێستا پێنج شاری سووریای لەژێر دەست دایە، بەڵام بۆ داگیرکردنی ئەو پێنج شارە، فڕۆکەی جەنگی بەکارهێناوە، بەتایبەت ئەوکاتەی عەفرینی داگیر کرد، ئەوەی هاوکاری تورکیا بوو فڕۆکە جەنگییەکان بوو، کە ئەوکات ڕووسیا ئاسمانی عەفرینی بۆ تورکیا کردەوە.

ئایدن دەرە نووسەری دیاری باکووری کوردستان، لە نووسینێکدا لە پێگەی خۆی لە فەیسبووک بڵاوی کردووەتەوە، ئاماژەی داوە کە دنیا بە ئاسانی گۆڕانی بەسەردا دێت، سەردەمانێک ڕووسیا ئاسمانی عەفرینی کردبووەوە تا تورکیا بە ئارەزووی خۆی کورد بکوژێت و عەفرینیش داگیر کرا، بەڵام ئێستا ئاسمانی ئیدلیبی بەڕووی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا داخستووە و ڕووسیا بە ئارەزووی خۆی لە هاوپەیمانەکانی تورکیا دەکوژێت.

بە گوتەی بەشێک لە شڕۆڤەکارانی سیاسی تورکیا، نییە. بەختیار عەبدوڵڵا پێی وایە ئەگەر دادپەروەری لە دابەشکردنی غاز هەبێت، غازی کوردستان بەشی سەرجەم دانیشتووانی هەرێم دەکات.

پێشتر پێشەوا هەورامانی، ئەندامی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان بە (خەبات)ی گوتبوو: حکوومەتی هەرێم ئەو گەرەنتییەی وەرگرتووە کە غازی ماڵان بە 7500 بدرێت بە خەڵکی و زیاد نەکرێت. پێنج شەممەی ڕابردوو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە شاری هەولێر شێخ بەکر سدیق، خاوەنی کۆمپانیای سوورگاز گوتی: بریکارەکانی غاز بەهەمان نرخی پێشوو غاز بە هاونیشتمانیان دەفرۆشن.



دۆنالڵد ترەمپ: ڕۆژەڤی داهاتوومان لە بازرگانییدا ئەوروپا دەبێت

لە ڕووی گەورەیی لە ئابووریدا زۆر لە پێش چینەوەین

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالڵد ترەمپ وێڕای ئاماژەدان بەوەی کە دوای ژاپۆن و چین دەکرێت ڕێککەوتنی بازرگانیی لەگەڵ ئەوروپاش ئەنجامبدرێت ڕایگەیاند، ڕەنگە ڕۆژەڤی داهاتوومان لە بازرگانییدا ئەوروپا بێت. بەجددیی لەگەڵ ئەوان قسە دەکەین. ماوەی 10 تا 12 ساڵە کورتهێنانی زۆر گەورەمان لە بازرگانییدا لەگەڵ ئەوروپا هەیە.

دۆنالڵد ترەمپ لە کۆشکی سپی لەگەڵ فەرمانڕەوای ویلایەتەکان کۆبوویەوە و لەبارەی ئابووریەوە دوا. سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالڵد ترەمپ باسی لەوەکرد لە وڵاتدا تا ئێستا بەرزترین ئاستی خۆشگوزەرانیی، باشترین ئابووریی و گشتگیرترین کۆمەڵگەیان دروستکردووە و تیشکی خستەسەر ئەوەی لە دەستبەکاربوونیەوە تا ئێستا حەوت ملیۆن هەلی کاری دەستەبەرکردووە و ڕێژەی بێکاریی گەیشتووەتە نزمترین ئاستی 50 ساڵی ڕابردوو. دۆنالڵد ترەمپ باسی لە کارەکان لە بوارەکانی ژێرخان، پەروەردە و ئاسایشی گشتییدا کرد و جەختی لەوەکردەوە کە هەزاران کۆمپانیا بەمەبەستی وەبەرهێنان ڕوویان لە ئەمەریکا کردووە.



سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالڵد ترەمپ تیشکی خستەسەر ئەوەی لە ئابووریدا وڵاتی ژمارە یەکی جیهانە و گوتی: کاتێک کە خۆمان ئامادە دەکرد بۆ سەرۆکایەتیی، گوتم لەوە دەبوو کە چین لە ساڵی 2019دا دەبێتە ئابووریی ژمارە یەک لە جیهان و ئێمەش دەبینە دووەم. تاریفەی گومرکییمان بە بەهای سەدان ملیار دۆلار دانا. ئەوەتان بینی کە لەبەرامبەر چیندا کە تا ئێستا نزمترین کورتهێنانمان هەبووە. لە ڕووی گەورەیی لە ئابووریدا ڕۆژ لە پێش چینەوەین. دۆنالڵد ترەمپ بانگەشەی ئەوەشی کرد کە لە ڕووی ئابووریەوە چین بۆ ماوەیەکی درێژ توانای ئەوەی نییە بە ئەمەریکا بگاتەوە.

میلیشیاکان بوونەتە هۆکاری ترس و تۆقاندن لە ناوچە کوردستانییەکان

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سنووری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان ، باس لەوە دەکات بەرپرسانی میلیشیا شیعەکان لەو ناوچانە بوونەتە مایەی ترس و تۆقاندنی هاوڵاتیان و دەشڵێن بۆ کێشەی کەسی و کۆمەڵایەتی هەمەری سەربازی بەکار دەهێنن. کەمال ئیبراهیم، بەرپرسی لیژنەی ناوچەکانی جەباره و قەرەتەپەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە خەباتی ڕاگەیاند: میلشیا شیعەکان لە گوندەکانی سنووری شارۆچکەکانی جەبارە و قەرەتەپە بوونەتە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ، بە جۆرێک لە مللمانێی کەسی و کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا هێز بەرامبەر ناحەز و نەیارانیان بەکار دەهێنن. گوتیشی: لە گوندی سەرنجارەی سەر بە شارۆچکەی جەبارە بەرپرسێکی میلیشاکان لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی کە پەیوەندی بە ئافرەتەوە هەیە ، هەمەری سەربازیی هێناوەتە سەر کەسێک کە کێشەی هەبووە لەگەڵیدا. ئەو بەرپرسە ی پارتی ڕاشیگەیاند: بەهۆی ڕفتاری بەرپرسانی میلیشیاکانەوە خەڵکی لە ترس و دڵەڕاوکێدان.



وەزارەتی تەندروستی سەرقاڵی دۆزینەوەی ڕێگە چارەسەرێکە بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ



بەمەبەستی کەمکردنەوەی قوربانییەکانی ڕووداوەکانی (هاتوچوو - کرێکاران لەکاتی کارکردنیاندا)، هەروەها پابەندبوونی شۆفێران بە ڕێنماییەکانی هاتووچۆوە بەتایبەتیش ماتۆرسکیلەکان، وەزارەتی تەندروستی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان سەرقاڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارەسەرێکە.

لە یەکەمین کۆبوونەوەی لیژنەی هاوبەشی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کە بە چاودێریی دکتۆر سامان حسێن بەرزنجی وەزیری تەندروستی لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی بەڕێوەچوو، بە وردی تیشکخرایە سەر هۆکارەکانی زیادبوونی ڕووداوەکانی هاتووچۆ، کە جگە لە زیانی گیانی و مالی هاوکات بوونەتە بارگرانییەک بەسەر کەرتی تەندروستییەوە. د. ئارام سەعدوون، ڕاوێژکاری وەزیری تەندروستی بە وردی تیشکی خستە سەر هۆکارەکانی قوربانیانی هاتوچۆ و کرێکاران، کە بەهۆی باپەندنەبوون بە بەکارهێنانی پشتوێنی سەلامەتی و خۆنەبەستنەوەیان لەکاتی ڕووداوەکان قوربانی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە و زیانی زۆر بەرجەستەیان دەکەوێت. لە بەشێکی تری کۆبوونەوەکەدا بە باس لە سەرپێچیکردنی ماتۆرسکیلەکان کرا کە لە 30%ڕووداوەکان پێکدێنن، بەتایبەت ئەو ماتۆرسکیلانە بەهۆی بەکارنەهێنانی کلاو و سەرچۆک زیانی زۆر بەر جەستەیان دەکەوێت و بە هۆی مانەوەشیان لە نەخۆشخانەکانی حکوومەت تا چاکدەبنەوە ڕۆژانە خەرجییان 500- 800 دۆلار لەسەر وەزارەتی تەندروستی دەکەوێت، کە ئەمەش بارگرانییەکی زۆرە لەسەر کەرتی تەندروستی.

ڕاوێژکاری وەزیری تەندروستی داوایکرد لە لایەنە پەیوەندی دارەکان کە ڕێگری لە سەرپێچیکردنی ماتۆرسکیلەکان بکەن و جەختکرایەوەکە دەبێت شۆفێرانی ماتۆرسکیلەکان کلاو و سەرچۆک بەکار بهێنن و پابەند بن بە ترافیک لایيتەکان. لە لایەن خۆشیانەوە نوێنەرانی هەریەک لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بڕیاریاندا کۆنوسێک ئامادەبکەن و لە چەند خاڵێکدا بە وردی هۆکارەکان و چۆنیەتی ڕێگری لەکەمبوونەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ و کرێکاران ئامادەبکەن و لە کۆبوونەوەی داهاتوودا تاوتوێی بکەن.

کۆبوونەوەکە بە بەشداری ڕاوێژکارو بەڕێوەبەرەگشتییەکانی وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەری پشکنین و بەدواداچوون و بەرپرسی چاودێری چڕی ب.گ تەندروستی هەولێر لەگەڵ وەزارەتەکانی (ناوخۆ، پەروەردە، شارەوانی، کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، دەزگای نوسینگەی دوێنێ سێشەممە، بە ئامادەبوونی وەزیری دەرەوەی عێراق، محەمەد حەکیم و بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی عێراق، سەفین دزەیی و پارێزگاری هەولێر، فەرسەت سۆفی نوسینگەی وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە هەولێر کرایەوە. بەکردنەوەی ئەم نوسینگەیە، ئەو هاوڵاتییانەی کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دێنەوە، پێویست ناکات بۆ کاروبارەکانیان سەردانی بەغدا بکەن، ئەو نوسینگەیە پەسەندکردنی بەڵگەنامەکانی کار بۆ ئەو هاوڵاتییانەش بکەن.



هەولێر.. نووسینگەی پەسەندکردنی بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی عێراق کرایەوە

شێخان... هەر کەسێک بایۆمەتری نەکردبێت بۆی ئەنجام دەدەن

خەبات- ئالان شەهاب: خەلەف سەعید کارمەند لە بنکەی شێخانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە نەینەوا بە خەباتی ڕاگەیاند: بە بڕیاری پەرلەمانی عێراق لە مانگی 12ی ساڵی 2019 بڕیار درابوو سەرجەم بنکەکانی کۆمسیۆنێ دابخرێن و کارمەندەکانی هەموو بنکەکان لە کارکردن لادرابوون، بەڵام لادانەکانیان پشتڕاست نەکرابوویەوە، بە هەزاران کارتی بایۆمەتری دەنگدەران مافیان نەبوو، چونکە کارتەکانی خۆیان وەرنەگرتبوویەوە. هەروەها گوتی: لە ئێستادا کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق بڕیاری دا بە بڕیاری ژمارە 203 لە ڕێکەوتی 2020/2/3 کە هەموو ئەو کارمەندانەی لە کارکردن لادرابوون دووبارە بگەڕێنەوە سەر کاری خۆیان و هەموو بنکەکانی کۆمسیۆن بکرێنەوە بە پێی ئەو بڕیارە هەر کەسێک بایۆمەتری نەکردبێت ئێمە دەتوانێن بۆی ئەنجام بدەین، چونکە لە بنکەی شێخان تەنها 30% خەڵک بایۆمەتریان کردووە.

وەزارەتی تەندروستی هەڵمەتێکی هوشیاری بۆ خۆپارستن لە نەخۆشیی کۆرونا دەستپێدەکات



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: وەزارەتی تەندروستی هەرێم هەڵمەتێکی فراوانی هوشیاری بۆ خۆپارستن لە ڤایرۆسی کۆرونا دەستپێدەکات و هەڵمەتەکەش سەرجەم شار و شارۆچکەکان دەگرێتەوە. بەپێی ڕاگەیەنراوێکی وەزارەتی تەندروستی بە هاوکاری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، هەڵمەتی هوشیاری دەستپێدەکات و بە هەزاران پۆستەرو ریفلیت ئامادەکراوەو تیایدا باس لە چۆنیەتی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکات بۆ ئەوەی سەرجەم هاوڵاتیان بتوانن خۆیان لە نەخۆشیەکە بپارێزن. بۆ ئەو مەبەستەش هەرسێ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی شارەکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی زنجیرەیەک ڕاهێنان ئەنجام دەدەن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەو ڕاهێنانەش بەسەربەرشتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و وەزارەتی تەندروستی بەڕێوەدەچێت و 25 کەس لەو ڕاهێنانەدا بەشداری دەکەن و ڕاددەهێنرێن لەسەر چۆنیەتی خۆپاراستن لە ڤایرۆسەکە و زانیاری تازەو زیاتریان لەسەر ڤایرۆسەکە پێدەدرێت.

پلەکانی گەرما لە حاجی ئۆمەران 18 پلەی ژێر سفری سەدییە



نزمترین پلەکانی گەرمای تۆمارکراو بۆ دوێنێ سێشەممە لە حاجی ئۆمەران 18 پلەی ژێر سفر و دەربەندیخان- یش بە 2 پلەی ژێر سفر تۆمارکراوە.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان، نزمترین پلەکانی گەرمای تۆمارکراوی بۆ دوێنێ سێشەممە لە چەند شار و ناوچەیەکی هەرێمی کوردستانی بڵاوکردەوە کە تیایدا حاجی ئۆمەران وەک ساردترین شوێن کە بە 18 پلەی ژێر سفر و دەربەندیخان-یش بە گەرمترین شوێن بە 2 پلەی ژێر سفر دیاریکراوە.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان، نزمترین پلەکانی گەرمی تۆمارکراوی چەند شار و ناوچەیەکی هەرێمی کوردستانی بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوە داوە کە لە ناوچەی حاجی ئۆمەران پلەی گەرمی بۆ 18پلەی ژێر سفر دادەبەزێت.

لە بەشێکی ڕاگەیاندراوەکەدا، ئاماژە بەوەکراوە کە لە کانی ماسێ 17 پلە، پێنجوین 14 پلە، چۆمان 13 پلە، بامەڕنێ 12 پلە، هەڵشۆ 11 پلە، دهۆک 10 پلە، پیرمام 8 پلە، سیدەکان 7 پلە، بارزان، ڕواندز، زاخۆ و قەڵادزێ 6پلە، سلێمانی، هەڵەبجە، شەمامک و سۆران 5پلە، هەولێر، خەبات چەمچەماڵ 4 پلە، کەرکووک 3 پلە و دەربەندیخان 2 پلە لە ژێر سفرەوە دەبێت.

کەلار... بەتۆمەتی دزینی شەش هەزار دۆلار تۆمەتبارێک دەستگیرکرا

خەبات-سەربە یوسف: دوێنێ پۆلیسی گەرمیان وردەکاری گرتنی تۆمەتبارێکی ئاشکراکرد کە ڕۆژی پێشتر دزی لە سەمەنخانەیەک کردبوو لە کەلار.

موقەدەم عەلی جەمال، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان، بە خەباتی ڕاگەیاند: دوای ئاگادارکردنەوەمان لەحاڵەتێکی دزیکردن لەنێو سەمونخانەیەکی بازاڕی قەزای کەلار، مەفرەزەکانی 104ی کەلار چوونە شوێنی حاڵەتەکەو گومان لێکراوێکیان دەستگیرکرد کە کرێکارەو لەهەمان سەمونخانە کار دەکات. گوتیشی دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا دانی بەوەدا نا کە ڕۆژانە لەنێو دەخیلەی دوکانەکە پارەی بردووەو بە وتەی خۆی تا ئێستا شەش هەزار دۆلاری ئەمریکی لەو دوکانە بردووە.

ڕونیشیکردەوە: تۆمەتبار دانیشتووی قەزای کەلارەو لەدایکبووی 1999ە لەئێستادا بەبڕیاری دادوەرو بەپێی مادەی 446بەندکراوەو لێکۆڵینەوەش لەگەڵیدا بەردەوامە.

قلیاسان... ئەمبولانسێک لە کاتی گواستنەوەی نەخۆشێک وەرگەڕا



ئۆتۆمبێلێکی ئەمبولانس لەکاتی گواستنەوەی نەخۆشدا، لەنزیک قلیاسان کۆنترۆڵی لەدەستداو پاشان وەرگەڕا. شەوی ڕابردوو ئۆتۆمبێلێکی ئەمبولانس لەکاتی گواستنەوەی نەخۆشێک بۆ نەخۆشخانەی شار، لەنزیک قلیاسان، بەهۆی بەستنی شەقامەکەوە کۆنترۆڵی لەدەستداو پاشانیش وەرگەڕا.

بە پێی زانیارییەکانیش ڕووداوەکە زیانی گیانی بەدواوە نەبووە و تەنیا زیانی مادی لێکەوتووەتەوە و ڕاستەوخۆش دوای ڕووداوەکە تیمەکانی تەندروستی نەخۆشەکەیان، بۆ نەخۆشخانەی شار گواستوەتەوە.

تەواوی تابلۆی ریکلامە بازرگانییەکان لە ڕێگای دوکان لابران



قایمقامیەتی قەزای دوکان بڵاویکردەوە، تەواوی ئەو تابلۆی ریکلامانەی ناوەندی شەقامە گشتییەکانی سنوری قەزای دوکان لابران و هەر کەس و لایەن و کۆمپانیایەک بیەوێت ریکلام دابنێ، دەبێ بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان دایبنێت. بەپێی بڵاوکراوەکە، بەشێکی زۆر لەو کۆمپانیایانەی ریکلامەکانیان لابراوە، پێشتر ئاگادارکردنەوەیان پێ دراوە تابلۆکانیان لابەرن، یان مامەڵەی یاساییان بۆ بکەن، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان پابەند بوون. هەر بۆیە قایمقامیەتی قەزای دوکان لە ڕێگای لیژنەی زیادەڕۆیی هاوبەشی بە هاوکاریی ئامێرەکانی شارەوانی دوکان سەرجەم تابلۆکانیان لە ناوەندی شەقامە گشتییەکان لابرد.

www.xebat.net
چوارشەممە 2020/2/12 ژمارە (5931)

چیرۆکی کۆچبەرانی ڕێگەی مەرگ

بەمەبەستی گەیشتن بە ئەورووپا کۆچیانکرد و بوونە خۆراکی ماسییەکانی دەریا

دایکی یەکێک لە بێسەروشوێنەکان: بڕی 7700 دۆلارمان بۆ خەواند، گوتی بە یەخت دەڕۆم، قاچاخچیەکە ناوی نەوشیروانە پێی گوتین یەختەکەمان باشە و ناشکێ، ئیتر لە 11ی مانگی ڕابردووەوە هیچ هەواڵی نییە

لازۆی 4 ساڵان بێئاگایە لەوەی کە باوکی بێسەروشوێنە، پێیان گووتووە ڕۆیشتۆتە هەندەران، ئەویش بەردەوام داوای باوکی دەکات

شەوبۆ ڕەشید: لە دواین نامەدا نووسییان کەمێکی تر دەچین سواری یەختەکە دەبین کە داخڵ بووین نامەیەکی ترتان بۆ دەنێرین، بەڵام چیتر ئەو نامەیەیان بۆ نەناردین



خەبات: سلێمانی

زۆر جار نائومێدی و بێکاری لەنێو کۆمەڵگەدا دەبێتە نەخۆشییەک و پەلوپۆی کایەکانی لەناو دەبات، هەژاری، گەندەڵی و بێ ئومێدی لە نێو چینی گەنجاندا یەکێکن هۆکارەکانی کۆچی گەنجان بەلێشاو بۆ دەرەوەی وڵات. لەگەڵ دروست بوونی شەڕی داعش و قەیرانی ئابووری کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتەوە، شەپۆلێکی تری کۆچ لە هەرێمەوە بۆ ئەورووپا و وڵاتانی ڕۆژئاوا دەستی پێکرد.

ڕێڕەوی کۆچەکە بریتین لە وڵاتانی تورکیا، یۆنان، ئیتاڵیا و پاشان وڵاتانی تری ئەورووپا و ڕۆژئاوا. لەکاتی ئەو گەشتەدا کە لە نائومێدیەوە بەئومێدی گەیشتن بە هیوا ئەنجام دەدرێت، زۆر ڕێگەی سەخت دێتە بەردەم کۆچبەرانی نایاسایی، کە ناچاریان دەکات خۆیان بدەنە دەست قاچاخچیەکانی مرۆڤ، لەوێوە ڕووبەڕووی مامەڵەی نەشیاو دەبنەوە، ئەمە جگە لەوەی چەندین ڕێگەی مەترسی وشکانی و ئاویی دەبڕن.

هەندێک لە کۆچبەران لەڕێگەی ئاویەوە هەوڵ دەدەن خۆیان بگەیەننە وێستگەکانی تری ڕێڕەوی کۆچەکەیان، ناچار دەبن لە ئاوی دەریاکانی ئیجە، و ئایۆن بدەن تاکو لە تورکیا و بەڕێنەوە بۆ یۆنان و لەوێشەوە بۆ ئیتاڵیا.

تا ئێستا چەندین ڕووداوی نقوم بوونی بەلەم لەو دەریایەدا ڕوویان داوە، لەوانە لە 11ی کانوونی دووەمی 2020دا بەلەمێک بە 23 سەرنشینەوە نقومی دەریای ئایۆن بوو، دواتر تەرمی 5 لە کۆچبەرانی نایاسایی دۆزرانەوە و 3ی دیکەیان ڕزگار کران و تا ئێستاش 15 لەوانە بێسەروشوێن.

کەسوکاری 3 لەو کۆچبەرانەی ڕێگای هەندەرانیان هەڵبژارد، لەم بەداداچوونەدا قسەی خۆیان دەکەن بەو مەبەستەی بتوانن لە ڕێگەی میدیاکانەوە سۆراغی کەسە بێسەروشوێنبووەکانیان بکەن.

ئامینە فەتاح: چەندین جار شارەوانی عەرەبانەکەیان لێ دەسەند و دەیانشکاند نەیاندەهێشت کاسبیەک بکات، بۆیە کوڕەکم ڕێگای هەندەرانی هەڵبژارد

ئامینە فەتاح دایکی یەکێکە لەو بێسەروشوێنەکانی ڕووداوی نقوم بوونی بەلەمەکە و بە دەنگێکی پڕ گرپانەوە باس لە دواین پەیوەندی خۆیی و کوڕە 23 ساڵانەکەی دەکات، بەناوی شیروان ئەحمەد عەبدولقادرەوە و دەڵێت: کوڕەکەم لەبەرنەبوونی تا پۆلی 7ی خوێند، دواتر ناچاربوو بچێتە بازاڕ کاسبی بکات و دەستی دایە عەرەبانەیەک و سەرقاڵی پاقلە فرۆشتن بوو.

ئامینە باس لەوە دەکات کە شیروانی کوڕی لە سلێمانی سەرقاڵی دەستگیرێ بووە و عەرەبانەی پێ بووە و چەندین جار لەلایەن پۆلیسەوە عەرەبانەکەی دەستبەسەرداگیراوە یان شکێنداوە، هیچ موچەیەکی نەبووە، بۆیە بڕیاری دا کە بڕوات بۆ هەندەران و دەڵێت: چەندین جار شارەوانی عەرەبانەکەیان لێ دەسەند، لێیان دەشکاند نەیاندەهێشت کاسبیەک بکات، لەگەڵ باوکیدا عەرەبانەیان پێنبوو، باوکی سەوزەی دەفرۆشت، خۆیشی پاقلە، ماوەیەکی زۆر باوکی پەکی کەوتووە، ئەم هەواڵەشی بیستووە هێندەی تر باوکی پەکی کەوتووە، یەک دینارمان بۆ پەیدا ناکرێت، بەقەرز پارەمان بۆ پەیدا کرد تاکو پێی بڕوات.

ئامینە فەتاح ئاماژە بەوە دەکات کە شیروان-ی بێسەروشوێن لە 25ی ئەیلوولی ساڵی ڕابردووەوە بەڕێکەوتووە بۆ هەندەران و بڕی 7700دۆلاریان بۆ خەواندووە تاکو لە یۆنانەوە بە بەلەم بچێتە ئیتاڵیاو دەڵێت: کوڕەکەی من لە 25ی ئەیلوولی ساڵی پارەوە ڕۆیشت، 4مانگی پێچوو، دواین جار لە 10ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ قسەمان لەگەڵ کرد پارەمان بۆ خەواند کەبڕی 7700دۆلار دەبوو، گووتی بە یەخت دەڕۆم، قاچاخچیەکە ناوی نەوشیروانە، پێی گوتین یەختەکەمان باشە و ناشکێ، ئیتر لە11ی مانگی ڕابردووەوە هیچ هەواڵی نییە. ئامینە باس لە دواین پەیوەندی خۆی و کوڕە بێسەروشوێنەکەی دەکات کە دواین جار لەناو پاسێکدا لە یۆنان قسەیان کردووە پێکەوە و لەوکاتەوە دەنگی نییە و دەڵێت: شێروان بەنیاز بوو لە یۆنانەوە بچێتە بۆ ئیتاڵیا، دواین جار لە 10ی کانوونی دووەمدا قسەمان کرد. عەسرەکەی قسەمان کرد گوتی لەناو پاسداین دەچین بەرەو لای دەریاکە و دەڕۆین بە یەخت، ئیتر هێڵی پەیوەندی مۆبایلەکەی پچڕاو دەنگی نەما، چیتر نامەی نەنارد بڵێت وا گەیشتینە یەختەکە یان ئاوەکە، تاکو ئێستا هەرچاوەڕێین.

دایکی شێروان باس لەوە دەکات کە کوڕەکەی لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بووە بەناوی زانکۆ خەڵکی سەیدسادقە و ئێستا هەردووکیان بێسەروشوێن، بەڵام هیچ هاوەڵێکیان لەنێو ئەو 5 تەرمانەدا نەبوون کە ماوەکانی پێشتر هێنراونەتەوە هەرێمی کوردستان.

خەدیجە فەتاح کە خوشکی ئامینەیە ئاماژە بەوە دەکات کە خوشکەکەی هیچ گوزەرانێکیان نەماوە، هەر جەرەسێک لێ دەدرێت، یان دەرگا لێدەدرێت، ئەمان ڕادەچڵەکن وا دەزانن کوڕەکەیانە، یان هەواڵی گەڕانەوەی کوڕەکەیان پێ دەدەن و داوا دەکات کە ئەگەر ئێسک و پروسکیشی بێت، بەڵام بۆی بهێننەوە، تاکو چیتر چاوەڕێی کوڕەکەیان نەکەن، چاولەدەرگا نەبن بە ئومێدەوە.

لازۆی 4 ساڵان بێئاگایە لەوەی کە باوکی بێسەروشوێنە، پێیان گووتووە ڕۆیشتۆتە هەندەران، ئەویش بەردەوام داوای باوکی دەکات

شوان حەمە ئەمین (30 ساڵ) ، لەدوای خۆی دوو منداڵی 4 ساڵان و 2 ساڵەی بەجێهێشتووە، لازۆی کوڕی ئێستاش بێ ئاگایە لەوەی باوکی چی بەسەر هاتووە.

شوان لەگەڵ ژنبرایەکیدا بەناوی دیاری سابیر (24 ساڵ)ڕێگەی هەندەران دەگرنە بەر، بڕیاربووە 11ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ لە یۆنان سواری یەختێک بن و بەرەو ئیتاڵیا بەڕێ بکەون، بەڵام لە 10ی مانگی ڕابردووەوە هیچ هەواڵێکیان نییە.

لازۆی 4 ساڵانە کوڕی شوان -یەو ئەو بێسەروشوێنە، باوکی پێیان گووتووە، کەسوکاری پێیان گووتووە ڕۆیشتۆتە هەندەران تاکو دواتر تۆ ڕابکێشێت.


لە لێدوانێکدا شەوبۆ ڕەشید، دایکی دیاری سابیر ئاماژە بەوە دەکات کوڕەکەی لەگەڵ زاواکەیاندا بەناوی شوان حەمە ئەمین، بەهۆی کەمدەرامەتییەوە ڕێگەی هەندەرانیان هەڵبژارد و دەڵێت: شوانە لە بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی فریاکەوتنی دووکان کارمەند بوو، دیاری-ش بەگرێبەست کارمەندی شارەوانی دووکان بوو، لەبەر کەمی بڕێوی ژیانیان ملی ڕێگایان بەرەو هەندەران گرتەبەر.

لە دواین نامەدا نووسییان کەمێکی تر دەچین سواری یەختەکە دەبین، کە داخڵ بووین نامەیەکی ترتان بۆ دەنێرین، بەڵام چیتر ئەو نامەیەیان بۆ نەناردین

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە 10ی مانگ نامەیەکیان نارد گوایا تۆزێکی تر دەچن سواری یەختێک دەبن تاکو لە یۆنانەوە بچنە ئیتاڵیا و گوتی: لە نامەکەدا نووسییان دەچین بۆلای دەریا سواری یەختەکە دەبین کە داخڵ بووین نامەیەکی ترتان بۆ دەنێرین. بەڵام ئەو نامەیەیان بۆ نەناردووین.

لەباسی دواین پەیوەندی تەلەفۆنیدا شەوبۆ ئاماژە بەوە دەکات ڕۆژی پێش ڕووداوەکەبوو، تەلەفۆنیان کرد و کامیرامان کردەوە و یەکترمان بینی و قسەمان کردو دەڵێت: لە پاسێکدا بوون دەڕۆیشتن بەرەو نزیک ئاوی دەریاکە لە شاری سالۆنیکی یۆنان، کامیراکەیان کردبووبەوە، دەمەو عەسر بوو، گوتیان بۆ بەیانی سواری یەخت دەبین. ئیتر دوای ئەوە قسەمان نەکردەوە بەتەلەفۆن تەنها بە نامە نەبێت.

شەوبۆ ئاماژە بەوە دەکات کە زاواکەیان دوو منداڵی بەجێهێشتووە لەگەڵ هاوسەرکەیدا، یەکێک لە منداڵەکانی بەناوی لازۆیە، بەردەوام داوای باوکی دەکات و دەڵێت: ئەو کاتەی تەرمی نقوم بووەکانی تریان هێنایەوە لازۆ نەخۆش کەوت، ئێستا پێمان گوتووە کە باوکت لە هەندەرانە و ماوەیەکی تر تۆ دەبات بۆ لای خۆی.







با جوانی و پیرۆزی خۆشەویستی نەشێوێنین

ڕاپۆرت/ پەریهاعومەر

خۆشەویستی ئەو پرۆسەیەی کە کەم گەنج هەیە پێیدا تێپەڕ نەبووبێت و بیرەوەری تاڵ و شیرینی خۆشەویستی نەچێشتبێت. ئەوەی جێی دڵگرانییە ئەوەیە هەندێ کەس زۆر بە تاڵی باجی ئەو هەستە دەدەنەوە و بە تایبەت لە چینی ئافرەتان عەیبە و بڤەی زۆری پێوە دەبینرێت. بێشک خۆدزینەوە لەو پرۆسەیە مەحاڵە، بۆیە پێویستە بیربکرێتەوە چۆن و بە چ پلانێک کچانمان بە کەمترین زیان لەو سۆزە دەروونییە دەربچن.

پەیوەندی نزیکی دایک و کچ ڕێگە لە هەڵە دەگرێت

سارا سەرتیپ، قوتابی زانکۆ لەبارەی پەیوەندی دایک و کچ دەڵێت: من پێموایە پەیوەندی نزیکی دایک بۆ کچ زۆر گرنگە لە بەلاڕێداچوونی و ئەوەیکە تووشی هەڵە بێت. گەر دایک وەک هاوڕێ بێ کچەکەی چونکە دایک وەکو مامۆستا وایە، بەلام ئەگەر هاتوو پشتگوێی بخات و گوێی بۆ نەگرێ، بەردەوام ڕەخنەی لێبگرێ و سەرکۆنەی بکات ئەوا ناتوانێت هاوڕێ و دۆستی کچەکەی بێت. گەر دایکێک زۆر بە وردی ئاگاداری قۆناغەکانی ژیانی نەبێت و خۆی لە کچەکەی نزیک نەکاتەوە ئەوا کچەکە هەست بە بۆشای دەکات و لە شوێنی دیکە ئەو بۆشاییە پردیکاتەوە، نەبوونی خۆشەویستی و گرنگی پێندان لە ناخی ئەوا دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی بە دوای خۆشەویستی لە دەرەوە بگەڕێ بەمەش دەکەوێتە کاری هەڵەوە و دەکرێت لە لایەن هەر کەسێکەوە ئیستغلال بکرێت.


مەیل بۆ ڕەگەزی بەرامبەر گۆڕانکارییەکی فیزیۆلۆژیە و ڕێنوینی خێزانی پێویستە

شیرین گەردی، قوتابی زانکۆ لە بارەی خۆشەویستی و ئەویکە چۆن خێزان لەو ڕوتە سروشتییەی ژیان پێویستە ڕزلی خۆی هەبێت دەڵێت: منالان هەر لە تەمەنێکی کەمەوە هەست بە گرنکیدان وخۆشەویستی دەکەن لە لایەن دایک و باوکیانەوە کە گەورەتر بوون شێوەی خۆشەویستییەکە دەگۆڕێت و پەرەسەندووتر دەبێت و دەچێتە چوارچێوەیەکی دیکەوە، جا ئەگەر بێت ئەو خۆشەویستی و گرنگیپێدانەیان هەستپێنەکرد یان بە شێوەیەکی پێویست نەبوو ئەوە بۆشاییەکی ڕۆحیان خۆشەویستی نابێت ناکەوێتە ناو هەر پەیوەندییەک کە بە ناوی خۆشەویستیە دادەنرێت، چونکە ئەو خۆشەویستی ڕاستەقینە دەناسێت. لەکۆتایدا زۆر ناگارای متدالەکانتان بن زۆر خۆشەویستان پێبدەن نەوەک بەدوای خۆشەویستی هەڵەدا بگەرین.

خۆشەویستی تەندروست لەسەر بنەما کۆمەڵایەتییەکان زەمانێک بۆ بەختەوەری سارا یاسین تەحمەد، قوتابی زانکۆ ڕایەوایە کە: خۆشەویستی واتا بەرپرسایەتی و متمانەیەک کە بۆ بونیاتنانی داهاتوویەکی هاوبەش لەسەر هەندێ بنەما پێکدێت. ئەو بنەما و ڕێسایانە لە نێوان ئەو دوو کەسە دەکرێت و لەسەر ئەو خاڵانە ڕێکدەکەون و بێشک پێوەی پابەند دەبن، بە هەمان شێوە ڕێزگرتن لە پێوەرەکانی کۆمەڵگە، بێگومان خۆشەویستی لەسەر بنەما کۆمەڵایەتییەکان ڕێگایەکە بۆ بەختەوەری چونکە ئەمە دەبێتەخۆشەویستییەکی پاک، بەڵام بەداخەوە ئێستا زۆر کەمبۆتەوە بە پێ پێوەرەکان خۆشەویستی بکەن و دەرچوون لە بنەما ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان وایکردووە کە خۆشەویستی ببێتە ڕابواردنێکی گەنجانە کە تەنیا کات بەسەربەرن کە ئەمە زۆر زیانی بۆ کۆمەڵگە هەیە چونکە تەواوی متمانەکان کە بۆ ژیان پێویستە دەشکێنێت و جۆرێک لە بێ سوباتی بۆ داهاتووی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

خۆشەویستی تەمەنی گونجاو و پێگەیشتوویی دەوێت

فان هاوار، ڕێژنامەنووس باس لەوە دەکات کە کچانی ئێمە لە تەمەنێکی بچووک و بێ ئەزموونی خۆشەویستی دەکەن و بە تەنیا نیگایەک تاشق دەبن نەک ناسین و لێکتێگەیشتن و دەڵێت: لە لای کچانی کومەڵگای ئێمە باوە کە لە تەمەنیکی لاوی 13بۆ15 ساڵ هۆگری گەنجی تەمەن خۆیان یا خود گەورەتر ئەبن هۆی ئەمەش ئەوەیە کە باوک و برا پەیوەندییەکی هاوڕێیانە لەگەڵ کچەکانیان دروست ناکەن تا کچ لە قوتابخانە یا خود هەر شوێنێک هەر شتیکی بەسەر هات و هەر دۆخێکی هاتە پێش بۆ باوک و برای بگێڕێتەوە، بەڵکو لە ترسی ئەوەی لێیبدات یان بیکوژێت دەیشارێتەوە، هەر بۆیە نەبوونی نزیکی لە نێرینەکانی مالی خۆی و ئەوەیکە نێرینە لە بنەماڵە بڕیاردەر و بە دەسەلات بێت وادەکات دوورکەوتنەوەیەک هەبێت و هۆگری کورێک لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە بن و پێوەی پەیوەست ئەبن کە لە داهاتوو تووشی خەموکی و نەخوشی دروونی دەکات بەو پێیەی هۆکاری پەیوەست بوونەکە ڕاکردنە لە دەسەلات و فەرزکردنی نێرینەکانی دەورامبەری خۆی، بێشک ئەمەش هۆکارێکی هەڵەیە بۆ خۆشەویستی و دواتر متمانە بە کورِ نامێنی. سروشتی کچ ناسکە و بە قسەی خوش دڵیان ئەفڕێت و بێئەوەی بزانن متمانە و لێکتێگەشتن بناغەی ژیانێکی سەرکەوتووە دەکەونە پرۆسەیەکی هەڵە، وا ئەزانن جلی بوک و بەدلەی سپی هەموو شتێکە بێئەوەی تێبگەن چ بەرپرسایەتییەکی گەورەیە. هەروەها لە کومەڵگەی پیاوسالاری کچ وا پەروەردە ئەکەن کە کورِ شتێکی مەترسیدارە، نزیکبوونەوە لێی عەیبە و حرامە، کورِیش ڕاناهێنن کە کچ بۆ ڕابواردن و کات بەسەربردن نییە یان لە لایەک ڕایاندەهێنن کە خوشکی وەک شەرەفی خۆی سەیر بکات. هاوڕێی خراپ و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و تێکەلبوونی ئایینە جیاوازەکانیش هۆکارگەلی دیکەن بۆ شێواندنی شێوەی جوانی خۆشەویستی کە بەداخەوە لای ئێمە هەموو بە پێچەوانەوە کەلکی لێوەردەگیرێت.



ئیخلاس گەردی

ئافرەت.. شکۆیەک لە میژووی کورد

بناغەی هەر نەتەوەیەک بەندە بە گەلەکەی و دامەزراوەیی حکومەت و بونیاد و ژێرخانی بیر و وزە و توانای تاکەکانی ئەو وڵاتە. کوردستان میژوویەک لە هەوڵ و تێکۆشان و ماندووبوونی سەدان و هەزاران کوردە بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خۆیان وەک هەر نەتەوەیەکیتر. زۆرترین قوربانیدان بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکیتری ئامادەبوو بۆ هەر شۆڕش و بەرهەڵستییەک کە دەرهەق بەو گەلە دەکرێت.

لە پاڵ هێز و بازوی پیاوانی سەردەمی کۆن و ئێستاشدا، کە پێشمەرگەی ورە بەرز و خاوەن هیمەتی پرشانازین، ئافرەتانێک بوونیان هەبووە و تاکوو ئێستاش هەیە، کە بوونەتە سیمبول و بە هەبوونیان لەنێو کایەکانی حکومەت و هەرێمەکەمان، بوونەتە جێی شانازیمان. ئافرەتانێک کە وەک پیاوانی کورد لە پێناو کوردستان دەربەدەری و لەسێدارەدان و کوشتن و بڕین و ئاوارەیی و ڕێگەی شاخیان هەڵبژاردووە، تەنها بۆ خاتری ئەوەی کوردبوونی خۆیان بۆ هەموو جیهان و هەرچی دوژمنە بسەلمێنن، کە ئەوان خێزانێکن کە خەباتی کورد‌ایەتی و خزمەتی خێزانیان لە یەک کاتدا ئەنجامداوە، چونکە ئافرەتی کورد ئافرەتانی ڕەسەنن! دووبارەنەبووەوەی هیچ میلەتێکن، تاک و جیاوازن، سەختترینەکانیان هەڵبژارد، بۆ یەکڕیزی و مانەوەیان لەناو خاکی باب و باپیرانیان و پێگەیاندنی منداڵەکانیان لە هەمانکاتدا، دروستکردنی نەوەیەکی پڕ سۆز و هەستی بەرپرسیاریەتی بۆنیشتیمان و گەل و نەتەوەکەیان.


لەیلا قاسم و حەپسەخانی نەقیب و مینا ئەسکەندەری، مینا خانم خێزانی قازی محمد و عیسمەت خانم کچە گەورەی قازی و سوڕیا بەدرخان و هتد... کە مەزنترین دەستکەوتیان هەبووە بۆ گەلی کورد و لە میژووی گەلەکەمان وەک ئەستێرە دەدرەوشێنەوە.

بە تەنها چاوخشانێک بە میژووی خاتوونانی کوردستانەکەماندا دەبینیت چ شاژنانێک لە میژووی پڕ سەربەرزی و هیمەت لەناو کورددا بوونی هەبووە، کە دەبێتە هۆی دووبارە دروستبوونەوەی کەسانی نوێ و پڕسود و قازانج و سەروەری بۆ نەتەوەکەمان و دووبارە هەڵکەوتنی کەسانێک کە بۆ میللەت و حکومەت و دەسەلاتی کوردی مایەی ڕێز و سوپاسن بۆ هەبوونیان.

من وەکو ئافرەتێک هەمیشە شانازی بە کورد بوونی خۆمەوە دەکەم و وڵات و نەتەوە و بەها پەروەردەییەکانی تەنانەت منداڵێکی نیشتیمانەکەم گەورە و گرنگ هەڵدەسەنگێنم، چونکە نەتەوەکەی من نەتەوەیەکی پڕ شکۆ و سەربەرزە بە پیاو و ئافرەتەوە، بۆیە دەڵێم پیاو و ئافرەت، چونکە هەمیشە هەردووکیان هاوسەنگی کۆمەڵگە و خێزان و خۆشەویستیین، بە بوونی هەر یەکێکیان و بەرزکردنەوە و دابەزینی هەر یەکێکیان، لاسەنگییەک دروست دەبێت کە بە دڵنیاییەوە پێمان هەڵناگیرێت و بە تەنیا ناتوانین ڕاستی بکەینەوە. هاوشانی و دادپەروەری و یەکسانی بۆ هەمیشە جێی شانازی ئێمەن. وەک بەبیرهێنانەوەیەکیش هیچ وڵات و دەسەلات و حکومەت و تاکەکانی نێو هیچ نەتەوەیەک بێ کەم و کوڕی نییە. جیاوازی تاکایەتی و ئایینی و ئایدۆلۆژیا و نەتەوە و کەمینە و زۆرینە و بیر و تێڕوانینی هەر یەک لە هاونیشتیمانییەکی من ئاساییە وەکو هەر نەتەوەیەکی سەر ئەم زەمینە، کەواتە وڵاتی منیش بە جیاوازی و کاردانەوە و نیشاندان و تێڕوانینەکانی دەوروبەرمانەوە جوانین و چالاکین و بەردەوامین، لەسایەی ئافرەت و پیاوانی مەردی نیشتیمانەکەم، کە کوردستانی زێدە ئازیز و تاقانەیە.

هۆکارەکانی سەرسوڕان لە ئافرەتی دووگیان

دکتۆر دەریا عەلی: بەهۆی بەرزبوونەوەی هۆرمۆن و شەکر و زۆر خوێن ڕۆیشتن بۆ منداڵ، ئافرەتی دووگیان هەست بەگێژبوون دەکات



دیهانە: وریشە عومەر

قۆناغە دووگیانی کاتێکی هەستیار بۆ ئافرەت و منداڵ هەژمار دەکرێت و پێویستە هەم دایک و هەم کەسانی دەوروبەر یارمەتیدەر بن بۆ زیاتر ئاگەداربوون و پاراستنی هەردووکیان. بێشک ڕۆشنبیری دایک و ڕاوێژ بە پزیشکانی پسپۆڕ لەو کاتانەدا زۆر پێویستە و تەندروستی دایک و منداڵ مسۆگەر دەکات، چونکە ئەو کێشانەی لەو کاتانە دێتە پێش ئەگەری هەیە بە چارەسەرێکی ساکار لێی ڕزگار بیت. دکتۆر دەریا عەلی ئەمجارە لەبارەی سەرسوڕانی ئافرەتی دووگیان ڕێنوێنی دەدات.

*** دووگیانی لەخانداندا تاچەند هۆکارن بۆگێژبوون، چی بکرێت بۆئەوەی ئەم حاڵەتە ڕوونەدات؟**

– لەکاتی دووگیانیدا بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هۆرمۆنی(progestone) کە ئەبێتە هۆی زیاد ڕۆیشتنی خوێن بۆ منداڵەکە و دابەزینی زەخت و کەم ڕۆیشتنی خوێن بۆ میشکی دایکەکە، یاخود لە ئەنجامی دابەزینی ڕێژەی شەکر لە خوێندا دەبێتە هۆی هەستکردن بە لاوازی و سەرقوڕسی کە لە هەندێک ئافرەتدا ڕووددەدات کە پێویست بە دڵەڕاوکێ ناکات بە چارەسەر یان کۆنترۆڵکردنی شەکر و زەختی ئافرەتەکە، ئەو دیاردەی گێژبوونە لە ئافرەتە دووگیانەکە چارسەر دەبێت.



د. دەریا عەلی

*** چارەسەری گێژبوون چۆن دوای تۆشبوون؟**

– چارەسەرەکان بە پێی ئەو هۆکارە جیاوازانەی کە پێشتر باسمان کرد، دەگەڕدرێت لە زۆربەی کاتەکاندا پێویستە نەخۆشەکە لەگەڵ بەکارهێنانی دەرمان چارەسەری سروشتیش بەکاربهێنێت، هەروەها بیرمان نەچێت پێویستە کەسەکە لەم کاتانەدا پشوو بدات و هەندێجار پێویستە شوێنەکە تاریک بێت، چونکە هەندێک جار ڕووناکی دەبێتە هۆی گێژبوونی زیاتری کەسەکە.

ئێسکە پەیکەرە ئەوێندارەکانی ئیتالیا پیاو دەرچوون



لێکۆڵەران بۆیان دەرکەوت ئەو دوو ئێسکەپەیکەرەی کە لە باکووری ئیتالیا بە شێوەی دەست لەنێو دەست دۆزرانەوە تایبەت بە دوو پیاو بووە. ئەم دوو ئێسکەپەیکەرە کە لە ساڵی 2011 لە ناوچەی مۆدنا لە باکووری ئیتالیا دۆزرانەوە ناوبانگیان بە ئێسکەپەیکەرە ئەوێندارەکان دەرکرد. ئەوکات ڕایانگەیاند کە بەو هۆیەی ئەو ئێسکانە زیانی زۆریان بەرکەوتووە ناکرێت ڕەگەزەکەی دیاری بکرێت، بەڵام ئێستاکە و بە زانستی نوێ و ئەو ئیمکانیاتەی بەردەستە لە ڕووی ڕوکەشی ددانەکانەوە توانراوە ڕەگەزیان دیاریبکرێت. ئەوەیکە ئەو دوو کەسە کە دەگەڕێتەوە بۆ 1500 ساڵ لەمەوبەر کێن و چ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە هەیە تا ئێستاش نادیارە. لێکۆڵەران دەڵێن ئەو دووە پیاوێکی پێگەیشتوو بوون کە بە ئانقەست دەستیان خراوەتە نێو دەستی یەک و ناشراون. هەندێک لە لێکۆڵەران پێیانوایە کە ڕ'نگە ئەو دوو کەسە بۆ جمک یان کوڕە مام یان هی سەربازانێکن کە بەیەکەوە لە شەڕ کوژراون.

گاڵتەیەکی جوانی خاوەن کافێیەک لە ئەڵمانیا بۆ ڕۆژی ڤاڵنتاین



سروشتی مرۆڤ حەزی لە ڕاکێشانی سەرنجی بەرامبەرە و لەو کارەدا گەر داهێنان و بیرۆکەی نوێ هەبێت ئەوا سەرکەوتن زووتر بەدەست دێت. کەسانی خاوەن پیشەی جیاواز بۆ ڕاکێشانی کڕیار دەیان بیرۆکەی جیاواز پیشان دەدەن، ئەوەتا ئەمجارە خاوەن کافەیەک لە ئەڵمانیا بەو شێوازە گاڵتەئامێزە هەم یادی ڕۆژەی کردۆتەوە و هەمیش سەرنجی کڕیارانی ڕاکێشاوە و لە تابۆیەکی بەر دەرگای دووکانەکەی نووسیوەتی " گەر خۆشەویستەکەت بێنی 20% داشکاندنە، گەر هاوسەرت بێنی 40% و گەر بوێری ئەوەت هەبوو هەردووکیان بەیەکەوە بهێنی ئەوا 100% داشکاندنت هەیە واتا بەلاشە.

یەکەمین شەهیدی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی میللەتی کورد (شێخ عەبدولسەلام بارزانی) بوو

پرۆفیسۆر . دکتۆر کاوس قەفتان:

ژەنەراڵ مستەفا بارزانی توانی هەموو گەلی کوردستان یەک بخات



زانیار سەردار قرگەیی/ سلێمانی

(قەفتان) بنەماڵەیەکی بەناوبانگ خوێندەوار ڕۆشنبیری ناسراو خەمخۆری شاری سلێمانین لە بواری خوێندن و ڕۆشنبیری ڕاژە گوزاریدا دەستێکی بالایان هەبووە، چەندین کەسایەتیی ڕۆشنبیر سیاسی میژوونووسی گەورەیان تێدا هەڵکەوتووە ، خزمەتی نەتەوەی کوردیان کردووە. یەکێک لەو کەسایەتییە سیاسی ڕۆشنبیرە ناسراوانەی شاری سلێمانی (کەیکاوس نووری عەبدولرەحمان)ە، کە ناسراوە بە (د. کاوس قەفتان)ەوە. لە ساڵی 1933 لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. لە بواری خوێندنیشدا، ساڵی 1953 لە خانەی مامۆستایانی بالا لە زانکۆی بەغدا وەرگیراوە لە ساڵی 1957 خوێندنی تەواو کردووە دەرچووی کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی بەغدایە. وەک مامۆستا لە ناوەندیی سلێمانی دامەزراوە. لە ساڵی 1958- 1960 ئەندامی لیژنەی ناوچەی سلێمانیی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لە هاوینی 1959 بەشداریی کۆنگرەی لاوانی جیهانی کردووە لە ڕۆمانیا. لە نیسانی 1960دا چوونتە یەکێتیی سۆڤیەت بۆ خوێندنی بالا دکتۆرای لەسەر (ڕاپەڕینی بارزانییەکان) وەرگرتووە. پرۆفیسۆر د. کاوس قەفتان لە ساڵی 1960- 1966 ئەندامی لیژنەی بالای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بووە لە ئەورووپا، ئەندامی بالای ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە ئەورووپا، لە ساڵی 1963 لە بەشی کوردی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی (لینیگراد) وەک تویژەری زانستیی دامەزراوە، تا ساڵی 1966 گەڕاوەتەوە بۆ نیشتمان لە کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا وەک مامۆستا دامەزراوە. لەو کاتەوە هەتا ئێستا وازی لە کاری سیاسەت هێناوە خوی داوەتە نووسین بلاوکردنەوە لە مەیدانی میژووی ئەدەبدا لە بواری خوێندنیشدا مامۆستای زانکۆ بووە لە بەغدا- بەشی کوردی، دواتر گەڕێندراوەتەوە سەر کار، وەک شارەزا لە کۆڕی زانیاریی عێراق (بەشی کوردی)، دڕێژەی بە کاردا هەتا کۆتایی ساڵی 2000، کە بەیەکجاری گەڕایەوە بۆ کوردستان ء بۆ زانکۆی سلێمانی، لە بواری نووسینیشدا زیاتر لە 20 پەرتووکی لە مەیدانی میژووی ئەدەبدا چاپ کراوە 6 پەرتووکی ئامادەیە بۆ چاپکردن. بەو مەبەستەی (پ. د. کاوس) ساڵانێک لە بواری سیاسەتدا کاری کردووە بارزانیی نەمریشی بینیوە ئاگاداریی زۆرێک لە ڕەوش ڕووداو کارەساتەکانە پێم وایە یەکەم کەسە لە کوردا کە (نامەی دکتۆراکەیشی لەسەر ڕاپەڕینی بارزانییەکان)ە. بە پێویستمان زانی سەردانی پرۆفیسۆر د. کاوس قەفتان بکەین و چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین، هەرچەندە بەڕێزیان باری تەندروستیی باش نەبوو، بەڵام گفتوگۆیەکی تێر و تەسەڵمان لەگەڵدا سازدا.

تێبینی: پێش کۆچی دوایی پرۆفیسۆر د. کاوس قەفتان، ئەم دیمانە لە گەڵی ئەنجام دراوە. بەداخەوە لە ئێوارەی 2009/3/22، پ، د. کاوس قەفتان دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

*** دەربارەی نامەی دکتۆراکەی، کە لەسەر ڕاپەڕینی بارزانییەکانە، گوتی:**

ـ نامەی دکتۆراکەم لە ساڵی 1960دا بوو، کاتێک لە سۆڤیەت بووم (دکتۆر قەناتی کوردۆیش) سەرۆکی بەشی کوردیی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتم ناسی بوو، کە کوردپەروەرە کوردی (یەریشان)ە، هانی دام لەسەر بارزانی بنووسم چەند کەسێکی دیکە گوتیان بزووتنەوەی بارزان بزووتنەوەیەکی زۆر گەورەیە هی کوردانە ء بارزانی سەرۆکیەتی. ئەو خەڵکە کوردەی ئەوێ زۆر کوردپەروەر بوون ، دەیانگوت: دەبێت ڕۆژێ بێت ئێمەش بچینە خوارەوە ، ببین بە پێشمەرگەی بارزانی جەنگ بۆ کورد بکەین. ئەو دکتۆرەی لەپێشەوە ئامادەم پێ کرد هانی دام ، باسی ڕۆڵ تێکۆشانی بارزانییەکانی بۆ کردم، کە من لە شاری لینینگراد بووم دکتۆرام لە زانکۆی ئەوێ لەسەر ڕاپەڕینی بارزانییەکان بەدەست هێنا.

سەرەتای دەستپێکی کارەکەم وامزانی زانیاریی کەمە، بەڵام کە خۆم ماندوو کرد، بینیم زانیاریی لەسەر بارزانییەکان گەلێک زۆرە، ئینجا بۆم دەرکەوت کە بزووتنەوەی بارزانی هەر هی بارزان نییە، بەڵکو هی هەموو میللەتی کوردە. خۆشم هەر لە سەرەتاوە ناوی جوامێریانم بیستبوو، کاتێک من منداڵ بووم لە شاری بەغدا بووم، لە مانگی فەهمی قەفتانی ئامۆزام، کە دەنگی فرۆکە دەهات دەیانگوت: "ئەم سەگبابانە دەچن ناوچەی بارزان بۆردومان دەکەن"، خەڵکی زۆر دڵگران دەبوون لەو کاتەدا هاوخەمیان بوون، لەبەر ئەوەی بەردەوام خەباتیان لە دژی حکوومەتی عێراقدا دەکرد.

بارزانییەکان وا بیریان دەکردەوە تۆکمە دەچێت بۆ شۆڕشێک دەبێت بزانیت لەوانەیە بکوژرێیت، بەبێ ئەوەی خەڵات بکرێیت، چونکە لەپێناو نەتەوەکەتدا خۆت دەبەخشیت. کاتێک بارزانی گەڕایەوە ناوچەی بارزان شۆڕشی جەنگدا پیشانی دا کە بارزانی کەسێکی لیهاتووە، ئیتر لەدواییشدا هەر لە ساڵی 1943 تا 1945 بارزانی بە تەواوی ناوی دەرکرد ، ناسرا، نەک هەر لە سنووری وڵاتی عێراقدا، بەڵکوو لەدەرەوەی عێراقیشدا، چونکە چەند جارێک چووە بەغدا ء ناوبانگی شۆڕشەکانی بارزان بەتەواوی بڵاو بووەوە، دواتر ڕووە ، کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕۆیشت، وەک چۆن (سوپای عێراقی شڕ کرد، لەوێش سوپای ئێرانی لەتوپەت کرد) هەتا شای ئێران لە بروسکەیەکدا بۆ فەرماندەی سوپاکەی ئێران دەڵێت: ((داوەشێن بە خۆتان ، تۆپ ، فڕۆکە ، تانکەوە، دەرەقەتی مشتێک بارزانی نایەن (کە هەموشیان نەخۆشن)). ئەم پارێزگارییە لە (کۆماری کوردستان لە مەهاباد) ناوەدەرکردنی وایکرد کە ناسناوی ژەنەرالی پێ ببەخشن، پاش ئەوەی بەو (موعجیزەیە) دەرباز بوون، کە کەس تەسەوەری نەدەکرد، چەندین جار شەڕی لەگەڵ حکوومەتی عێراق ، ئێران، تورکیا کرد، تا بە کۆمەڵێک جەنگاوەر، پێشمەرگەوە ڕزگاریان بوو، گەیشتنە وڵاتی شووڕەوی، ئەمانە هەمووی کەسایەتییەکی تایبەتی ء سەرکردەیەکی بەتوانا، لیهاتووی دەوێت، تاگەیشتە یەکێتیی سۆڤیەت، بەڵام ئەو هەر بە توانای خۆی، ئیمکانییەتی خۆی ئەو بارودۆخەی بەڕێ دەکرد، بێ گومان ناوی بارزان ناوێکی زۆر ناسراو بوو، لە شوێنێکدا کە تەنیا گوندێکی بچووکە، تەنانەت لەو سەردەمەدا قوتابخانەشی تێدا نەبوو، بارزانی تێدا هەڵکەوتووە. خەڵکی کوردستان بەتایبەتی خێڵەکانی ئەو سنوورە بەهۆی تێکۆشان کوردپەروەرییەوە ئەوەندە بارزانییان خۆش دەویست بێ سنوور ئاشقی بوون، بەتایبەتی شێروانییەکان بە خۆیان ئەڵێن بارزانی. دکتۆر حوسێن بارزانی، کە لەگەڵ بارزانییەکاندا لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە گیرابوو، پێیان گوت: بڵێ شێروانیم ناتکوژین، بەڵام ئەو هەر گوتی: بارزانیم و... گوللەبارانیان کرد.



پرۆفیسۆر د. کاوس قەفتان لەگەڵ پەیامنێری خەبات

هەڵگیرساند، خەڵکی زۆر ئومێدیان پێی هەبوو، ئێمە منداڵ بووین، لەو کاتانەدا چاوەڕوانی ئەوە بووین ڕۆژانە هەواڵی سەرکەوتنەکانی بارزانییەکانمان پێ بگات، کاتێک سەربازە عێراقییەکان لە بەرەکانی جەنگی دژ بە بارزانییەکان دەگەڕانەوە، هەواڵی سەرکەوتنەکانی بارزانییەکانیان بۆ دەهێنایەوە باسی ئازایەتی جوامێریی جەنگاوەرەکانی بارزانییان بۆ دەکردین، ئێمەش وەکوو کورد شانازیمان پێوە دەکردن.

سەربازێکی هێزی تانک سوێندی بۆ خواردم، کە جەنگاوەرە بارزانییەکان ئەوەندە دەستیان ڕاستە، لەو کونەی تەماشامان دەکرد ڕاست گوللەیان دەهاتە ژوورەوە، کە ئەمانەمان دەبیست هەستمان دەوروژا.

بارزانی هەموو کاتێک دژی شەڕی جەهەیی بوو ، دەیگوت:" شەڕی خەتەرگەری بکەن"، شەڕی دووری دەویست، چونکە کەم زیان بوو، ئەگەر دیقەتی بارزانی بدرایە، دەبینرا کە هەمیشە خۆیشی تفەنگی برێنەوی دڕێژی بە شانەوە بوو، کە لەدوورەوە دوژمنی دەپێکا.

تێکۆشانی بارزانی ، بارزانییەکان وای لە من کرد کە بیر، هزرم بگۆڕم ء ئەمانە بنووسم، دەمزانی کە بارزانی کارەساتی زۆری چەشتووە، دەربەدەری زۆری دیوە، خەڵکی شاری سلێمانی زۆر یارمەتییان دەدان، بە چاوێکی ڕێزەوە تێیان ڕادەوواند دەبێت بەسەریدا هەڵبدرێت بگوترێت: (خوا چاکت بۆ بکا بارزانی)، من پێم وایە مرۆڤی مەزن پێویستی بە پەیکەر نییە، چونکە خۆی لە دڵ ء عەقڵی خەڵکدا پەیکەرە. من دەڵێم: با لەناو دڵ، دەروونماندا پەیکەرێک بۆ بارزانی دروست بکەین، دەڵێم: ئەگەر بارزانی سەرۆکی کورد نەبێ، کێ سەرۆکی کوردانە؟!!! ئەدی کوردی باکوور باشوور ڕۆژهەڵات ڕۆژئاوا هەروا سەیری بارزانییان نەدەکرد؟! ئەدی ئومێدیان پێی نەبوو؟ چاویان لە بارزانی کردبوو گۆرانییان بەسەردا هەڵ دەدا.

*** پرۆفیسۆر جەمال نەبەز دەڵێت: دەکرێ بڵێم کەر مستەفا بارزانی بابایە ء ئێستا ئەو سەرکردەی کورد بوایە، جگە لەوەی یەک بڕیار دەبوو، پێم وایە کورد زۆر دەستکەوتی زیاتری بەدەست دەهێنا؟**

– هەرچەندە من لەمێژە بیبڕوڕام جیاوازە لەگەڵ مامۆستا جەمال نەبەز، بەڵام لەو بۆچوونەدا دەڵێم: قسەکەی زۆر ڕێکوپێکە ، پشتگیری لێ دەکەم. لە ڕاستیدا وەهایە، بارزانی دەیتوانی جەماوەر یەک بخات، کە یەک بوون پشتیان بەهێز دەبوو، ئیتر نەدەترسان کە قسە بکەن ء داوای زیاتریان دەکرد...

چونکە گەلەکەمان دەستکەوتی زۆر زیاتر دەخوازێت، بەڵام لە ئێستاشدا دەبێت کورد ڕێگەی یاسا، دەستوور بگرێتە بەر، هەتا میللەتێک بە دیموکراتییەت ڕا نەیەت ، ڕێز لە دەستوور ، یاسا نەگرێت، ناتوانێ ڕێز لە بەرامبەرەکەی بگرێت.

ساڵی پار من لەگەڵ ئەمەریکییەکدا لە (دوکان) دانیشتین، بووە مشتومڕمان ء بەرپرسەکەیان پێی گوتم: زۆر ئاساییە ئێوە لەگەڵ گەلی عەرەبدا بژین ، با هەر لەگەڵیاندا بن، ئەوە نییە ئێمە (زنجی)مان لەگەڵدایە ئێستاش لەگەڵ منداد هەیە. منیش گوتم: یەک پرسیار، پەنجا ساڵ لەمەوپێش تۆ وەزنی هەیە، خۆ من بەخۆڕایی پەسەندی میللەتەکەی خۆم ناکەم، دوژمنەکەم پەسەندم دەکات. ئیتر چۆن لەگەڵ میللەتی عەرەبدا بژیم، تێکەڵی بم.

*** بۆچی وەک میژوونووسێک زۆر جار، لە زۆر شوێن، تەئکید لەوە دەکەیتەوە کە بە بارزانی بگوترێ ژەنەرال؟**

– بە ڕاستی بارزانیی نەمر وەک کەسایەتییەک تایبەتە ، هاوشێوەی نییە. حەز دەکەم کەس پێی نەڵێ (مەلا مستەفا) دەبێت پێی بگوترێ: (ژەنەرال بارزانی)، چونکە لەدەرەوەی کوردستان هەروای پێ دەڵێن، لەبەر ئەوەی بە حەقی خۆی وشەی ژەنەرالی وەرگرتووە ء شارەزاییەکی باشی لە زانستی سەربازیدا هەبووە، من لە نرخی لەقەبی وشەی (مەلا) کەم ناکەمەوە، بەڵام کەسایەتیی ئەو وەک ئەورووپاییەکان دەڵێن (بارزانی شایستەی وشەی ژەنەرال)ییە.

بۆ نموونە، یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی بارزانیی نەمر باس دەکەم: بارزانی لە ئەورووپادا زۆر ناسراوە، من خۆم لە قسەینا بووم، کە دوو کەسم بینی، یەکێکیان ئەندەنووسی بوو ئەوی دیکەیان پاکستانی، کە بۆم باسکردن کە میللەتێک هەیە بەناوی کورد ء وڵاتێک هەیە بە ناوی کوردستان، ئەوان دەیانگوت: پاکستان!! هەرچەندم کرد لێم تێ نەدەگەیشتن، ئینجا گوتیان: (بارزانی) گوتم: بەڵێ. کەواتە بارزانی بوو بە سیمبولێک بۆ ئەوەی کورد بناسێنێ کێشەکەی بە جیهان بناسێنێ، بەهۆی تێکۆشانییەوە، جا لەبەر ئەوە پێویستە لەناو ڕۆڵەکانماندا بە وشەی (ژەنەرال بارزانی) ناوی بهێنرێت، ئەمە پێشنیازی خۆمە، خەڵکیش کەیفی خۆیەتی.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ژەنەرال بارزانی ئەوەیە، کە لە منداڵییەوە لە تێکۆشاندا بووە ء لە شۆڕشدا بووە، زۆر منداڵ بوو کە هەواڵی شەهیدکردنی برا گەورەی خۆی بیست، لەسەر تێکۆشانی بۆ کورد ء داخوازی مافی گەلەکەی، لەسەر پارێزگاریکردنی لە مافی مەسیحییەکان لەسێدارەیان دا، دەتوانم بڵێم: یەکەمین شەهیدی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی میللەتی کورد (شێخ عەبدولسەلام بارزانی) بوو. ئینجا لەگەڵ گەورەبوونی ژەنەرال بارزانی، تفەنگی بەدەستەوە گرت، ئاوێتەی شەڕ بوو لەگەڵ دوژمنانی کورد ، دراوسێکانی کوردستان ، شۆڕشی ساڵی 1932ی بارزان بەرپا کرا، ئەم شۆڕشە لە کوردستاندا وجودی هەبوو ، لە هەمان کاتدا لە مەیدانی سەردەمیانەو تەندروست،پرۆژەیەکی گشتگیرو هەمەلایەنەیان بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لەدەڤەری بارزان ڕاگەیاند، لەو سەردەمەدا بارزان گوندێکی بچووک بوو، شێخانی بارزانیش نە هێزی سەربازی و نە ئیمکاناتی مادییان لەبەردەست بوو، تا بتوانن ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکەن، بەڵام هێزێکی کاریگەرتر لەهێزی سەربازی و مادی لەبەردەست بوو، کە هێزی بیرباوەڕو پەروەردە بوو. شێخ عبدولسەلامی بارزانی وەکو بیرمەند و زانایەکی مەزن لەڕێگای پرۆسەیەکی پەروەردەییەوە کاری لەسەر مرۆڤسازی و پێ گەیاندنی تاک کرد و، لە سەردەمی خودانی بارزان و مەلا مستەفای بارزانیش ئەو پرۆسەیە بەردەوامی پێدراو فراوانکرا، یەکەم هەنگاوی پرۆسەکە لە تەکیەی بارزان و حوجرەی مزگەوتەکانەوە خرایە واری جێبەجێ کردنەوە، لەچوارچێوەی ئەو پرۆسەیەدا گرنگی پرۆژە چاکسازییەکە بۆ خەڵک ڕوون کرایەوە، خەڵکیان لەو ڕاستییە تێ گەیاند کە بەبێ ژینگەیەکی پارێزراو، بەبێ هەڵگرتنی کۆت و بەند لەسەر ئافرەت و دابینکردنی مافەکانی، بەبێ چەسپاندنی گیانی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە، بەبێ یەکبوون و تەبایی، بەبێ تێگەیشتن لە واتای مرۆڤایەتی، بەبێ ڕووبەڕووبونەوەی زوڵم و ستەم و زۆرداری و قوربانیدان لەپێناو رزگاری و سەربەخۆیی، دەستەبەرکردنی ژیانێکی سەرفەراز و پڕ لەبەختەوەری شتێکی مەحاڵە و هەرگیز بەدی نایەت، بەم شێوەیە شێخی بارزان پرۆسەی مرۆڤسازی و پێگەیاندنی تاکێکی وشیار و کاملی سەرخست، لەئەنجامی ئەمەدا حەوت عەشیرەتی ناوچەکە دەستیان لەئینتمایی عەشیرەتگەری بەردا و لەسەر بنەمای



سیامند سێڵکی

با کار لەسەر مرۆڤسازی بکەین.. ئەزموونی بارزان بە نموونە

دەڵێن وڵاتی سویسرا بوکی ئەورووپایە و فرەنساش دایکی دیموکراسیە. بێ گومان ئەم دوو وڵاتەو وڵاتانی دیکەش کە ئەم ناوبانگە مەزنەیان بەدەست هێناوەو، گەیشتوونەتە لوتکەی پێشکەوتن، پێشتر بەشێک بوون لەو جەهل و نەفامی و پاشکەوتنەی کە بالی بەسەر هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا کێشا بوو. بەڵام ئەوان لەڕێگای مرۆڤسازی و پێگەیاندنی تاک و کۆمەڵگاوە، ئەو قۆناغە سەخت و دژوارەیان تێپەڕاندووە، گەیشتنە ئاستێکی هەرە بەرز لە ڕاهێنان و پێشکەوتن، واتە ئەو پێشکەوتنەی ئەوان بەدەستیان هێناوە، بەرهەمی ئەوەیە کە پێش هەر هەنگاوێکی دیکە کاریان لەسەر مرۆڤسازی و پێگەیاندنی تاک کردووە، هەڵبەت بەلەبەرچاوگرتنی واقیعی کۆمەڵگای کوردستانی وەکو کۆمەڵگایەکی زۆرینە موسڵمان، ڕەنگە شتێکی لۆژیکی و ئەقڵانی نەبێ کۆمەڵگای کوردستانی لەگەڵ کۆمەڵگای ئەو وڵاتانە بەراورد بکەین، بوێە ناکرێت داوا بکەین ئەزموونی ئەو وڵاتانە لەبواری مرۆڤسازیدا لە کورستان کۆپی بکرێت، بەڵام ئێمەش ئەزموونێکی دەوڵەتمەند و پڕ بەهامان لەو بارەوە هەیە، کە ئەزموونی بارزانە.

سەد ساڵ لەمەوبەر، شێخانی بارزان لەپێناو دەستەبەرکردنی کۆمەڵگایەکی مرۆقدۆست و میللەتی بارزان یەکگرتن، دوای ئەم یەکگرتنە هەر تاکێک لەمالێی خۆیەوە دەستی بەجێبەجێ کردنی چاکسازی کرد، پرۆژەکە وەکو خۆی لە سنووری هەر حەوت عەشیرەتەکە بێ کەموکوڕی جێبەجێ کرا، هەر تاکێک لەمالێی خۆیەوە بووە پارێزەری ژینگە، کێ و کوڕیان لەپرۆسەی هاوسەرگیریدا سەربەست و ئازاد کرد، لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەیان لە ژیانی ڕۆژانەدا کردە پێوەر و بنەما....هتد. بەم شێوەیە هەموو خاڵەکانی پرۆژەکە بوونە بەشێک لەفەرهەنگ و کەلتووری خەڵکی ناوچەکە و هەتا ئێستاش کە سەد ساڵ بەسەریدا دەرباز بووە، ئەو بەها بەرزانە لە سایەی سەرۆک بارزانی پارێزراون و خەڵک پابەندە پێیەوە، لەم سۆنگەوە بۆ ئەمڕۆی کوردستان پێشنیار دەکەین سوود لەئەزموونی سەد ساڵ بەر لەئێستای بارزان وەربگیرێت و بەر لەهەر پرۆژەیەکی دیکە کار لەسەر مرۆڤسازی و پێگەیاندنی تاک بکرێت، هەڵبەت بارودۆخی ئێستا لەگەڵ سەد ساڵ پێشتر لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازە، بۆیە دەکرێت پرۆسەی مرۆڤسازی و پێگەیاندنی تاک. لەچوارچێوەی بەرنامە و پلانێکی تۆکمە و هەڵسەتێکی فراوانی نیشتمانیدا بەڕێوە ببەین، بەشێوەیەک کە هەموو قۆناغەکانی خوێندن و خوتبەی مزگەوتەکان و ڕاگەیاندنەکان و هەموو شوێنە گشتییەکان لەخۆ بگرێت، چونکە تا نەتوانین تاکتیکی وشیار و کامڵ پێ بگەینین، ناتوانین گۆڕانکاری ڕیشەیی لە هیچ بوارێکی ژیاندا ئەنجام بدەین، بەبێ ئەمە کارکرن لەسەر هەر پرۆژەیەک بۆ گۆڕانکاری و دەستەبەرکردنی پێشکەوتن لە ژیاندا، وەکو کوتانی ئاسنی سارەوە بێ ئەنجام دەبێ.

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکالی کوردستان – عیراق بەناوی رەنجبەر شوان عبدالرحمن وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی زانکۆی سەلاحەدین هەوڵێر بەناوی رەنجبەر شوان عبدالرحمن وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٣٨٠٥٨ رێکەوتی ٢٠١٨/٩/١٢ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی مغدید علی اسماعیل وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

دادگای کەتنی هەلەبجە

ژمارە/ ٤٤٨/ج/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٢٧
بۆ تۆمەتباری هەلهاتوو (هۆگر عباس قادر علی)

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری ئەنجوومەنی هەلبژێراوی (هەلەبجە) بۆیە ئاگادارتان دەکەین کە پێویستە لەسەرتان لەبەردەم ئەم دادگایە ئامادەبن لە رۆژی ٢٠٢٠/٣/٢٩ بەمەبەستی دادگایی کردن بە پێی مادەی ١/٢١ لە یاسای هاتووچۆ بەپێچەوانەوە بە پاشملەیی دادگایی دەکرێیت و خۆتان بەرپرسیار دەبن پشتبەستن بە ئەحکامی مادەی ١٤٣/ج لە یاسای بنچینە دادگاییە سزاییەکان.

دادەر/ محمد شفیق حمە

***

دادگای کەتنی هەلەبجە

ژمارە/ ٣٩/ج/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٢٦
بۆ تۆمەتبار (ابراهیم أحمد أمین)

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووی لە رۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/٨/٢٠ سەرەرای ئاگادارکردنەوت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە پاشملەیی و بەشێوەیەکی ئاشکرا لە داوای کەتنی ژمارە ٣٩/ج/٢٠١٩ بریاردرا بە بەندکردنت بۆ ماوەی ٣ سێ مانگ بەپێی مادەی ٤٧٧ لە یاسای سزاکانی عێراقی.

دادەر/ محمد شفیق حمە

***

دادگای کەتنی هەلەبجە

ژمارە/ ٤٢٠/ج/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٢٧
بۆ تۆمەتباری هەلهاتوو (کبیر محمد گول محمد)

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری ئەنجوومەنی هەلبژێراوی (هەلەبجە) بۆیە ئاگادارتان دەکەین کە پێویستە لەسەرتان لەبەردەم ئەم دادگایە ئامادەبن لە رۆژی ٢٠٢٠/٣/٢ بەمەبەستی دادگایی کردن بە پێی مادەی ٤٠ لە یاسای مانەوەی بێگانەکان بەپێچەوانەوە بە پاشملەیی دادگایی دەکرێیت و خۆتان بەرپرسیار دەبن پشتبەستن بە ئەحکامی مادەی ١٤٣/ج لە یاسای بنچینە دادگاییە سزاییەکان.

دادەر/ محمد شفیق حمە

***

دادگای کەتنی هەلەبجە

ژمارە/ ٣٥٦/ج/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٢٦
بۆ تۆمەتبار (یحی صباح کاکە حمە)

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووی لە رۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٠ سەرەرای ئاگادارکردنەوت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە پاشملەیی و بەشێوەیەکی ئاشکرا لە داوای کەتنی ژمارە ٣٥٦/ج/٢٠١٨ بریاردرا بە بەندکردنت بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی مادەی ١/٢٣ لە یاسای هاتووچۆ.

دادەر/ محمد شفیق حمە

***

دادگای کەتنی هەلەبجە

ژمارە/ ٢٨٠/ج/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٢٦
بۆ تۆمەتبار (أحمد مجید حمەصالح)

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووی لە رۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١١ سەرەرای ئاگادارکردنەوت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە پاشملەیی و بەشێوەیەکی ئاشکرا لە داوای کەتنی ژمارە ٢٨٠/ج/٢٠١٩ بریاردرا بە بەندکردنت بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی مادەی ٤٥٣ لە یاسای سزاکانی عێراقی.

دادەر/ محمد شفیق حمە

***

دادگای کەتنی هەلەبجە

ژمارە/ ١١٩/ج/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٢٦
بۆ تۆمەتبار (شکار عبدالکریم حمەصالح)

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووی لە رۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/٧/٧ سەرەرای ئاگادارکردنەوت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە پاشملەیی و بەشێوەیەکی ئاشکرا لە داوای کەتنی ژمارە ١١٩/ج/٢٠١٩ بریاردرا بە بەندکردنت بۆ ماوەی ٢ دوو مانگ بەپێی مادەی ٤٣٥ لە یاسای سزاکانی عێراقی.

دادەر/ محمد شفیق حمە

***

دادگای کەتنی هەلەبجە

ژمارە/ ٤٧٩/ج/٢٠١٧
رێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٢٦
بۆ تۆمەتبار (زانا محی الدین أحمد)

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووی لە رۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/٨/٥ سەرەرای ئاگادارکردنەوت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە پاشملەیی و بەشێوەیەکی ئاشکرا لە داوای کەتنی ژمارە ٤٧٩/ج/٢٠١٧ بریاردرا بە بەندکردنت بۆ ماوەی ٢ دوو مانگ بەپێی مادەی ٤٣٢ لە یاسای سزاکانی عێراقی.

دادەر/ محمد شفیق حمە

***

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە/ ٩٠/ت/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٩
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری راکردوو/ مهدی هادی مجید

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٣١/٤٠٥) لە یاسای سزادان جێگەی دیاریکراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٦/١٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

سەرۆکی دادگا/ زیاد بشیر محمد علی

***

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە/ ١١١/ت/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٩
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری راکردوو/ رێباز عادل محمد أمین

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (١٤) لە یاسای مخدرات جێگەی دیاریکراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٧/١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

سەرۆکی دادگا/ زیاد بشیر محمد علی

***

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە/ ٥٥٥/ك/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٦
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری راکردوو/ گۆران جمال جلال صدیق ناوی دایکی/ جیهان حسن

لەبەر ئەوەی ئامادە نەبووبت لە رۆژی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤١٣) لە یاسای سزادان و لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە (بەکرەجۆ) لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارماندا لە (٢) دوو رۆژنامەی ناوخۆیدا ئاگادارت بکەینەوە کە رۆژی ٢٠٢٠/٥/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ کامل توفیق سعید

***

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی خەبات

بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/١٥٠٧ لە گەرەکی ٦٤ طوبزاوە لەرێکەوتی: ٢٠٢٠/١/٢٩ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادەی (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١/ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەنداریەتی شارەوانی طوبزاوە خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی شارەوانی طوبزاوە بچەسپێ و ئەم بریارەش بەپێی مادەی (٤٩) ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی دادەری بەرایی/ سمکۆ رۆستم سمین

***

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی خەبات

بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٤٩١٢ لە گەرەکی ٦٤ طوبزاوە لەرێکەوتی: ٢٠٢٠/١/٢٩ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادەی (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١/ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەنداریەتی شارەوانی طوبزاوە خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی محمد عصاف رضا بچەسپێ و ئەم بریارەش بەپێی مادەی (٤٩) ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی دادەری بەرایی/ سمکۆ رۆستم سمین

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٢/٩

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (گۆران مصطفی فارس) لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێستا دانراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازییوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆماەدکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- مشاری سنی سلایت بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥ بڕینی تەبەقەی دار
٢- C.NC نەقش و کونکردنی دار بێ ژمارە دروستکراوی ئیتالی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣٠/ فتلەر و بۆرد و کۆنترۆڵ
٣- دوو فرێزەی نەقش و کونکردنی دار بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ١*K.W٢
٤- باڵۆن پرێسی لێدانی لەزگەی P.V.C لە دار حراری بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٥٠ گەورە.
٥- حەوت هەزازی مرمر صناعی + ٧ قاڵب بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢*K.W٧
٦- عجانەی تێکەڵکردنی موادی مرمر صناعی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥
٧- دوو کۆمپرێسەری هەوایی بێ ژمارە دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٧,٥ +K.W٢

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٩٧/ش/ ٢٠٢٠
رێکەوتی / ٢٠٢٠/٢/١٠
راگەهاندن

بو / داوالیکراو : کاڤین خان اودل بیرو

ل دیف داخوازیا داواکار (نیوار ناصر جادر) وکێشا ژمارە (٩٧/ش/٢٠٢٠) تێدا داخوازا پەسەندکرنا تەلاقا دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجی) ل (٢٠١٧/١١/٧) دناڤبەرا وی و تە و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ول دیف نڤیسارا بنگەهی پولیسین (کاریز) یا ژمارە (٥٢٤) ل (٢٠١٩/٢/٩) و نڤیسارا بەربژارێ تاخێ (تەنین) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامەیێت روژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢٠٢٠/٢/١٦) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بریکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .

دادەر / دارا طاهر توفیق

***

ئاگاداری بۆ سەرجەم وەبەرهێنەرانی کوردستان

بەمەبەستی ئەنجامدانی کۆنگرەی یەکەمی وەبەرهێنەرانی کوردستان ئاگاداری سەرجەم ئەندامان دەکەینەوە کە رۆژی (دوو شەممە) ٢٠٢٠/٢/١٧ دوا مۆڵەت بۆ نوێکردنەوەی ئەندامیەتی بەپێچەوانەوە مافی خۆ پاڵاوتن و دەنگدانتان نابێت.

یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون وپشکنین

ژمارە / ٩٦١
رێکەوت / ٢٠٢٠/٢/٥

بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)

دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (GOLD DAY / بۆ بازرگانی گشتی / سنووردار)وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو .

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون وپشکنین

ژمارە / ١٠٤٣
رێکەوت / ٢٠٢٠/٢/١٠

بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)

دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Red Dragon / بۆ بازرگانی گشتی / سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو .

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Administrator
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:

Support the BU with administration activities including Visa and Residency arrangement, Travel arrangements for DNO personnel based on rotation planning or individual requests, Translate incoming and outgoing correspondents and general documentation activities.

Key Responsibilities:

- Coordinate the maintenance and cleaning services for DNO office and accommodation premises.
- Travel and Accommodation arrangements for DNO staff, based on rotation planning or individual requests; along with visa & residency process for DNO Personnel
- Coordinate office activities and operations to secure efficiency and compliance to company policies;
- Document Controlling;
- Translation incoming and outgoing correspondent letters (English and Kurdish) ;
- Any other requirements by the Company

Required Qualifications & Experience:

- BSc in English / Business or related field.
- 1-3 years relevant experience in admin jobs / Oil and Gas experience is preferred
- Strong Computer Skill (Word, Excel and Outlook)
- Advanced Communication and Language Skills, Kurdish and English are Must, Arabic is a plus.
- Demonstrable working knowledge & experience in Administration related activities;

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

پێشینەیەکی مێژوویی

سەبارەت بە ئایین و مەزهەب لە ئێراندا





کەمال نوری مەعروف
لە فارسییەوە گۆڕیویەتی

بەشی پێنجەم و کۆتایی

ئینجیلی برنابا:

یەکێکە لە ئینجیلە غەیر ڕەسمییەکانی کلێسا و دەیخەنەپاڵ (قەدیس یوسف برنابا) واتە دوای مردنی لە ساڵی 61ی زایینیدا. ئەو پەیامبەران و گەیەنەرانی مەسیحییەتی لە ئەسحابەکانی (پۆڵس) و (مەرقس) بە پەیامبەر داناوە و ناوی لە کارەکانی پەیامبەراندا هێناون.

ئەم ئینجیلە لە ئینجیلەکانی (ئاپۆکریفا) دەژمێردرێ و ئەڵقەیەکی ونبووی نێوان مەسیحییەت و ئیسلامە. لەم ئینجیلەدا هاتووە کە حەزرەتی محمد (س.خ) پەیامبەری ئیسلام کە خۆشی هێنەرەو دەردەکەوێت.

جیاوازی ئەم ئینجیلە لەگەڵ ئینجیلەکانی تردا لەم بڕیارانەدایە:

1ـ عیسای خوا کە کوڕی خوا نەحمەدی قورئانە ,یان (محمد)ە (س.خ) کە لەئینجیلەکانی تردا (فارقلیگ) باسی دەکا و وتوویە کە ئەو پەیامبەری خودایەو حەزرەتی ئادەم کاتێک لە بەهەشت دەرکراوە ئەم عیبارەتە لە ژوور سەریەوە لەبەهەشتا دەرکەوتووە: لااله الاالله محمد رسول الله.

4ـ عیسا (د.خ) بەدارا نەکراوە بەڵکو کەسێک بەدارا کراوە کە یەهودای تاوانبار بووە و لای ڕۆمییەکان بینراوە و یەهودییەکانیش گومانیان کردووە کە عیسا بەدارا کرابێت ئەمە لایان شوێنی گومانەو کەسی لەخاچدراویش یەهودای ئەسخەربوگی بووە.

بەڵام مەسیحییەکان دەڵێن ئەم ئینجیلە کەسێکی موسوڵمان نووسیویەتییەوە و ئەو (یوسف برنابا)یەش قەدیس (برنابا)ی دۆستی (پۆڵس) و (مەرقس) نییە. بەمانا ئەو موسوڵمانە لەو ئینجیلەدا مێژووەکەی بەدرێژی دەستکاری کردووە و بەپێی پێویستی سەردەمەکە گۆڕیویەتی.

مەزهەبەکانی مەسیحی خۆرهەڵات (ڕۆم و ئێران):

تا سەردەمێک کە دەڵەتی ئیمپڕاتۆری ڕۆم ئایینی عیسایی بەڕەسمی کە پاپا پێشەوایەتی.

کاسۆلیک لە زاراوەی یۆنانیدا بەمانای گشتی دێت ,کڵێسای (کاسۆلیک)یش بەو مانا فراوانەی کە هەموو ئایینی گەلی مەسیحییەت دەگرێتەوە ئەمەش تەنیا بۆ کڵێسای ڕۆمە کە لەژێر دەستەڵاتی بەرزی پاپادا بڕیاری لەسەر دراوە و کاری پێدەکرێت.

وشەی کاسۆلیک بۆ یەکەمین جار لەساڵی 160ی زایینی بەکارهێنراوە، ئەو کاتەی کڵێسا گشتییەکانی مەسیحییەکان کە هەندێک لق بوون و تازە دروستبووبوون و دەرکەوتبوون.

کڵێسای کاسۆلیک کە بەرزو دیارە ,پێکهاتووە لە (گشتییەکان) و (کۆنییان) و پێکەوە (خۆشەویستی) و (یەکێتی).

باوەڕی کاسۆلیک لەسەر ئەوەیە کە ئەوان نوێنەری ڕاستی کڵێسای مەسیحن و بەڵایانەوە تەنیا یەکێتی باوەڕ و ئادابی مەزهبی و ڕستن و ڕۆحانییەت و کۆنییە کە بە سەرۆکایەتی ڕازین. پاپا لەسەرو کڵێسای کاسۆلیکەوە بڕیاردەدات.

کاسۆلیک باوەڕیان وایە کە عیسا (د.خ) ئەنجومەنێکی دیاریکراوی پێکهێناوە لەهەمان کڵێسا بۆ دوای خۆی (پاپا) پەترۆسی بۆ جێنشینی داناوە.

کاسۆلیکەکان گرنگی زۆریان بە خوێندان و پەیڕەوی کردنی ئادابی مەزهبی داوە و یاسای مەزهبیش لە هەموو کڵێساکانیاندا لەسەر شێوەیەک ڕۆشتووە.

کارە پیرۆزەکانیان پێکهاتووە لە: تەعمید، قوربانی ,تۆبە, دەانناں بە تاواندا ,خواردن و خواردنەوە ,ژن هێنان ,مەسحی نەخۆشەکان لەکاتی مردنیاندا. کاسۆلیکەکان وتار و نوێژ بە زمانی لاتینی دەخوێنن.

ئەرسەدۆکس:

یەکەمین جیابوونەوە و پارچەبوون بە دروستبوونی کڵێسای ئەرسەدۆکسی دەستاقمێکرد.

ئەم کۆمەڵە لەم دەستە مەسیحییانە پێکهاتن کە بەهۆی جیاوازی باوەڕەوە بوو کە وردە وردە لە کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆم لەناوەڕاستی سەدەی 11ی زایینی جیابوونەوە کە بەشێوەیەکی کۆتایی گۆشەگیر بوون ,هۆکاری جیابوونەوەشیان جیاوازی بوو لەنێوان ڕۆمی خۆرئاوا و ڕۆمی خۆرهەڵاتی ئەرسەدۆکسی کە خۆرهەڵاتەکەیان ڕوحولقدوس لەباوکەوە سەرچاوەدەگرێت، بەڵام بەپێی بڕوای کاسۆلیکە خۆرئاواییەکانیش لەکوڕەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئەرسەدۆکسەکان بڕوایان بە سکەپڕبوونی مریەم نییە و لایان کڵێسا بەهەڵەداچووە کە هەیە.

لەفەرهەنگدا ئەرسەدۆکس ماناکەی ئاساییە و دەربڕینە لەو دابەشبوونەی کە لەپێکهاتەی کڵێسای کاسۆلیکیدا سەری هەڵداو کڵێسای خۆرهەڵاتیش بە ئەرسەدۆکسی ناوی پەیداکرد.

ئەرسەدۆکسەکان باوەڕیان دیار و پاکە و بەگومڕایی پاپا بەو جۆرەی کە هەڵەناکات ڕەزامەندنین. کەشیشەکان ژن دەهێنن و ڕێوڕەسمە ئایینییەکانیش بە زمانی ناوچەیی بەڕێوەدەبەن.

لایەنگرانی ئەم بۆچوونە تێدەکۆشن تاوەکو ڕێوڕەسم و بەرنامەکانی خۆیان وەکو مەسیحییە سەرەتاییەکان بەڕێوەبەرن.

ئەوانە نەریتخوازن و هەوڵیان بۆ ئەوەیە بۆچوون و بیرۆکەی ئایینییان بێ هیچ شێوە گۆڕانێک ئەنجامبدەن.

ئەو شتانەی کە لەناویانا فەرز دەکرێت: تەعمید، شەهادەت هێنان، هەنوەڕۆنی پیرۆز، خواردن و خواردنەوە، تۆبە، مەسحی نەخۆشەکان، ژن هێنان و شوکردن.

پرۆتستان:

فشاری زۆرو کارکردن بە یاسای توند و وەرگرتنی باجی زۆر لە خەڵک لەلایەن کڵێسای کاسۆلیکەوە بووەتە هۆی ئەوەی کە هەندێک لە ڕووناکبیران خۆیان لە کڵێسای ڕۆم دوورببخەنەوە و بەدوای ڕێگایەکی جیاواز لە کاسۆلیک و ئەرسەدۆکسدا بگەڕێن.

ئەم ڕەوتە ڕەخنەگرانەیە بووە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی پرۆتستان لە مێژووی مەسیحییەتدا.

(لۆتێر) پێشەوای ئەم شۆڕشە گەورەیە لەبەرامبەر زانا ئایینییەکانی کاسۆلیکدا وەستاو پرسی کڕین و فرۆشتنی گوناح و بەهەشتی دایە دواوە و هەر ئەوەش بوو بە بنەمای سەرەکی ئایینی پرۆتستان.

وەرگرتنی باجی زەوی لەڕێگای کڵێساوە لەبارودۆخێکی ناپێگەیشتوودا و جولاندنی مرۆڤ بەرامبەر دەزگاگانی ڕۆحانی، ناتەواوی ڕەوشتی سیاسیی و ئابووری دەرخست، کە بەدوایا لە چاخی شانزەهەمی زایینیدا چاککردنی تازەی بۆ ئایینەکە دروستکرد.

ئەوەش بووە هۆیەک کە (لۆتێر) سوود لەو دەرفەتە باشە ببینێ و بە جیاوازی لەوان دژی دەزگای کڵێسای ڕۆم هەڵبستێ، بەوەش کۆمەڵەی کڵێسای پرۆتستانی هێنایەکایەوە.

کڵێساکانی پرۆتستان لەهەندێک بواردا هاوبەشن و لەهەندێکیشدا جیاوازن. گشتیان لەگەڵ توانای پاپا دژن. بەپێچەوانەی کڵێسای کاسۆلیک لە ڕێکخراوی گەلییاندا دیموکراسییان هەیە. باوەڕمەندان بۆ پەیوندی لەگەڵ خودا نیازیان بە پیاوە ئایینییەکان نییە و مەقامی کەشیشیش بۆ هەموانەو کەشیشیش بۆی هەیە ژن بهێنا ,ڕدانان بە گوناحدا بەزۆر نییە و بنەمای شەریعەتیش لە پەڕاوی پیرۆزەوەیە (ئینجیل)، خاوەن باوەڕیش دەتوانێت بەئازادی بنەماکانی مەزهبی خۆی لە کتێبی پیرۆزی (ئینجیل)دا بەدەستبهێنا و نیازیشیان بە پیاوانی ئایینی کڵێساش نییە و بڕوایان بە کێتی مریەم و بە حەواریەکان و دۆزەخیش نییە.

پەیڕەوانی تاقمەکانی پرۆتستان لە سنووری 90 ملیۆن کەسن و زۆرینەیان لە ئەڵمانیا و ئەمەریکا و وڵاتانی ئەسکەندینافی نیشتەجێن. زمانی مەزهبی پرۆتستان ئینگلیزییە و مەراسیمەکانیشیان پێکهاتووە لە: شوشتن، دانان بەتاوان بەزۆر نابێت، خواردن و خواردنەوە، خوێندنەوەی پەڕاوی پیرۆز، ئامادەبوون لە کڵێسا، خوێندنەوەی نزای (لۆتێر)، ژنهێنان.

سەرچاوە:

عباس قدیانی، تاریخ ادیان و مذاهب در ایران، تهران، 1374، چاپ اول ص-125 169.



ئامۆژگارییەکانی عیسای مەسیح:

1ـ سوودی چییە کە تۆ هەموو دنیات دەستبکەوێت بەڵام خۆت لەکیس بچیت.

2ـ ئەوەی خوا پەیوەستی کردوون بەیەکەوە مرۆڤ ناتوانێت لێکیان بکاتەوە.

3ـ هەرکەس خۆی بەگەورە دابنێت خوا نزمی دەکاتەوە، هەرکەس خۆی بەکەم دابنێت خوا سەرفرازی دەکات.

4ـ ئەوەی بەباوەڕەوە دوای بکەوێت دەستت دەکەوێت، ئەوەی هی قەیسەرە هی خۆیەتی و ئەوەش هی خوایە، هی خوایە.

5ـ داوابکە پێت دەدرێت، داوابکە دەستت دەکەوێت، لەدەرگابدە بۆت دەکرێتەوە.

6ـ چۆن دەبێت پووشیک لەچاوی هاورێکەتدا ببینی بەڵام داریک کە لە چاوی خۆتدایە نایبینی.

7ـ هەرکەسێک بەچاوی ئارەزووەوە سەیری ژنێک بکات لە وکاتەدا لەدڵی خۆیدا زینای حەرامی لەگەڵ کردووە.

8ـ خوا خۆشەویستییە ,هەرکەسێک لەخۆشەویستیدا بژیەت ئەوە لەگەڵ خوادا دەژی.

9ـ هەرکەسێک بەگوێرەی کرداری خۆی پاداشت وەردەگرێت.

10ـ بەخراپە پاداشتی کەس مەدەرەوە.

بووە خۆی ئەوەی داوەتەوە.

2ـ کوڕی ئەو کە حەزرەتی (ئیبراهیم خەلیل)ەو نییەتی قوربانی لەسەرداوە، ئەو ئیسماعیل بووە نەوەک ئیسحاق.

3ـ مەسیحا ,یان مەسیحییەت کە لەچاوەڕێی ئەودایە (یەسوع) یان (عیسا) نییە، بەڵکو هەمان وەرنەگرتبوو، عیساییەکانی ئێران لەئارامیدا بوون. بەڵام کاتێک (قوستەنتین) بە عیساییەتەوە گرێدرا بارودۆخ گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و مەسیحییەکانی ئێران بەتایبەتی ئەوانەی دراوسێی وڵاتی ڕۆم بوون بوونەتە تەرەفداری دەوڵەتی بەهێز کە هاوئاییننیان بووە.

مەزهبی پێشووی ڕۆمییەکان بووە کە بەهەمان شێوە بۆ ناو مەسیحییەتیش گوێزراوەتەوە.


تاقمەکانی مەسیحییەت :

مەسیحییەت بە 3تاقمی گەورە کاسۆلیک ,ئەرسەدۆکس, پرۆتستان دابەشبووە. گرنگترین تاقمەکانی مەسیحی ,تاقمی کاسۆلیکە کە ئەمڕۆ گرنگترین و گەورەترین مەزهبی مەسیحی، کاسۆلیکە

ناڤنسی پاراستن و زانیاری
(پاراستن)

با پاراستنی کوردستان ببێتە فەرهەنگی هەموومان

هاونیشتیمانی خۆشەویست
ئامانجەکانت بۆ پاراستنی ئازادی، ئاسایش، سەقامگیری و بەرەوپێشچوونی ژیان لە کوردستان، ڕێباز و ئامانجی ئێمەیە. بۆ ئەوەی بەشدار بیت لەپاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی و شەڕی دژە تیرۆر، دامەزراوە هەواڵگری و ئەمنییەکان لە هەر بابەتێکی گوماناوی ئاگادار بکەرەوە.



www.xebat.net
چوار شەممە 2020/2/12 ژمارە (5931)
خەبات

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1941:
لە میانی جەنگی دووەمی جیهاندا ، هێزەکانی ئەڵمانیا گەیشتنە باکووری ئەفریقیا.



سالی 1949:
حەسەن بەنای دامەزرێنەری بزووتنەوەی ئیخوان موسلمین تیرۆر کرا.



سالی 2002:
دادگای دادی نێودەوڵەتی لە لاهای دەستی بە دادگاییکردنی میلۆسۆڤیچی سەرۆکی پێشووتری یوگسلافیا کرد.



سالی 2009:
لە رووداوێکی کەمویێنەدا و لە بەرزایی زیاتر لە 800 کیلۆمەتر لە ئاسمان، دوو مانگی دەستکرد بەر یەک کەوتن.



سالی 2017:
ئەنجوومەنی ئیتیحادی ئەڵمانی فرانک شتانمایەری وەک سەرۆکی وڵات هەڵبژارد.



سالی 2019:
کۆماری مەکدۆنیا بە فەرمی ناوی خۆی گۆڕی و کردی بە کۆماری مەکدۆنیای باکوور.



سۆماڵ ... گەڕانەوە بۆ لوولەی تۆپ و تفەنگ

ئا: خالید گەردی

لە سۆماڵ لە قۆناغی نێوان شەڕو ئاشتیدا، بزووتنەوەی شەباب سەری هەڵدا، بزووتنەوەیەک کە بەیەکێک لە نمونەکانی توندڕەوی ئەم وڵاتە دادەنرێ و لە سەرەتای ئەمسالّدا دوایین کردەوەی سەربازی لە دژی پێگەیەکی سەربازی لە رۆژهەڵاتی کینیا ئەنجام دا کە لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە بەکار دەهێنرێ. سەرەتا بزووتنەوەکە خۆی لە بزووتنەوەی قاعیدە نزیک کردەوە ، ئینجا پاش کۆڕانی بن لادن رووی کرە رێکخراوی داعش ، ئەمڕۆش خەریکە دەبێتە شوێنگرەوەی لە رۆژهەڵاتی ئەفریقیا.

قۆناغی تەنگژەکە

ئەو تەنگژەیەی ئەمڕۆ لە سۆماڵ بەدی دەکرێت لەچەمکی وڵاتێکی شکستخواردووە سەرچاوەدەگرێت، ئەم دەربڕینەی شکستخوارد کە گۆڤاری (سیاسەتی دەرەوە)ی ئەمەریکا لە ساڵی 2005 وەک پێناسەیەک بۆ رەوشی وڵاتێکی ناسەقامگیری هاوشێوەی سۆماڵ بەکاری هێنا ، سندووقی پاڵپشتی کردنی ئاشتی و دامەزراوی کارینگی بۆ ئاشتی جیهانی دانیان بەو پێناسەیە ناوە، پێیانوایە ئەگەر حکومەتی ناوەندی کۆنترۆڵی لەسەر تەواوی خاکەکەی لەدەست بدات ئەوا بە دەوڵەتێکی شکستخواردوو ن پێناسە دەکرێت، جگە لەمەش شکستخواردنی وڵاتی سۆماڵ لەوەش سەرچاوەی گرتووە شەرعیەتێکی بەهێزی لە تەواوی وڵاتدا نییە، حکومەتی ئەو وڵاتە گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان پێکهاتەکان و دەوڵەت، دەوڵەت و هاوواڵتیانی لەدەستداوە، گەندەڵیی و بێهێزی نوێنەرایەتی سیاسی و خراپ بەکارهێنانی هێز، گیانی هاوواڵتیبوونی لەبار بردووە.سەرەڕای ئەو هۆکارانەی لەسەرەوە باسمان کردن، سۆماڵ هەر لەو کاتەی سەربەخۆیی لە ساڵی 1960 بەدەست هێناوە میراتێکی کەلەکەبووی لە داگیرکارەکەیەوە بۆ جێماوە، بەدەست بێ سەرکردایەتییەوە دەنالێنێت، حکومەتەکەی رووبەڕووی شەڕی عەشیرەت و تیرەکان بۆتەوە، دوای سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لە ساڵی 1980و لادانی سیاد بەری لە ساڵی 1991 لە دەسەڵات و راکردنی بۆ مقادیشۆ، شەڕو پشێوی ئەو وڵاتەی گرتەوەو بووە هۆی کوژران و بریندار بوونی هەزارەها کەسی مەدەنی، هەرچەندە گەلی سۆماڵ لە نێو قەوارەی دەوڵەتەکەیانداهەموویان یەک رەچەڵەکن و خاوەن یەک زمان و ئایین و کەلتووریشن ، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ دابێت گرووپە چەکدارەکان لە پێناو بەدەستهێنانی سامان و گرتنەدەستی دەسەڵات لەگەڵ یەک لە شەڕدان، لەمەشدا تیرەگەرێتی و نەبوونی سەرکردەو بە سیاسی کردنی هۆزەکان یارمەتیدەری بەردەوام بوونی ئەو شەڕانەن.

گەشەسەندنی بزووتنەوەی شەباب

دوای کشانەوەی سەربازە ئەسیوپیەکان لە کانونی دووەمی ساڵی 2009 چەند یەکەیەکی سەربازی کە ژمارەیان نزیکەی 1000 سەربازەبوو سەر بەیەکێتی ئەفریقا لە سۆماڵ جێمان تا یارمەتی حکومەتە ئینتلافییە بێ هێزەکەی لە چەسپاندنی دەسەڵاتەکانیدا بدەن، بەڵام دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەسیوپیا نیوەی باشووری سۆماڵ کەوتە دەست بزووتنەوەی شەباب و نیوەکەی دیکەشی بەدەست حکومەت و هێزەکانی سەر بە یەکێتی ئەفریقا مایەوە. بزووتنەوەی شەباب وەک باڵی سەربازی (یەکێتی دادگای ئیسلامی) لەساڵی 2006 سەری هەڵدا، دوای دارمانی حکومەت لە ساڵی 1991 یەکێتی دادگای ئیسلامی دەستی بەسەر مەقادیشۆی پایتەخت داگرت و هەوڵی دا دەوڵەتێک لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی دابمەزرێنێت، بەڵام تەمەنی کورت بوو هەر دوای چەند مانگێک لە سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ دەسەڵاتی بەدەست نەمایەوە. یەکێتی دادگای ئیسلامی لە ساڵی 1994 سەر لەنوێ سەری هەڵدایەوەو لە ساڵی 2006 بەهۆی بزووتنەوەی شەبابەوە بە هێز بوو ، سەرەتا بزووتنەوەکە پەیوەندی بە رێکخراوی قاعیدەوە کردو تا ساڵی 2009بەردەوام بوو بە فەرمی پشتگیری خۆی بۆ رێکخراوەکە دەربڕی.

دابەشبوونی بزووتنەوەکە

بەهۆی ناکۆکییە نێوخۆییەکانیان لە ئەیلوولی ساڵی 2014 کۆمەڵێک لە بزووتنەوەکە جیابۆوەو لاگیری خۆیان بۆ رێکخراوی داعش راگەیاند، کار بەوە گەیشت لە ساڵی 2015 رووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە نێوان بریکارە توندڕەوەکانی (قاعیدە)و (داعش) رووبدا، دواتر هەردوولا بە ئاگربەستێک گەیشتن و بۆ ماوەی سێ ساڵ بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی رێکخراوی داعشی سۆماڵ لەدایکبوو، لە ساڵی 2015 هەندێ لە سەرکردە گەنجەکانی نێو رێکخراوەکە جیابوونەوەی خۆیان راگەیاندو پەیوەندییان بە داعشی سۆمالەوە کرد. پەیتا پەیتا ناکۆکییەکانی نێوانیان قوڵتربۆوەو رووبەڕووبوونەوەی سەرتاسەری لە نێوانیان رووبدا و هەر لایەک لایەکەی دیکەی بە دەرچوو لە ئیسلام تاوانبار دەکردو داوای دەرچوونی لایەکەی دیکەی لە سۆماڵ دەکرد.

بەردەوامی ترس و تۆقاندن


بەمجۆرە جارێکی تر رەوشی سۆماڵ تووندوتیژی تێکەوت، دەنگی تۆپ و تەقەقە لە هەموو دەنگەکانی دیکە زیاتر دەبیسترا. لە مانگی 2018 سوپای ئەمەریکا بەفڕۆکە بۆردومانی بزووتنەوەی شەباب کرد کە دەسەڵاتیان بەسەر بەشێک لە لادێکانی باشوورو ناوەڕاستی سۆماڵ هەیە. تیایدا فەرمانی کوشتن بۆ هەر کەسێک دەردەکەن ئەگەر تۆمەتی چاوسافی بۆ حکومەتی سۆماڵ یا ئاژانسەکانی هەواڵگری بیانیان بدرێت پاڵ. هەروەهاهەڵدەستن بە تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراوە، بەمجۆرە بزووتنەوەکە دەستی بە چالاکیی تووندڕەوی کردەوەو دوای ئەوەی لە ساڵی 2011 لە مەقادیشۆ وەدەرنرا جارێکی تر دەسەڵاتی بەسەر خاکێکی بەرفراوانی سۆماڵ داگرت.سەرەڕای هەڕەشەکانی بزووتنەوەی شەباب، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵی 2018 دوای (30) ساڵ لە داخستنی، باڵیۆزخانەی خۆی سەر لە نوێ لە مەقادیشۆکردەوە، بەمەش هەلێکی زێڕینی لەبەردەم حکومەتی شکستخواردووی سۆماڵ ڕەخساند تا وەک قەوارەیەکی نێودەوڵەتی لە نێو وڵاتاندا دەرکەوێت.بزووتنەوەی شەبابی سۆماڵ ساڵی 2019 بیست هێرشی بەبەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو ئەنجامدا، دواترینیان هێرشەکەی سەر پەیمانگای هیرالی تویژنەوەی ئەمنی بوو لە مەقادیشۆ تەنیا لەم هێرشەیدا زیاتر لە (200) کوژراو و بریندار لێکەوتەوە.

لە رۆژی 5ی کانونی دووەم، ئەمسال چەکدارەکانی سەر بە بزووتنەوەی شەباب هێرشیان کردە سەر بنکەیەکی سەربازی ئەمەریکی و کینی لە لامۆی باکووری کینیا ، بزووتنەوەکەی بیانووی هێرشەکەی بۆ هەڵسانی ئەمریکا بە ناردنی سوپاکەی بۆ سۆماڵ تا شەڕی ئەوان بکەن، گەڕاندەوە.

چارەنووسی دەوڵەتەکە

تا ئێستا سۆماڵ بە پێی بەرژەوەندی هەندێ هێزی نێودەوڵەتی و بریکارەکانیان لە نێوان ئاشتی و شەڕدا گوزەر دەکات بازرگانانی شەڕ ئاگڕی شەڕەکە خۆشتر دەکەن، هۆکاری سۆزی تیرەگەری و دەستی شاراوەی دەرەکیی یارمەتیدەرن بۆ بەردەوام بوونی شەڕەکە. چەمکی دەوڵەت و پێناسەکەی لەلای دەستبژێری سیاسی لە یەک جیایە هەیە دروستکردنی دەوڵەتێکی لەسەر شێوازی مەرکەزی دەوێت و ئەوەی دیکەیان فیدرالی و ئەوەی دیکەیان حوکمی گەل، لەو نێودەشدا بزووتنەوەی شەباب داوای گەڕانەوەی خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی دەکات، نە دان بە سەربەخۆیی سۆمال و نە بەرزرکردنەوەی ئالاکەی دادەنێت، بزووتنەوەکە ئەمە بە دابونەریتی داگیرکەری دەزانن.شوێنە هەستیارو پڕ بایەخەکەی لە ناوچەکە چ لەبەر ئەوەی خاوەنی ڕێگای دەریایی هەستیارە و بۆتە قوواڵێێکی ستراتیژی گرنگ بۆ کیشوەری ئەفریقا، چ لەبەر ئەوەی خاوەن درێژترین کەناری دەریاییە لەسەر کەنداوی عەرەب و زەریای هیندی ئەمانە هیچیان دادی نەدان بۆتە چاوگەی ناسەقامگیری و مۆڵگەی هێزە دەرەکییەکان کە هەر یەکەیان لە هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیانن ئەمەش وایکردووە مللانێیەکی دیکەی نەویستراو ئەو وڵاتە بگرێتەوە ئەویش دژایەتی کردنی بوونی هێزی دەرەکیی لە ناوچەکە، قەیرانی سۆماڵ تەواوی لایەنەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئاسایشی گرتۆتەوە، هەر هەموو لایەکیان بەپرسن لە تێکچوونی ڕەوشەکە، حکومەت بەهۆی شکستهێنی لە ڕووی سیاسی و ئابووری، ڕێکخراوە تووندڕۆکانیش هاوشێوەی بزووتنەوەی شەباب بە تووندڕەوی و ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی وڵاتیان وێران کردووە ڕێگرن لە هەر هەوڵێکی نێو دەوڵەتی بۆ دابینکردنی سەقامگیری، ئەمانە هەر هەموویان وایانکردووە سێبەری قەیرانەکە باڵی بەسەر ڕەوشی سیاسی و ڕۆشنبیری وڵاتانی ئەفریقاوە بکێشێت، بەهەر حاڵ دوای چەندین ساڵ لە شەڕوشۆڕ خەریکە بریندەکە ساریژ بێت و وڵات دەست بەپرۆسەی گەشەپێدان بکات، ئەوا ئەگەر تیرۆریستان سەر لەنوێ نەبنەوە ڕێگر لەبەردەمیدا.

کاریکاتێر





ئیتاڵیا و ئیسپانیا..
خەونی پارتە ڕاستڕۆکان

ڕەمزی میرەکانی

لە ساڵی 2019دا، دوو پێشهاتی بەرچاو لە دیمەنی سیاسیی لە ئیتاڵیا و ئیسپانیا ڕوویان دا، بە جۆرێک ئەوانەی لە دوای ئەوەوە دێن، هەرگیز لە وانی پێشە خۆیان لەو دوو وڵاتەی ئەورووپا ناچن، کە تاکە دوو وڵات بوون، لەتەک (رایخی سێیەم) ئەڵمانی، لە دووەم جەنگی جیهانییەوە وەستان، هەر ئەوانیشن، کە بزاوی ڕاستڕۆی توندڕۆی جیهانی، بە توندی گرەویان لەسەر دەکەن، ئامادەسازیی بۆ ڕابوونێکی تازە بکەن، کە چەندین ساڵە بااڵکانی لە ئەورووپا خوساوە.

دوای هەشت دەیە لە گۆڕ بە گۆڕچوونی فاشیزمی مۆسۆلینی، کە لەگەڵ فۆلکلۆریەتی دامەزرێنەرەکەی و کۆتایی داماوەکەی، درزێکی قوواڵی لە ناخی ناسنامەی ئیتاڵیدا دروستکرد، کە لە دوای دووەم جەنگی جیهانییەوە، هێشتا کاریگەری بەسەر ژیانی سیاسیی ئەو وڵاتەدا هەر ماوە، غەریبیکردن بۆ ئەو سەردەمە، لە سایەی قەیرانی کۆچبەرانی تەشەنەکردوو، پاشەکشەکردنی ئاستی ئابووری، داڕمانی پارتە سیاسییە باوەکان، ئیفلیجیان لە ڕۆیشتن لەگەڵ قۆناغی تازە و چارەکردنی ئەو کێشانەی لەمەوە سەریان هەڵداوە، خەریکە سەر لەنوێ گۆڵ دەکاتەوە. کەشتی ئەو گەڕانەوەیە بۆ کەشوهەوای فاشیزم (پارتی هاوبەندی)یە، ئەوەی لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، وەکو پارتێکی خۆمالی دامەزرا، کە داوای جیابوونەوەی هەرێمەکانی باکووری لە ئیتاڵیا دەکرد، جەماوەری ئەو پارتە لە ڕێژەی 5%ێنەدەپەڕی، بەاڵم ئەمڕۆکە بووەتە یەکەم هێزی سیاسیی، کە چاوەڕێی یەکەم دەرفەتی هەڵبژاردن دەکات، بۆ ئەوەی هەڵکوتێتە سەر دەسەاڵت، یان بە تاکڕۆیی بەڕێوەی ببات، دوای ئەوەی ڕێژەی جەماوەرەکەی لە 40%نزیک بوویەوە، بە گوێرەی دوایین ڕاپرسییەکاندا.

کورە هەڵەپاسەکە لە ئیتاڵیا

کاپتنی ئەو کەشتیە، ماتیۆ سالڤینی، کورە هەڵەپاسەکەی نێو دیمەنی سیاسیی ئیتاڵیایە، کە خاوەنی وتاری ئاگرینە و کەس لە ڕکابەرەکانی ناپارێزێت، ڕاستییەکان و گریانەییەکان، لە کۆچبەرانی ئەفریقی و موسڵمانان تاکو چەپڕۆ و کۆمۆنیستەکان، لە ئیمانوێل ماکرۆن و ئەنجێال میترکلەوە، بۆ کۆمسیۆنی ئەوروپا و پاپا فرەنسیس. سەرکردەی هاوبەندی کە بەردەوام لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا دەژی، سڵ لە بە شان و باڵ هەڵدانی دۆستایەتی خۆی لەگەڵ خانمە سیاسەتکاری فەرەنسی مارین لۆپان و ڤیکتۆر ئۆروبانی هەنگاری ناکاتەوە، زێدەباری سەرسامیی بە ڤلادیمێر پۆتین و بنیامین نتنیاهۆدا. سالڤینی، پارەکە دوای هەڵبژاردنی گشتی، کە پارتەکەی لە پلەی دووەم هات، توانی قنیات بە بزاوی ئەو (پێنج ئەستێرە) براوەی ئەو هەڵبژاردنە بهێنێت، هاوپەیمانییەکی میری پێکبهێنێ، کە خۆی بووە وەزیری ناوخۆ، توانی لە میانی ئەو وەزارەتەشەوە، هەڵمەتێکی فراوان لەدژی کۆچبەران ئەنجام بدات، ئەوەش بووە هۆی بەرز بوونەوەی جەماوەریەکەی، هەرچەندە پێشێڵی بڕگەکانی دەستووری ئیتاڵیا و پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤیشی کرد، هەروەها لەاڵیەن کڵیسای کاسۆلیکی و داموەزگاکانی ئەورووپاشەوە، ڕەخنەی توندی لێگیرا. لەگەڵ هەڵکشانی خێرای و ڕاپرسییەکان، کە دەیانخستە سەرووی دیمەنی سیاسیی ئیتاڵیاوە، سالڤینی، بەرە بەرە هەستی بەوە کرد، دەبێت پێگەی ئەو لە سەرۆکایەتی حکوومەت بێت، بۆیە پەنای بۆ سەندنەوەی متمانە لە سەرۆکەکەی برد، دوای ئەوەی لە کەواندنی و هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان دڵنیا بوو، ئەگەر هەڵبژاردن بکرێت، پڕۆژە سیاسییەکەی سەر دەگرێت. بەاڵم هەر زوو دەرکەوت، ئەوەیان هەڵەیەکی گەورە بوو کردی، کە لەوانەیە وای لێبکات چوار ساڵ چاوەڕێ بکات، بۆ ئەوەی بگرێتەوە دەسەاڵتی وڵاتێک، کە تەمەنی حکوومەتەکان بە مانگ دەپێورێت نەوەکو بە ساڵەکان. سالڤینی، هەوڵی دا بە هەموو شێوەیەک هەڵەکەی خۆی ڕاست بکاتەوە،بەاڵم نەیارەکانی ئەو دەرفەتە بە نرخەیان لەکیس نەدا، بۆیە زۆرینەیەکی پەرلەمانی تازەیان لە نێوان (پێنج ئەستێرە) و (پارتی دیموکراتی) دروستکرد، کە پێشتر ڕازی نەبوون، بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی هاوبەندی، دوای هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە، بە هیچ شێوەیەک لە یەکدی نزیک ببنەوە. یەکەم هەنگاوی سالڤینیش دوای دەرچوونی لە حکوومەت، پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی هەڵبژاردنی بوو لەگەڵ پارتەکەی برلسکۆنی، کە چەندین ساڵە یاساغە، لەگەڵ (فاشیزمە تازەکان) لە پارتی (برایانی ئیتاڵیا)، ئەوانەی کردیانە ڕابەری بێ ڕکابەری هاوپەیمانییەتییە ڕاستڕۆیەکە، ئەوی تاکو ئێستا لە هەموو هەڵبژاردنە ئەنجام دراوەکانی خۆمالی براوە بووە.

پارتی (فۆکس) لە ئیسپانیا

لە دیمەنی ئیسپانیاشدا، دیارترین ڕووداو، دەرکەوتنی ڕاستڕۆی توندڕۆ و چوونی بۆ نێو پەرلەمان بوو، بۆ جاری یەکەم، دوای مردنی جەنەرااڵ فرانکۆ،لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا. ئاماژەی یەکەم بۆ گەڕانەوەی ڕاستڕۆی ئیسپانی توندڕۆ، لە بەهاری پارەکە دەرکەوت، ئەوکاتەی پارتی (فۆکس) توانی 10کورسی پەرلەمانی لە هەرێمی ئەندەلوس بەدەست بهێنێت، بە هاوپەیمانیەتیشی لەگەڵ (پارتی میللی) و بزوتنەوەی (هاوواڵتیان) دا، توانی (پارتی سۆشیالیست) لەدەسەاڵتی هەرێمەکە لا بدات، کە پارتی سەرەکی هەرێمەکە بوو و لەوتەی دیموکراتیش بۆ وڵاتەکە گەڕاوتەوە، دەسەاڵتی هەرێمەکەی بەدەست بوو. پاشان فۆکس چووە نێو پەرلەمانی نیشتمانی، لە هەڵبژاردنەکانی گشتیدا، ئەوەی لە بەهاری ڕابردوو ئەنجام درا، بەاڵم ژمارەی کورسییەکانی لە 20 کورسی زێدەتر نەبوو، ئەوەش لە دەرەوەی بازنەی کاریگەرییەکان لە چالاکی پەرلەمانیی هێشتیەوە، ئەوی چەندین مانگ خەریکی پێکهێنانەی زۆرینەیەک بوو، کە ڕێگەی پێ بدات حکوومەتێکی سەقامگیر دروست بکات. دوای ئەوە پارتە سیاسییەکان نەیانتوانی حکوومەت دروست بکەن، ئیسپانیا، لەسەرەتای مانگی ڕابردوودا، هەڵبژاردنێکی تازەی ئەنجام دا، کە گەورەترین شتی چاوەڕوان نەکراوی ئەوەبوو، پارتی فۆکس توانی 52 کورسی بەدەست بهێنێت، بەمەش بووە سێیەم هێزی سیاسیی لە ئیسپانیا، دوای کەمتر لە شەش ساڵ لە دامەزراندنی پارتەکەدا. بێشک ئەو هەڵکشانە خێرایەی ڕاستڕۆی تونددڕۆ لە ئیسپانیا، بە شێوەی سەرەکیی بۆ قەیرانی جوداخوازی دەگەڕێتەوە، ئەوەی لە پاییزی ساڵی 2017لە کەتەلۆنیا سەری هەڵدا، دوای ئەوەی پارتەکانی ئەوێ، داوای سەربەخۆییان کرد، بە ڕێکخستنی گشتپرسی لەبارەی مافی چارەنووسی هەرێمەکە، لە گژنێیەکی زەق بۆ بڕیاری دەستووری، بەوەی ڕەوا نییە، حکوومەتی ناوەندییش، هۆشداریی هەڵوەشاندنەوەی گشتپرسی و جیابوونەوەی دا و داموەزگاکانی کەتەلۆنیای خستە ژێر کارگێڕی نیشتمانییەوە. پارتی فۆکس سوودی لە زەلێن لە ڕووبەڕووبوونەوەی گژنێیی جوداخوازی وەرگرت، یەکەم لە لایەن حکوومەتی (پارتی میللی) پاریزگار، کە لەسەردەمی ئەودا،جەماوەریەتی بزووتنەوەی جوداخوازی زێدەتر بوو، بەر لەوەی بکەوێت، کاتێک بەهۆی هاوپەیمانیەتی نێوان هێزە چەپڕۆییەکان و ئەو پارتانەی داوای سەربەخۆیی دەکەن، متمانەی پەرلەمانی لەدەستدا، پاشان لەاڵیەن حکومەتی سۆشیالیستییەوە، کە مانەوەی بە پشتیوانی جوداخوازەکانی کەتەلۆنیا گرێدرابوو، ئەوانەی لە قۆڵ بدانی نەوەستان، تاکو لە سەرەتای ساڵی 2019دا کەواندیان. بە پێچەوانەی ڕەوشی ئیتاڵیا، کە پارتی هاوبەندی تونددڕۆ، هەژموونی خۆی بەسەر دیمەنی ڕاستڕۆدا سەپاند و بااڵیشی بەسەر هاوپەیمانییەتی هێزە پارێزگارەکان کێشا، پارتی فۆکس، هێشتا نەیتوانیووە سەرووی دیمەنی ڕاستڕۆیی لە ئیسپانیادا بگرێت، هەرچەندە لەماوەیەکی کورتدا دوای دامەزراندنی، توانی بەخێرایی و بە توندی هەڵکشێت. بەاڵم بێشک قەیرانی جوداخوازی، کە هیچ چارەیەکی نزیکی لە ئاسۆدا بەدی ناکرێت، بۆی هەیە دەستگری پێویست بەڕاستڕۆی تونددڕۆ بدات، بۆ ئەوەی هاوکێشەی سیاسیی لە ئیسپانیا سەراوژێر بکات.

سەرچاوە: www.aawsat.com

زمانی ژمارە

بارودۆخی منداڵانی جیهان لە ساڵی 2019دا

ئا: هەندرێن شێرزاد

44%ی کۆی منداڵان لە سەرتاسەری جیهان بێبەشن لە هەموو جۆرە سەوزە و میوەیەک.

59%ی خۆراکی منداڵانی جیهان دووەو لە هەموو سەرچاوەیەکی گیانەوەریی پێویست .

منداڵان و گەشەی تەندروست

لە زۆر ناوچەی جیهان ، ڕێژەیەکی زۆری منداڵان لەبەر چەندین هۆکار لە گەشەکردنی تەندروست دوورن:

لە ڕۆژهەاڵتی ئاسیا و ئۆقیانووسی هیندی: 17.2%.

لە باشووری ئاسیا: 49.9%.

لە ڕۆژهەاڵت و باشووری ئەفریقیا : 41.1%.

لە ئەمەریکای الاتین و زەریای کاریبی: 16.5%.

لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا: 32.4%.

لە ڕۆژئاوا و ناوەڕاستی ئەفریقیا: 39.4%.

لە ئەمەریکای باکوور: 11.6%.

لە ئەورووپای ڕۆژهەاڵت و ئاسیای ناوەڕاست: 22.5%.

لە 2018دا

200.000.000 منداڵی خوار تەمەنی 5 ساڵی بە دەستی کورتەباڵیی و الوازی جەستەییەوە نااڵندوویانە.

340.000.000 منداڵ بە دەستی برسیەتیەوە نااڵندوویانە.

29.000.000 منداڵ لە ناوچەکانی شەڕ یان ئەوانەی کەوتونەتە ژێر کاریگەریی کێشەکان لەدایک بوون.



مانشێت




ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
وەزارەتی دادی ئەمەریکا چەند سەربازێکی چینی بەوە تۆمەتبار کرد کە لە ڕێگەی هاککردنەوە دۆسیەی 145 ملیۆن کەسیان لە مالپەڕی کۆمپانیای ئۆکیوفاکس دزیوە.



ئیلاف:
لە ڕۆژئاوای کابۆلی پایتەختی ئەفغانستان کەسێک خۆی تەقاندەوە و لە ئەنجامدا ژمارەیەک خەڵک بوونە قوربانی.



ئەی ئێف پی:
باهۆزی کیارا لە چەند وڵاتێکی ئەورووپا هەڵیکرد و بووە هۆی کوژرانی 7 کەس و زیانێکی ماددی گەورەشی لەدوای خۆی بەجێ هێشت.



سپۆتنیک:
ئەمەریکا نیگەرانی خۆی پیشان دا لەوەی ماوەیەکە چەند جارێک مانگە دەستکردە ڕووسیەکان لە مانگەکانی ئەمەریکا نزیک کەوتوونەتەوە.



سی ئێن ئێن:
لە شاری نیویۆرکی ئەمەریکا بەهۆی ڕووداوێکی تەقەکردنەوە پۆلیسێک بریندار بوو.



کەنالی ئارتی:
لە ڕاپۆرتێکی نهێنی نەتەوە یەکگرتوەکاندا هاتووە کە بەدرێژایی ساڵی 2019 کۆریای باکوور هەوڵی پێشخستنی پرۆگرامی ئەتۆمی خۆی داوە ، ئەمەش پێچەوانەی بڕیاری ئەم ڕێکخراوەیە.

ئەو وڵاتانەی پشت بە ڕێژەی زۆرترین داهاتی گەشتوگوزار دەبەستن


داهاتی گەشتیاری ماڵدیف بەرزترین داهاتی نیشتمانییە لە ئاستی جیهان بە ڕێژەیی 38.9%

1	Maldives	38.92
2	British Virgin Islands	32.96
3	Macao	28.05
4	Aruba	27.64
5	Seychelles	25.74
6	The Bahamas	19.23
7	Vanuatu	18.16
8	Cabo Verde	17.66
9	St. Lucia	15.61
10	Belize	14.95
11	Fiji	14.09
12	Malta	14.08
13	Cambodia	13.72
14	Barbados	13.13
15	Antigua and Barbuda	13.09
16	Dominica	12.33
17	Montenegro	11.67
18	Croatia	11
19	Sao Tome and Principe	10.63
20	Jamaica	10.48
21	Thailand	9.82
22	Georgia	9.36
23	Philippines	8.7
24	Kiribati	8.66
25	Iceland	8.63

ئا/ نادر روستی

گەشتوگوزار وەک کەرتێکی ئابووری و یەکێک لە سەرچاوەکانی داهات ڕۆڵیکی زۆر گرنگی لەجوڵاندنی بازاڕ و پێشخستنی ئابووری و بووژانەوە و پێشکەوتنی سەرجەم لایەنەکانی دیکەی ژیان هەیە و پاڵپشت و یارمەتیدەرە بۆ بەهێزبوونی کەرتەکانی وەک:(کشتوکاڵ، پیشەسازی، بازرگانی...).

بەهێزی پیشەسازی گەشتوگوزار بەجۆرێک کاری کردۆتە سەر بۆچوونی هەندێک تاکی کۆمەڵگە، کە وابزانن زۆرێک لە وڵاتانی جیهان پشت بە داهاتی کەرتی گەشتیاری دەبەستن، تەنانەت بۆچوونی وا هەیە کە وابزانن گەشتوگوزار تاکە داهاتە بۆ چەند وڵاتێک، بەڵام ڕاستی بابەتەکە بەم جۆرە نییە، بۆیە لەم بابەتە بە داتا ڕاستییەکان ڕوون دەکەینەوە.

ڕاستە گەشتوگوزار بۆتە یەکێک لە داهاتی سەرەکی ژمارەیەک لە وڵاتانی جیهان، بەڵام تاکە داهات نییە و هەرگیز نەبۆتە داهاتێکی سەرەکی بۆ هیچ وڵاتێک، بەڵکو بەڕێژەیەکی دیاریکراو بەشداری داهاتی وڵاتان داکات، داهاتی گەشتوگوزاری جیهان زیاتر لە 8 تریلۆن و 272 ملیار دۆلارە کە بە ڕێژەی 10%بەشداری داهاتی جیهان دەکات، ئەمەش لە وڵاتێکی بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە. بە شێوەی گشتی داهاتی گەشتیاری (GDP) هەرێمێک لە وڵاتانی گەشتیاریش کە گەشتیاریان بۆ دەچێت بە ئاست و ڕێژەی جیاواز سوودی لێ وەردەگرن و بەڕێژەی جیاواز داهاتی گەشتیاری بەشداری لە داهاتی نیشتمانی وڵاتەکان(GDP) دەکات. بەرزترین ڕێژەش کە لە ساڵی 2018تۆمارکراوە لە دوورگەیەک بووە بە ناوی وڵاتی ماڵدیڤ کە لە 38.92 % بووە. وەک ئاماژەم بۆی کرد وڵاتانی جیهان سەرچاوەی جۆراوجۆریان بۆ کۆکردنەوەی داهات هەیە، تەنیا پشت بە یەک سەرچاوەی داهات نابەستن، بەڵکو سوود لە کەرتەکانی وەک پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵ و وزە و گەشتوگوزار و تەکنەلۆژیا...وەردەگرن. گەشتوگوزار یەکێکە لە سەرچاوەی داهات بۆ ژمارەیەک لە وڵاتانی جیهان، هەر وڵاتێکیش بە ڕێژەی جیاواز داهاتی گەشتوگوزاری بە دەست دەکەوێت. بە پێی ڕاپۆرتێک کە لە ژمارەیەک ماڵپەری ناسراوی جیهانی بڵاوبۆتەوە، یەکێک لە ماڵپەڕەکانیش بریتیە لە The Telegraph لە ڕاپۆرتەکیدا ناوی 20وڵاتی لە لیستێکدا تۆمارکردووە کە بەرزترین ڕێژەی داهاتیان لە گەشتوگوزار دەست دەکەوێت. لە ناوی ماڵدیڤ وەک یەکەم وڵات بە بەرزترین ڕێژە دەست پێدەکات ودواتر دورگەکانی بەریتانیا و ماکاو و ئەرۆبا و کۆمەڵێک دوورگەی تری ڕیز کردووە و بە بە ناوی بەربادۆس و دۆمنیکا و مۆنتیگرۆ کۆتای دێت، دوا ناو مۆنتیگرۆیە کە ڕێژەی داهاتی لە 11%ی تۆمارکردووە (سەیری خشتەکە بکە). بەڵام وڵاتە دیار و بەناوبانگەکان کە زۆرترین گەشتیار سەردانیان دەکەن وەک پێشتر ئاماژەم بۆیان کرد، ڕێژەی داهاتی گەشتیاریان ناگات بەڕێژەی لە 10%، بەو هۆیەی کەرتەکانی تر بە ڕێژەیەکی بەرز لە داهاتی وڵات بەشدارن. لێرە تەنیا چەند وڵاتێک بە نموونە وەردەگرین تا بزانین داهاتی گەشتیاری بە چ ڕێژەیەک لە داهاتیان بەشدارە. بەپێی ڕاپۆرتێکی ساڵی 2019 ماڵپەری کەناڵی جەزیرەی عەرەبی هەندێک لە وڵاتانی ئابووریان باشە، بەم شێوە بەشدارن :(پورتوگال9.2 % مەکسیک 8.6% ئایسلەند 8.4% فەرەنسا 7.1%،یۆنان6.4 % ئیتالیا 6% تورکیا 4.3 % ئەڵمانیا 3.9%بەریتانیا 3.7 %هەریکیک لە وڵاتانی ژاپۆن و ئەمریکا کە سەرتۆپی ئابووری جیهانن و وڵاتی ئەمریکا لە 5 ساڵی ڕابردوو لە داهاتی گەشتیاری یەکەمی جیهان بووە، داهاتی گەشتیاری لە ساڵی 2018 گەیشتە 214ملیار دۆلار بە ڕێژەی 2.7% بەشداری داهاتی وڵاتی ئەمریکا بووە، ژاپۆنیش 1.9%بووە. بە پێی ئەم زانیاری و سەرچاوانەی سەرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هیچ وڵاتێک لە جیهان بە تەنیا پشتی بە کەرتی گەشتیاری یان کەرتی کشتوکاڵی یان کەرتی پیشەسازی یان بازرگانی نەبەستووە، باشترین نموونەش وڵاتە پێشکەوتووەکانن کە زۆرترین ژمارەی گەشتیار سەردانیان دەکەن و زۆرترین داهاتیان لە کەرتی گەشتیاری دەست دەکەوێت، بەڵام بەو هۆیەی گرنگیان بە کەرتەکانی دیکەش داوە ڕێژەی بەشداری داهاتی گەشتیاری ناگاتە 10 %بۆیە ئەگەر هەرێمی کوردستان بتوانێ کەرتی گەشتیاری شان بەشانی کەرتەکانی تری ئابووری پێشبخات و ڕێژەی بەشداری کەرتی گەشتیاری بگەینێتە لە 5% واتە ڕێژەیەکی باش دەبێت،بە پێی هەندێک سەرچاوەی نافەرمی داهاتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان ناگاتە ڕێژەی 2%ی کۆی داهاتی هەرێم، کە ئەمەش ڕێژەیەکی نزمە. بەڵام ئەگەر تەنیا گەشتیاری پێش بکەوێت و داهاتی زیاد بکات ڕەنگە ئەو کات ڕێژەکە لە 5% بەرز بێتەوە بۆ 15% بەڵام بۆ ئابووری وڵات باشتر وایە سەرجەم کەرتەکان بەیەکەوە گەشە بکەن.

سەرچاوە

https://www.alarabiya.net-
wwwJ:www.al-jazirah.com
www.wttc.org
https://www.telegraph.co.uk

پەساپۆرتی سلێمانی زانیاری بە کۆمپانییاکانی گەشتیاری دەدات

بۆ ئاشنابوونیان بە شێوازی مامەڵەکردن بە شێوەیەکی دروست و دووربوون لە هەڵە و کەموکورتی و ڕێگریکردن لە هەندێک ئەگەری نەخوازراو، بەڕێوەبەرایەتی پەساپۆرتی سلێمانی بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵەی کۆمپانییاکانی گەشتیاری لقی سلێمانی سمینارێکی بۆ زیاتر لە 30 کۆمپانیا ڕێکخست و چەندان زانیاری لەسەر دەرهێنانی پەساپۆرت و جۆرەکانی و مامەڵە پێوەکردن ودۆزینەوەی هەڵە و کەموکورتی پێشکەش بە بەشداربووان کرا. سەرۆکی کۆمەڵەی کۆمپانییاکان لەم بارەیەوە بە خەباتی ڕاگەیاند: کۆمپانییاکان زۆر سوودمەند بوون لەو زانیارییانەی پێشکەشیان کرا، زۆر لایەنی شاراوە هەبوو نەمان دەزانی، ئەم زانیارییانە هاوکار دەبن بۆ باشتر ڕایکردنی مامەڵەی هاوواڵاتی و گەشتیاران. لەسەر خواستی کۆمپانیاکانیش سمینارێک لە بەڕێوەبەرایەتی نشینگە بۆ کۆمپانیاکان ساز دەکەین، بۆ ئەوەی لە ڕووی مانەوەی گەشتیار و شێوازی مامەڵەکردنی دروست باشتر شارەزا ببین.





کەی چیای گارە بە گەشتیاری دەکرێ؟


چیای گارە

چیای گارە بە دووری 40کم دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری دهۆک، دەکەوێتە ڕۆژئاوا قەزای ئامێدی، 2151مەتر لەئاستی دەریاوە بەرزە، لەبەشی باکوردا دەروانێتە سەر شوێنەکانی گەشتیاری سەرسەنگ و ئاشاوا. چیای گارە بە داروەدرخت داپۆشراوە، لە بەهار و هاوین ئاوهەوایەکی گونجاوی هەیە و دیمەنێکی جوانی بەدەوروبەری خۆی بەخشیوە و سەرنجی گەشتیاران ڕادەکێشێت لە زستان بە بەفر داپۆشراوە و دەبێتە پێگەی گەشتیاران و هاووڵاتیان، بەهۆی زۆری گەشتیاران لە ڕۆژانی پشوو ڕێگاکانی هاتووچۆ سەخت دەبن. بەهۆی گونجاوی بۆ گەشتیاری لە ساڵی 1989لەسەردەمی بەعسدا کۆشکێک بۆ سەدامی سەرۆکی ئۆکسجینی تێدا دروستکردنی پرۆژەیەکی گەشتیاری کە تەلەفریکێکی لەسەرسەنگ بۆ چیای گارە لەخۆگرتووە، بەپێی سەرچاوەیەک لە گەشتوگوزاری دهۆک لە ئایندە پرۆژەکە زیندوو دەکرێتەوە و دەچێتە بواری جێبەجێکردن.

سەرمای زستان بازاڕی گەشتیاری گەرم دەکات


چیای حەسەن بەگ

هەندێ جار بەفر ژیانی لادێنشینەکان سەخت و ناخۆش دەکات، بەڵام دەکرێ ناخۆشی و سەختییەکان بگۆڕین بە خۆشی و بە داهات بۆ هاووڵاتیان، بەتایبەت کاتێک سەرمایەداران چالاکی و پڕۆژە لە شوێنە بەرزەکان و لە ناو بەفر دەکەن و هێز بە گەشتوگوزاری زستانە دەدەن و هەزاران گەشتیار بۆ ناو خزمەتگوزاری و پڕۆژەکانی زستان ڕادەکێشن. سەرەڕای کە بەفربارین گەشتیاری زستانە بەهێز دەکات و بازاڕی شوێنەکانی گەشتیاری گەرم دەکات، سەرنجی هاووڵاتیان بۆ ناو سروشت و دیمەنی بەفری زستان ڕادەکێشێت، لە هەمان کات دەبێتە هۆی زیادکردنی سەرچاوەی ئاوەکان بە تایبەت کانی و ڕووبارەکان، لە لایەکی دیکەوە سەوزای و داروەدرخت تێرئاو دەکات، هەوا فێنک و شیاو و لەبار دەکات، هەموو ئەمانە وادەکەن کە ژمارەی گەشتیاران لە زستان و لە بەرهار و لە هاوینش زیاد بکات و بازاڕی گەشتیاری گەرمتر بکات.



بەهۆی باردۆخی نائارامی عێراق
هەولێر یارییەکانی یانەی شورتە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا لە ئامێز دەگرێت

ئا:سەرهەنگ نەجمەدین

لەقۆناخی کۆمەڵەکانی گرووپی Aی خولی یانە پاڵەوانەکانی تۆپی پێی ئاسیادا هەردوو یانەی شورتە و ئیستقلالی ئێرانی لەیاریگای نێودەوڵەتی فرەنسۆ هەریری بەیەکگەیشتن، یارییەکە بەیەکسانبوونی هەردوولا بەگۆڵێک کۆتایی هات و هەردوولا خاڵێکی یارییەکەی بەرکەوت.

یەکێتی نێودەوڵەتی فیفا بەهۆی خراپی باردۆخی عێراق و خۆپیشاندەرانی ناوەراست و خوارووی عێراق بڕیاریدا سەرجەم یارییەکانی یانەی شورتەی عێراقی لەشاری هەولێر ئەنجام بدرێت ، یاریگای فرەنسۆ هەریری بەیاریگای یانەی شورتە هەژمار دەکرێت بۆ ئەنجامدانی یارییەکانی خۆی لە خولی پاڵەوانەکانی تۆپی پێی ئاسیا .

لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و بەئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆری هەردوو یانەکە، دووشەمەی رابردوو کاتژمێر 5?30ی ئێوارە بەکاتی هەرێمی کوردستان و لەیاریەکانی خولی پاڵەوانەکانی ئاسیا لەکۆمەڵەی یەکەم ، هەردوو یانەی شورتەی عێراقی و ئیستقلالی ئێرانی لەیاریەکی بەهێزدا لەیاریگای نێودەوڵەتی فرەنسۆ هەریری ڕووبەرووی یەکتربوونەوە.

لەدەستپێکی گێمی یەکەمی یاریەکە تیپی خاوەن یاریگا بەچەند هێرشێک تیپی بەرانبەری تاقیکردەوە و لەیەکەمین هێرشیدا یانەی شورتە لەرێگەی یاریزان مازن فەیاز توانی شوتێکی بەهێز ئاراستەی ناو گۆڵی یانەی ئیستقلال بکات ، بەڵام توێژەکە بەسەر ستوون چووە دەرەوە و یانەی شورتە دەرفەتێکی زێرینی لەدەستدا ، پاشان لەخولەکی 23دا بەهۆی هەڵەیەکی یاریزانی شورتەی عێراقی حسام کازم یانەی ئیستقلالی ئێرانی توانی گۆڵی یەکەم تۆمار بکات و جۆش و خرۆشی خستە نێو هاندەرانی یانەکە ، دوای ئەم گۆڵە یاریزانانی یانەی شورتە بۆ یەکسانکردنەوەی ئەنجامی یاریەکە چەندین هێرشیان دەهێنایە سەر تیپی میوان، بەڵام هەمووی بێ سوود بوون، دواجار لەکۆتاساتەکانی گێمی یەکەم یاریزانی یانەی شورتە عەلا عەبدولزەهرە دەرفەتێکی ئاسانی بۆ ڕەخسا شوتێکی بەهێزی ئاراستەی ناو گۆڵ کرد، بەڵام توێژەکە بەقاچی یاریزانێکی هێڵی بەرگری ئیستقلالی ئێرانی کەوت و ئاراستەی توێژەکە گۆڕاو چووە دەرەوەی یاریگا ، بەم شێوەیە گێمی یەکەمی یاریەکە بەتاکەگۆڵێکی بێ وەڵام لەبەرژەوەندی یانەی ئیستقلالی ئێرانی کۆتایی هات و ئەم گێمەیان بەم ئەنجامە بەرێکرد.



قلادیسلاف ڕۆژانە پێنج کاتژمێر راهێنان دەکات بۆ ئەوەی خەونەکەی بێتەدی

قلادیسلاف کۆرۆلچۆک -Vla dyslav Korolchuk کچە شەترەنجزانێکی تەمەن 10 ساڵانی وڵاتی ئۆکرانیایە، لە ماوەیەکی کەمدا فێرە شەترەنج دەبێت و هەر زووش ئەنجامی باشی لەسەر ئاستی ئۆکرانیا و ئەوروپا دەبێت، خەونی ئەو ئەوەیە ببێتە پاڵەوانی جیهان.

قلادیسلاف کە لە ساڵی 2010 لە شاری خمیلنتسکی لەدایک بووە، یاری شەترەنجی زۆر خۆش دەوێت و بەردەوام ئەو یاریە دەکات و دەڵێت: شەترەنج زۆر سوودی بۆ من هەیە و حەزەکەم بەردەوام ئەو یاریە بکەم، نامەوێ کاتی خۆم بە ئەتاری و یاریە ئەلیکترۆنییەکان بفەوتێنم، هەموو ئاواتم ئەوەیە ببمە پاڵەوانی جیهان کاتێک گەورە دەبم، بۆ ئەمەش ڕۆژانە 4 تا 5 کاتژمێر راهینان دەکەم و ئەو پلانانە جێبەجێ دەکەم کە راهێنەر ڕۆژانە بۆمی دادەنێت.

جێی باسە قلادیسلاف ساڵی 2019 لەسەر ئاستی ئۆکرانیا پلەی یەکەم و لەسەر ئاستی ئەوروپاش پلەی چوارەمی بەدەستهێنا بۆ خوار 10 ساڵان و لە ساڵی 2018 بەشداری پاڵەوانێتی جیهانی کرد بۆ تەمەنەکان.

شورتەی عێراقی و ئیستقلالی ئێرانی یەکسان بوون



هەردوو یانەی لەرێگەی هێڵەکانی ناوەراست و هێڵەکانی هێرشبردن پاڵەپەستۆیان دەخستە سەر گۆڵی یەکتری بۆ گۆڕینی ئەنجامی یاریەکە، بەڵام هەردوولا نەیانتوانی ئەنجامی یاریەکە بگۆڕن، بەمشێوەیە یاریەکە بەئەنجامی تاگۆڵێک بۆ هەردوولا بەیەکسانبوون کۆتایی هات و هەردوویانە بەخاڵێکی یاریە رازی بوون.

لەگێمی دووەمدا هەردوو ڕاهێنەر چەند ئاریزانێکیان بۆ بەهێزکردنی پێکهاتەی تیپەکە ئالوگۆڕ کرد، ئەوەبوو لەگەڵ دەستپێکی یاریەکە ناوبژیوان لەخولەکی 48دا لێدانێکی سزای بۆ یانەی شورتە هەژمار کرد، یاریزان عەلی فائیز توانی گۆڵی یەکەم وبەکسانبوون بۆ یانەی شورتە تۆمار بکات و ئەنجامی یاریەکەی هێناوە خاڵی سەرەتا ، پاش ئەم گۆڵە ئەمەی خوارەوەش ئەنجامی یاریەکانی دیکەی ئەم خولەیە ، یاریەکانی یانەکانی چینیش بەهۆی قایرۆسی کۆرۆناوە دواخران:

باختاکوری ئۆزباکستان- شەباب ئەهلی ئیماراتی 2-1

هیلالی سعودی- شاهر خودروی ئیرانی 2-0

وەحدەی ئیمارات- ئەهلی سعودی 1-1



ڕامۆس بەپێش مێسی کەوتەوە

سێرجیۆ ڕامۆسی کاپتنی یانەی ڕیال مەدریدسەلماندی کە شایانی نازناوی گۆڵکاری بەرگریکارە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی لە دوا یاریداندا بەرامبەر ئۆساسۆنا گۆڵێکی دیکەی تۆمارکرد.

بەم گۆڵەش ڕامۆس بووە یەکەم یاریزان کە لە 17 ساڵی یەک لەدوای یەک لە لالیگا گۆڵ تۆمار بکات، کە بەپێش هەریەک لە لیۆ مێسی و ڕائۆل گارسیای ئەتلەتیک بیلباو کەوتەوە، کە ئەمانە لە 16ساڵی یەک لەدوای یەک لە لالیگا گۆڵیان تۆمارکردووە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed.12. Feb. 2020 No: (5931)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

دەرهێنەری لاو (لازیۆ زانا) فلیمی هەڵۆ بەرهەم دەهێنێت



بەرهەم شێخ عزەدین

لەدیمانەیەکدا بۆخەبات کە لەژمارەکانی داهاتوو بڵاو دەبێتەوە دەرهێنەری لاو(لازیۆ زانا) دەربارەی دواپرۆژەی هونەری خۆی دەدوێت و دەڵێت:لە ئێستادا سەرقاڵی بەرهەم هێنانی فیلمیکی سینەمایین بە ناوی هەڵۆ لەگەڵ ستافێکی ئەزیز و بە توانا ، لە ئێستادا قۆناغی وێنەگرتن کۆتای هاتووە و لە هەفتەی ئایندا ئەرێینە قۆناغی پۆست پرۆدەکشن، فیلمەکە لە نووسینی خۆمە، ئەم فیلمە باس لە چیرۆک نووسێک ئەکا چیرۆکێک لەسەر کەسێک بە ناوی هەڵۆ ئەنووسێ، زیاتر لە (50) ئەکتەر بەژدارن تیایدا ئەکتەرە سەرەکیەکان:(حەمە عەلی خان، ئاکۆ ڕەش، داریاس سەلام) ماوەی 6 ڕۆژ کاری وێنەگرتنی بۆ کراوە لە سلێمانی و دەرەوەی شار.ئەوەدەرهێنەرە زیاتر گوتی:پێم باشە پشتگیری گەنج بکەن و هاوکارمان بن چ لەڕووی مادی و مەعنەوی ئێمەی گەنج توانامان هەیە تکایە با ئەو توانایەمان نەمرێ پشتگیری گەنج بکەن نەوەی داهاتوون بە تایبەتی لایەنی سینەماو بەرهەمهێنانی و هیوادارم دژە بەرایاتی کەسانی هونەرمەند لە نێوان ئەکادیمی بوون و نا ئەکادیمی بوەستێت و هەمووی پشتگیری یەکبن تا بتوانین سینەماو هونەر لەوڵاتەکەمانا پێش بخەین.

ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا ڕووبەڕووی هێرشی کوللە بۆتەوە



شەپۆلێکی گەورەی کوللەی بیابان ماوەی سێ مانگە ڕووی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا کردووە و ڕۆژانە 150 کیلۆمەتر ڕێگا دەبڕێت، بەختیاریەکی بەرچاو بڵاودەبێتەوە و بووەتە مەترسی لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان. ئەم شەپۆلە دوابەدوای کینیا، سۆماڵ و ئەسیوپیا گەیشتە ئۆگەندا و تانزانیا، هاوواڵتیان لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان گرتەی ڤیدیۆیی هاتنی ئەو لێشاوە ترسناکەیان بڵاوکردووەتەوە و حکوومەتی ئەو وڵاتانەش بۆ ڕێگریکردنی بەپەلە لەم میوانە ناوەختە کەوتوونەتەخۆ. ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان ناسراو بە "فاو"، ڕایگەیاند "کولەی بیابان بووەتە هەڕەشەیەکی بێوێنە لەسەر ئاسایشی خۆراک و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دۆخە بە بەهای 70 ملیۆن دۆلار هاوکاری بەپەلەی پێویستە".جێی ئاماژەیە بەپێی ئەو لێشاوەی ئێستا، لە هەر کیلۆمەتر دووجادا نزیکەی 40 - 80 ملیۆن کوللە هەن و تەنها لە ماوەی یەک ڕۆژدا بەشی خۆراکی 35 هەزار مرۆڤ لە زەوییە کشتوکاڵییەکان دەخۆن.

ئەپڵیکەیشنی «friended» رکابەرە نوێیەکەی فەیسبووک



بە مەبەستی پێشبڕکێ کردن لەگەڵ ئەپڵیکەیشنە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەدا وەک فەیسبووک و تیکتۆک و ئەپلیکەیشنەکانی دیکە، دوێنێ ئەپلیکەیشنێکی تازە ڕاگەیەنرا کە پێی دەگوترێت «friended».

ئەم ئەپڵیکەیشنە تازەیە ستراتیجێکی جیاواز بەکاردەهێنێت بۆ پەیوەندی ئەلیکترۆنی، لێپرسراوانی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکەی ئەم ئەپڵیکەیشنە دەڵێن: بەکارهێنەری ئەپلیکەیشنی فرێندید دەتوانێت هەست و باوەڕی خۆی بە هاوڕێکانی ڕابگەیەنێت و ئەوانیش وەڵامی بدەنەوە بە شێوەیەکی تایبەت کە بیرو بۆچوون و ئامۆژگاری و بیرو ڕای خۆیانی تێدا ڕوون بکەنەوە.

هەر وەک ئەپڵیکەیشنەکانی دیکە هەموو بەشداریک دەتوانێت کۆمێنت لەسەر بڵاوکراوەکان بدات و خاوەنی بابەتەکەش ڕای خۆی لەسەر کۆمێنتەکان دەربڕێت، بەڵام جیاوازی لەوەدایە لە کاتی وەڵامدانەوەی بڵاوکراوەکەدا ئیتر گفتوگۆکە دەبێت بە تایبەت و بێجگە لە خاوەن کۆمێنت و خاوەن بابەتەکە کەسی دیکە ناتوانێت ببینێت.

شایەنی باسە داهێنەرانی ئەم ئەپڵیکەیشنە دەڵێن: ئامانج لەم ئەپڵیکەیشنە ئەوەیە کە مرۆڤ لە کاتی ناڕەحەتی و لاوازیدا بتوانن دەرفەتێک بدۆزنەوە و هەست بە تەنیایی نەکەن، بۆیە دروشمەکەشیان دەڵێت : (لەمەولا نابێت کەس هەست بە تەنیایی بکات).

هەروەها خاوەنی کۆمپانیاکە دەڵێت: مرۆڤی ئێستا لە جاران زیاتر هەست بە تەنیایی دەکات و بەشێک لە بەرپرسیاریەتیەکە لە ئەستۆی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە کە دەرفەت نادات مرۆڤ بە ڕاشکاوی هەست و کێشەکانی خۆی دەربڕێت.

دابەشکردنی خەڵاتەکانی OSCARS







– لە شاری لۆس ئەنجلس سەربە ویلایەتی کالیفۆرنیا باشووری ڕۆژئاوای ئەمریکا، نەوەد و پێنجەمین مەراسیمی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکار بەڕێوەچوو:

ئەمسااڵیش خەڵاتەکانی ئۆسکار دابەشکران و فیلمی "مشەخۆر" دروستکراوی کۆریای باشوور توانی خەڵاتی "باشترین فیلم" بەدەستبهێنێت، ئەمەش یەکەمجارە ئەو خەڵاتە بدرێتە فیلمێک کە ئینگلیزی نەبێت.هەروەها فیلمی "مشەخۆر" خەڵاتەکانی "باشترین فیلمی نێودەوڵەتی" و "باشترین سیناریۆی ئۆرجینااڵ"ی وەرگرت، دەرهێنەری فیلمەکەش بۆنگ جوون هۆ بووە براوەی خەڵاتی "باشترین دەرهێنەر".لەلایەکی دیکەشەوە خەڵاتی "باشترین ئەکتەری ژن" بەخشرایە ڕینەی زەڵۆیگەر بۆ ڕۆڵبینینی لە فیلمی "جودی".خەڵاتی "باشترین ئەکتەری پیاو" بەخشرایە واکین فینیکس بۆ ڕۆڵبینینی لە فیلمی "جۆکەر".هەروەها لاورا دێرن توانی لە بەرامبەر ڕۆڵبینینی لە فیلیمی "چیرۆکی هاوسەرگیری" خەڵاتی "باشترین ئەکتەری یاریدەدەری ژن" بەدەست بهێنێت.خەڵاتی "باشترین ئەکتەری یاریدەدەری پیاو" بەخشرایە براد بیت بۆ ڕۆڵبینینی لە فیلمی "ڕۆژێک لە ڕۆژان لە هۆڵیود".

دابەشکردنی خەڵاتەکانی دیکەش بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو: باشترین موزیکی فیلم: فیلمی جۆکەرباشترین گۆرانی ڕەسەن: (من دەڕۆم) دووبارە منت خۆشبوێت،باشترین ماکیاژ و ڕێکخستنی قژ: فیلمی سەرسوڕهێنەر، باشترین سیناریۆی وریاکەرەوە: فیلمی جۆجۆی کەرویشک، باشترین ڕێکخستنی جلوبەرگ: فیلمی ژنی بچووک،باشترین ئیفێکتی بینراو: فیلمی 1917، باشترین چیرۆک: فلیمی فۆرد و فاراری، باشترین دەرهێنەری وێنەیی: فیلمی 1917، باشترین ڕێکخستنی دەنگ: فیلمی فۆرد و فاراری،باشترین میکساژی دەنگ: فیلمی 1917، باشترین فیلمی بەڵگەنامەیی: فیلمی کارگەی ئەمریکی،باشترین کورتەفیلمی بەڵگەنامەیی: فیلمی فێربوونی سکەیت بۆرد لە ناوچەی جەنگدا کاتێک تۆ کچێکیت باشترین فیلمی ئەنیمەیشن: فیلمی چیرۆکی ورچۆلە 4، باشترین کورتەفیلمی ئەنیمەیشن: فیلمی خۆشەویستی قژ باشترین کورتەفیلم: فیلمی پەنجەرەی ماڵە دراوسێ، باشترین دیزاین: فیلمی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە هۆڵیود، باشترین سینەماتۆگرافی: فیلمی 1917